# پڕۆژەی کتێبی دووەم:

# لە پەراوێزی (( ئەنفال ))دا

(( بەرگی دووهەم ))

نوسینی تەها سلیمان

2005

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

روونکردنەوەیەك

رێك لە ساڵی 1999 بەرگی یەكەمی كتێبی (( لە پەراوێزی ئەنفالدا )) م خستە كتێبخانەی كوردی و بەردەم خوێنەران ـ هەرچۆنێ بێ بەم كارەم بڕواناكەم خراپم كردبێ و بە پێچەوانەوە زوربەی ئەو بیروڕایانەی كە لەسەر بەرگی یەكەم هەبوون پشگیری و كۆدەنگیەكی گەورەبوون بۆم ـ بەڵام جێی خویەتی لێرەدا ئەو راستیە وەبیری گشت لایەك بخەمەوە كە جگە لەچەن كەسێكی كەم و دوای ئەوەی دەرگایەكی زۆرم كوتاو كەچی بەقەرزێكی زۆرەوە لێبوومەوە لە بەرگی یەكەمدا ـ هاوڕییانی چاپخانەی (( ئاسا ))ش لێبوردووانەو وشە دۆستانە تا ئەم ساتەش قسەیەكی تاڵیان نەدا لەرووم ـ ئەم هۆكارەش وای لێكردم دوابكەوم لە بەدوادا چوون و تەواو كردنی بەرگی دووەم و سێیەمی ئەم پرۆژە بچكۆلانە ـ هەر لێرەشدا ئەو راستی یە دوو بارە دەكەمەوە كە من زۆر بە ئامانەتەوە ئەوەی دوێنێ كردوومن و قسەم بوون لەسەر تراژیدیای ئەنفالی مەرگ هێنەر ، ئەمڕۆ خستوومنە دوو توێی لاپەڕەكانی ئەم هەوڵەوە ـ بە ئومێدی ئەوەی خزمەتێكی بچوكم كردبێ ـ

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

——

جیاتی پێشەكی :

هەقە بپرسین : ئایا پێشەكیەك هەیە بۆ وشە گەلێكی تاسەر ئێسقان ماتەم گیر كە گوزارەبن لە مەرگەساتی ئەنفال و دەرهاویشتە تاڵ و جەرگ بڕەكانی ؟ ئەنفال بەلای منەوە برینێكە سارێژ بوونی بۆ چەندین دەیەیی تریش مەحاڵە ـ روونتر  سانا نیە بۆ یەك دێڕو دەستەواژە لە سەر كارەساتی ئەنفال خۆبدەینە دەم شەپۆلی پێكی نوسیەوە ، بەڵكو هەردیمەنێكی ئەم كارەساتە لە رابووردوو  ئێستا و داهاتووشدا ، چەندین نیشانەی مەترسی هێنەری لە گەڵی خۆی هەڵگرتووە هەریەك لەوانەش

خوێندنەوەو تێفکرین و هەڵوستەیەکی مەعریفیانە لە ئاستیاندا پێویستە لەم روانگەیەشەوە ئەو ووتارو لێکوەڵینەوانەی لە دووتوێی ئەم بەرگەی (( لە پەراوێزی ئەنفالدا)) بەرچاوت دەکەون ، تەقەلاو هەولێکن لەو بوارەدا لەوەش گرنگ تر بەلای منەوە ئەوەیە کە ئێمە لە کاتی خوێندنەوە و قسەکردن و هەڵوێستە کردنمان تایبەت بە کارەساتی ئەنفال و رەهەندو دەرهاویشتەکانی دەبێ دوورکەوینەوە لە سەر ئێشەو نەخۆشی وشەو دەستەواژە رێکخستن یان هێنانی پێوەر گەلێك و کارکردن بۆ چەسپاندنی بەسەر لایەنە جیاجیاکانی کارەساتەکە (( ئەنفال ))، کەلە کاتێکا دوورو نزیك پێوەندییان پێوەی نەبێ جگە لەسەر ئێشەو بەدحاڵی بوون و دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکی تاوانی ئەنفال ئێمە سەرجەم بەرپرسیارین ؟ بەرپرسیارین لەوەی : کوا ، دید و خوێندنەوەی دروست بۆ کێشەی ئافرەتانی پاشماوەو پەراوێزی ئەنفال ؟ کوا ، خستنە روو و دۆزینەوەی رێگاچارەی گیروگرفتەکانی خەڵکی  پاشماوەی ئەنفال بەگشتی ؟ کوا ، خوێندنەوەمان بۆ دیمەنە دڵ تەزێنەکانی دوای ئەنفال وەك: ئیستا بوون ، تێك چوونی  باری دەروونی ، کێشە کۆمەڵایەتیەکان ، و زوری تر ؟ کوا کارکردنمان بۆ تێك شکاندنی مەترسییەکانی دووبارە بوونەی ئەنفال ؟ کوا ، رامان و تێفکرینەکانمان لە نیشانەکانی باگراوەندی ئەنفال ؟ زۆرو زۆری تر کەمن دڵنیام ئەم هەوڵەی منیش وڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانە نادەنەوە ، بەڵکو هێندە هەیە هەولێکەو لەنێو خودی برینی ئەنفالەوە خۆی راپسکاندوەو هاتوەتە دەرو بڕوام وانیە زیانی هەبێ بەبارێکی تردا بەڵکو دەشێ لەم هەوڵە متوازعەدا بەلانی کەم هەندێ پرسیار دروست بێ ، بۆ خۆی پرسیارکردن و پرسیار دروست بوون ، نیشانەی گوزارەیەکی بابەتیە ئەگەرچی کەمیش بێ لەگەڵ ئەوانەش گەر  بۆم بلوێ زۆر دژی ئەوەم (( ئەنفال )) و کاردانەوەو دەرهاویشتەکانی تەنها لە 4/14 دا بیرمان بکەویتەوە ، بۆنابێتە پانتایی قسەکردن و گفت و گۆی هەمیشەیی ، لە پێناوی بونیادنانی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ چارەنوسی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان

تەها سلیمان

---

بەشی یەکەم

# کاردانەوەی پەلاماری ئەنفال لە سەر ژنان

تەنها بە ژنان – ی پاشماوەی ئەنفال خۆیان پێشکەشە

لەجیاتی پێشەکی :

پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد لە ڕیزی پەلامارە دڕندانەو نامرۆییەکان دەژمێردرێ، کە لەلایەن رژێمی عێراقەوە ئەنجام دراو بە چەند قۆناغێکی جیاجیا گەیشتە چڵە پۆپەی تاوانە جیهانیەکان  بە مانایەکی تر کەم تاوانی جیهانی هەیە بگاتە ئاست و بارتەقای تاوانی ئەنفال مومکین نیەو ناشکرێ گوتاری ئەنجام دەری ئەم تاوانە وا بەئاسانی شی بکرێتەوەو لە تەم ومژو نهێنی بهێنرێتە دەر  بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە توانا نیە بۆ قسەکردن لە مەسەلەکی وا  هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا باگراوەندی ئەنفال

بۆسەر کورد چەندین لایەنی جوگرافی و ساسی و ئابوری و نیشتمانی و نەتەوەیی تیایە  دیارە بێ تێفکرین و خوێندنەوە و راڤەکردنی ئەو لایەنانە و خستنە رووی رەهەندەکانی تری ، کارێکە گومان لە زەرەرمەندبوونمان نیە و بەر لە هەر مەسەلەیەکی تریش پشت کردنە لە پرۆژەی  ناسین و سروشت و پێك هاتەی ( بەعس ) کە گوتاری گەورە و گرنگ  وەك دەشزانین ئاسان نیە لە یەك کاتدا سەرجەم لایەن و رەهەندەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەتان ( لایەنێکە لە لایەنە دیار و بەرچاوەکانی پەلامارەکە و خودی گوتاری ئەنفال . .

لێرەوە ئەوەندەی بوار هەبێ قسە لەهەر لایەنە دەکەین و ناوی چی لێ دەنرێ ، گرنگ ئێمە شۆڕ دەبینەوە بۆ نێو پانتایی ئەم برین و مەرگەساتە قسەیەك و دوان و سیان و تائەوەندەی ئیمکان دەبێ دەڕۆین و بە ئومێدی ئەوەی پرسیار گەلێکی لۆجییکی بێنینە ئاراو ئەوەندەشی دەمی چنێ  وەك دڵنیام وایە شارەزاو بایەخ داران بەم بوارە ئومێد وایە پڕی کەنەوەو قسەی تیا بکەن .

## ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بۆ ؟

هەر تاکێکی کۆمەڵی ئێمە دەگری لەوە ئاگادارە کەسەرجەم ئافرەتانی ئەم وڵاتە بەشی شێریان لەمەینەتی جۆراوجۆر و کێشە هەمیشەییەکان بەرکەوتوە  وەك لە بارودۆخە سیاسی و دژوارەکاندا ، لە شەڕە هەرێمایەتی و نێو خۆیەکاندا ، زەلیل بوون و تیاچوون بە دەستی داب و نەریتە باوەکانەوە ، قوربانی پلەیەکی ڕووداوە خێڵەکیەکان و هتد ئەمە جگە لەوەی چوارچێوەی خێزان بۆ خۆی بوەتە شوێن و جێگای ئەشکەنجە و مراندنی کەسێتی ئافرەت و داماڵینی لە هەموو بەها مرۆیی و توانا هەمە چەشنەکانی جا لە ئاوها دوخ و تەنگانەیەکدا بەشێك لەو ئافرەتانەی ئەمە وەزعیان بێ و هاوکات رووبەڕووی گەوورەترین مەرگەسات  ( پەلامای ئەنفالی 1988 ) ببنەوە دەبێ هاوکێشەی کێشەو مەینەتی و گرفتەکانیان تا چیئاستێ برواو چیپانتایەك لەجەستەی داهێزراوی کۆمەڵگادا داگیر بکات ؟ بە بڕوای من ئا لێرەوە نەك زەرورەتی وشەیەك و دوان چەند دێڕێك بەڵکو ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال و هاوکێشەی ژیان ومەینەتیەکانیان دنیایەك قسەو لێك دانەوە و خورد کردنەوە هەڵدەگرێ و دوای ئەوەش هێشتا مەسەلەکە ڕوون نابێ و دەرهاویشتەکانی رۆژ دوای رۆژ دەکەونە روو  وە پێ ناچێ بە چەندین ساڵ و دەیەی تریش مەرگەساتەکانی پەلاماری ئەنفال یەخەی ئافرەتان بەربدا و بواریان بدا بە ئاسودەیی  بژین . هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و قسەکردن لە سەر جەخت کردنەوەی ئەو راستیەی سەرەوەیە و هەوڵێکە لە ڕێگای ناسین و ئاسانکاری کردن بۆ رۆچوونە نێو کێشەکانی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال.

## پەلاماری ئەنفال و ئافرەت :

ئەوکاتەی کە پرۆسەی ئەنفال لە عەقڵ وگوتاری نامرۆیانەی "بەعس"دا گەیشتە لوتکەو بەچەند قۆناغێکی جیاجیا جیبەجێ کراو گوندەکان خاپور کران و سوتێنران ، خەڵکەکەش قەتڵ و عام و بێ

سەرو شوێنكران و بەشێك لە خەڵك لە پەراویز و پاشماوەی مەرگ دوستی ئەو پەلامارەدا قووتاریان بوو بۆدەست پێكیكی بابەتی بۆمان هەیە بپرسین : پرشی مەرگ دۆستانەو دژ مرۆیانەی ئەم پەلامارە تا كوێ و چی ئاستێك بەری ئافرەتان كەوت ، لە كاتێكا " بەعس" هیچ جیاوازیەكی لە نێوان پیاو و ئافرەت ، پیرو لاو منالٚ و گەورە ، پێشمەرگە و مەدەنی ، دا نەكرد؟ كاردانەوە و خراپیەكانی پەلاماری ئەنفال بۆسەر ئافرەتان كامانەن ؟ بێگومان لێرەوە بواری ئەوەمان دەبێ وردتر و روونتر بدوێین ، چونكە بە بەڵێیەكی تەواو بڕوا پێكراو ئافرەتان فراوانترین پانتاییان لە پەلاماری نەنفال دا گرتوە  بە ماناو تێگەیشتنێكی تر ئەگەر سالٚی "1988" سالٚی پەلاماری ئەنفال بوو بۆسەر كورد بوون و شوناسی نەتەوەییمان لەلایەن "بەعس"وە ئەوا هەر لەو ساڵە بەدواوە و تا ئێستا ئافرەتانی پەراوێز پاشماوەی ئەنفال گشت كاتەكانتان لە ئەنفالێكی بەردەوامدایە و قورس ترین دەردە كۆمەلاٚیەتی و ئابوری و دەرونی و خێزانیەكانی پەلامارەكە بەجەستە و هەست و نەستی ئەم ئافرەتانەوەیە  لێرەدا ئێمە دەتوانین بە وەرگرتنی چەند سەر درێرێك بچینە نێو باسەكەوە و قسە لەسەر گرێ و گرفتەكان بكەین وەك چارەنووسی نادیار ، زندان بۆ ئافرەتان  گەرانەوە لە زیدان ، بێ سەروشوێن بوونی كەس وكار، ئۆردوگا نشینی، بەڕێوەبردنی خیزان، كاركردن، كێشەی " شووكردنەوە شووكردن " كێشەی ئابوری، كۆمەلٚو ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال، و زۆر مەسەلەیتر كە پێم وایە رێگامان بۆ ئاسان دەكەن بابەتیانە و وەك پێویست لە كێشەی ئافرەتانی پاشماوەی بگەین وەكی تر بەم شۆەیەو زیاتر دەرگای باسێكی پوخت بكوترێ و ئەو پرسیارەی گرنگە یەخەمان رادەوەشێنێ دیارە بە بەرنەدانی سەرەداوی وەلاٚمی ئەو پرسیارەش بەرەو شۆڕبوونەوەیەكی بابەتی  هەنگاو دەنەین

## بەرەو چارەنوسێكی نادیار :

كەسێك نیە كە ئان و ساتی پەلاماری ئەنفالی بیر بكەوێتەوە راستەوخۆ نەچێتەوە لای تراژیدیای ئافرەت لەو كارەساتەدا .. ئافرەتێك دەستی مناڵەكانی گرتوە و بە پێی پەتی و بە رووخساری هەلٚبزركاوەوە پێلاٚوی جەلادێك ماچ دەكا تەنها بۆ ئەوەی لە پەلامارەكە رزگاری بێ ..ئافرەتێكیتر باوش بەلای مێردەكەیدا دەكاو دەلێ: بۆ مردنیش لەگەلٚ خۆتم ببە.. یەكێكی تر پڕ بە گەروو هاوار دەكا : كوا كچ وكوڕەكانم بۆ كوێ بران ..یەكێكی تر بۆ دواین جار دانەوێڵە دەكاتە بەردەم پەلەوەرەكان و دەرگای حەوشەش بە كراوەیی جێدێلێ ..یەكێكی تر سەرو بەتانی دەكاتە كۆلٚی مناڵەكانی و پێیان دەلێ : فرێیان نەدەن دوای لە سەرمانا رەق دەبنەوە ..یەكێكی تر قورعانی مزگەوتەكەی گوند دەباتە تكاو دەلێ : تۆ ئەگەر بە ئاگای ئەم ناهەقیە قبولٚ مەكە .. دەیان و سەدان ئافرەتی تر و نمونەی تر ..گومان لەوە نیە ئەمە نیشانە و سەرەتای چوون بەرەو دۆزەخێكی پڕاوپڕ لە ئاگر و ئافاتە .. ئەوان بێ ئەوەی سیاسەت بزانن لەوە گەیشتبوون كە ( بەعس ) تۆزقالێ ویژدانی نیە و ئەم راپێچ كردنەش سنوری نادیارترین مەودایە .. ئەگینا ئەو هەموو هاوارانە بۆ؟ ئەوەتا ( شەمسە محمد ) دەلێ : كە مالٚمان چۆلٚ

کردو لە ئاوایی دەرچووین هەر ئەوە نەبوو بمرین .. ئەگەر مناڵەکەت جێ بمایە نەتئەپرژایە سەری .. گیان سەختە و دەرناچێ .. خوا ئاگادارە ژنم دیوە بە دەم ڕێوە مناڵی بوە و جێیان هێشتوە .. کەس بە کەس نەبوە.. ئێژن رۆژی حەشر و نەشر هەیە ئێمە وە چاو خۆمان دیمان ..باشە خۆ ئێمە کافر نەبووین وا صدام وەهای پێمان کرد وەڵاهی کوڕەکەم خەریکە گشتم لە بیر ئەچێتەوە .. سوێم بوەوە و حەزرەت لە دڵم برِا خەبەرێکی کوڕ و کچەکانم نەزانی .. وا مردم و جا چیم ماوە ..سەرنجی نمونەیەکی تر بدە " فتحیە سەید رەزا " برِوا بکە براکەم نازانم چیت بۆ باس بکەم ..وەڵاهی حەز ناکەم ئەو کاتە بخەمەوە بیرم وا لە ماڵ و حاڵی خۆمان دەرکریاین ..ئەزانی بۆ ؟ لە بەر ئەوەی مەویسی خۆم و خزم و کەس و کارەکەم تێتە بەر چاو .. با پێت بێژم هیچ قەومێك وەك ئێمەی وەسەر نەهات .. ئەو بردنە کەس و کارەکانمانیان برد چاومان پێیان نەکەوت .. خۆی و خوا ئەزانێ چی پێیان کرد .. وەڵاهی لە بیرمە ساوە کۆرپەکانمان لە ناو کۆزەکەدا جێ هێشت کەس نەیزانی چی خواردیانی .. "یان ئەوەتا ئافرتێکی تر بەو پەڕی راستگۆییەوە دەڵێ : من ناوم ئامینەیەو خۆم و مناڵکانم لە ناو ئاوایدا لە پیاوەکەم دابرِیاین..ئەو رۆیی بۆ لای ڕان و منیش دەستی مناڵەکانم گرد و لە ئاوایی دەرچوویمان .. نەمانزانی بۆ کوێ برِۆین ..هەر چوار دەورمان شەڕ بوو .. لای بنەکەی خەپە کوێرەوە وتیان خەڵك گشتی ئەڕوا بۆ تەپەسپی و تەپە سەوز .. کە چوویمانە ئەورە وتیان بچن بۆ ملەسورە .. وەی باوکە رۆ کە گەیمانە ملەسورە کەس وەکەس نەبوو ..زیرِەی مناڵ و ژن ئەو ناوەی گردبوەوە ....گشتمان لە ملەسورە تەواو ترسمان لێ نیشت ..ئەوەی ناسیاری بوایە ئەهاتن بەشوێنیا .. وزە وز کەوتە ناو خەڵك و ئەیان وت بە خوا ئیتر سەر زەوی نادوێنین .. لە ملەسورە و ئەم لاتر گشتمانیان سواری ئیڤا و سەیارەی گەورەی عەسکەری کرد و بردمانیانە قۆرەتوو.. ئافرەتەکان تەنها شیوەن و رۆ رۆیان بوو .. سابەخوا هەر ئەوسا زانیمان دیارمان لێ مێرد و کەسەکانمان کەوتە قیامەت ..وە چاوی خۆم ئەمدی پیاوەکان تفەنگەکانیان فرِێ ئەدایە ناو کۆریان و کەندرِی باراناو "مرۆڤ دەتوانێ لەم سێ نمونەیە ئەوە تێبگا کە وەك وتمان پرشی گەورەیان بەرکەوتوە لە پەلاماری ئەنفالدا ئەو هەستە پڕ مەترسی‌یە لە گۆڕیشدا بووە کە ئەمە سەرەتایەکە و بەعس بەرە و چارەنەسێکی نادیاریان دەبا .. لە رێگەی هەنگاوێکی نارِەزاییانە بەرەو چارەنوسێکی نادیاری لەو چەشنەدا ئافرەتان بەخەستی بەرکەوتوون .. ئەوەتا ئافرەتێك دابرِاوە لە مێردەکەی و هەستی بەوە کردوە کە ئەمە دواین قسەو گفت و گۆیەتی لە گەڵیدا .. یەکێکی تر هەست دەکا گەورەترین برین کەوتۆتە جەستەی .. هاوکات و بۆسەلماندنی ئەو راستی‌یەی سەرەوە بەپێی هەموو راپرسی‌یەکان لە 99٪ دۆخی ئافرەتان وا بوە لە کاتی پەلامارەکەدا و دەتوانین سەرنجی ئەم خشتەی لای خوارەوە بدەین بۆ زیاتر بەرجەستە کردنی وێنەیەکی برِوا پێکراو :

خشتەی ژمارە ( 1 )

| ژمارە | چۆن دەرچوون لە | رۆژ یان شەو | ماڵتان پێ بوو | بە پێ یان بە سەیارە | پیاوتان لە گەڵ بوو یان | دەتانزانی بۆ کوێ دەبرێن |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماڵ | | | | نا | |
| یەك ئافرەت | ترسی کوشتن | شەو | نەخێر | بە پێ | بەڵێ | نەخێر |
| یەك ئافرەت | ترسی کوشتن | شەو | نەخێر | بەپێ | نەخێر | نەخێر |
| یەك ئافرەت | ترسی کوشتن | شەو | نەخێر | بەپێ | نەخێر | نەخێر |
| یەك ئافرەت | ترسی کوشتن | رۆژ | نەخێر | بە تراکتۆر | بەڵێ | نەخێر |

کەوا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی لە 1..٪ لە ترسی کوشتن و لە 99٪ بەشەو 1..٪ بە بێ ماڵ و ، دەرچوون لە ماڵ و 1..٪ نەیان زانیوە بۆ کوێ دەبرێن

زیندان مەڵبەندی کارەسات لێ بوونە وە :

ئەو ئافرەتانەی چارەنوسێکی نادیار چاوەڕێیان بوو کەوتنە زندانەکانی رژێم ، دیارە کەسێك نی یە بزانی رێژە و ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کەوتنە ناو بازنەی پەلامارەکوە چەندە ؟ چونکە ئەو ئافرەتانەی کەوتنە ناو بازنەی پەلامارەکەوە جیا لەوانەیان کە کەوتنە زندان ، وەك رەگەزی " نێر" پیاوەکان بێ جیاوازی بێ سەرو شوێن کران بە خۆیان و مناڵە گەورە وبەرمەمکەکانیانەوە وەك وتمان بەشێك لە ئافرەتان لە گەڵ پیاو و ئافرەتە پەککەوتەکان کەوتنە زندان ، وەك زندانەکانی " نوگرەسەلمان ، تۆپ زاوە ، دبز " دیارە لە کاتی کۆکردەوە و راپێچ کردنی خەڵك و بێ سەرو شوینکردندا " بەعس" بەم شێوە جیای کردوونەتەوە : - پیاو + ئافرەت " ی لاو لە گەڵ مناڵکانیان بە جیا هاوکات ئەمانەی بەم شێوە جیا کردۆتەوە :

ا/ پیاو بە جیا

ب/ ئافرەت و مناڵ بە جیا

ئافرەت و پیاوی پیر پێکەوەو بە جیا لە وانی پێشوو واتە بە سێ جۆر جیای کردوونەتەوە دوو جۆری یەکەم وەك تا ئێستا دیارە بێ سەر و شوێن کراون و سەرو سۆراغیان نیە جۆری سێیەمیش کەوتنە ئەو زندانانە ناومان هێنان کە پیر و پەککەوتە و بەشێکی کەم لە ئافرەتە لاوەکان و مێردمناڵ و مناڵیان لەگەڵ

---

1- شەمسە محمد : خەڵکی گوندی تەلآچەرمەڵە لە زندانی نوگرەسلمان هاتۆتەوە ٭ سێ کچی عازەب و دوو کوڕ و بوك و زیاتر لە (12 ) کوڕ و کچە زای بێ سەرو شوێنن

2- فەتحیە سەید رەزا : گوندی گەرمك لە زندانی نوگرەسەلمان هاتوەتەوە تەنها خۆی لە خێزانەکەیان رزگاری بوە

3- ئامینە : / گوندی قەلآ چەرمە مێردەکەی بێ سەروشوێنە ، خۆی و مناڵکانی لە نوگرەسەلمان هاتوونەتەوە دوو کچی لە نەگرەسەلمان لە برسانا مردوون

4- ملەسورە – ئەو گوندەی گەرمیان کە زوربەی دانیشتوانی ناوچەکەی تیا کۆبوەوەو لەوێوە بەرەو قۆرەتوو بەرێ خران

5- قۆرەتوو ناحیەیەکی سنوری قەزای خانەقینە و لە ساڵی 1988 – سەربازگەی رژێمی لێ بوو

بوو بۆ ئەوەی بەر لە هەر قسەیەك ویۆنەی راستەقینەی نێو ئەو زندانانە وەرگرین باشتر وایە چەند نمونەیەك ، تابە تەواوی لە عەزاب و مەینەتی ئەو ئافرەتانەی ئازاری زندانیان چەشتوە بگەین وەرگرینپورە جیهان : ئێمە لە داوییەوەهاتین بۆ قەلاّ چەرمەلەو لەوێشەوە بۆمله سورە .. بردمانیان بۆ قۆرەتوو ..دوو شەو لەو را ماینەوە و دوای خستمانیانە ناو سەیارەی گەورەی عەسکەری و بەرەو تۆپزاوە بردمانیان .. گشت مەخلوق لە تۆپزاوە خڕ بوو .. کەوتنە ناومان پیاوە گەنجەکان و مێرجمناڵ و کچەعازەکانیان لێمان جیاکردەوە و ئێمەش کە پیر و پەککەوتە بووین وە جیا کردمانیانە قاوشەکانەوە .. زۆر ئافرەتم وەچاو خۆم ئەدی وە زۆر لە مناڵکانیان جیا ئەکردەوە و کەس نەیئەزانی بۆ کوێی ئەوەن ..ئافرەتان گەرەکیان بوو لە مێرجەکانیان جیا نەکرێنەوە ئەمن و عەسکەرەکانیش وەشەق و سۆندە و زلە کێبڵ ئەکەوتنە گیانیان .. ئافرەتەکان لە هۆش خۆیان دەچوون .. ئێمە لە شوباکەکانەوە سەیرمان ئەکرد هەرچی پارەو جیسیە و دەفتر خدمە بە پیاوەکان بوو لێیان ئەسەندن ..دوای دوو سێ رۆژێ ئێمەیان خستە ناو سەیارەی مقەبەتەوەو نزیکەی چواردە سەعات ناو سەیارە بویمان ..خوا ئەو رۆژە بۆ نەمردین ..ئێمەیان بردە سەحرایەك وتیان ئەمە نوگرەسەلمانە وەك خوا کاول بێ ..لەوە را رۆژی یەك سەمونونیان ئەدا پێمان کە بەرازیش نەیئەخوارد .. ئاوێکی شۆری بوو ئەنشتنە ناومان و بێر دارکاریمانیان ئەکرد .. ئەسپێ و چڵك خواردمانی .. بە خوا وەم دوو بچاوە دیم چەند کچە عازەویان بۆ شەو و رۆژێ ئەبەستە پەنجەرەکانەوە .. گشتمان لە برسیا و لە تینیا وشك بویمانەوە .. نەخۆشی و ناوسك چوون زەفەری لیچمان هاورد و هەر رۆژێیەکێکمان لێ ئەمرد ..بە خوا هەر وەم دوو چاوەی خۆم دیم چاوی ژنێکیان وە قامچی کوێر کرد .. بە خوا کوڕم ئەوانە بێ دینن و هیچ رەحم لە دڵیاندا نیە نەزیرە علی جەوهەر : ئێمە لە گەڵ براو براژن و برازاکانم و برێ لە خزمەکانمان گشتمان وە یەکەوە بویمان .. لە سەرقەلاّ گردمانیان و تا قۆرەتوو و تۆپ زاوەش هەر یەکەوە بویمان .. بەلاّم لە تۆپ زاوە جیامانیان کردەوە و ئێمە و کۆمەڵێ خەڵکی تر نازانم چۆن بوو بەرنەکەوتین و بێ سەرو شوێن نەکرایاین ..ئێمەیان برد بۆ سجنی " دوبز " تەنیا ئافرەت و مناڵ بویمان .. ئافرەتمان لە ناوابوو منالچکانیان لێ سەند و تەنیا خۆی مایەوە .. چوار مانگ ئاگامان لە دنیا نەما .. نەمانزانی کەس و کارمان چیان وەسەرهات گشتمان ناو لەپ و بان دەستی خۆمان داخ کردبوو .. مناڵەکان ناوی خۆیان و باوکیان بە " خاڵ " لە سەر باڵی خۆیان کوتا بوو .. ئافرەتی وامان ئەدی دوو رۆژ مناڵکەی لە برسیا ئەگریا. سەد جار خۆزگەمان بە نەمانی خۆمان ئەخوارد .. زۆر ئافرەت لە " دوبز " منالی ئەبوو

دەتوانین لێرەدا لەم خستەیە ورد بینەوە کە راپرسی یەکە بیست ئافرەتی زندانی دەگرێتەوە خۆ و لە زندانی نوگرەسلمان و دبز بوون ، وە بە چاوی خۆیان جۆرەکانی مەینەتی و نارەحەتی ناو زندانانەی رژیمیان دیوە ئەڵبەت ئەم خشتەیە و خشتەکانی داهاتووش کار ئاسانیمان بۆ دەکا بۆ تێگەیشتنی زیاتر و وێنەی بەرجەستەتری ئافرەتان لە پەلاماری ئەنفالدا

| ژماری ئافرەت بەپی تەمەن | لە چی زندانیك بوون | مامەلەی پیاوانی بەعس چۆن بوو لەگەڵیان | ژمارەی ئافرەتان زوربوو یان پیاو | خواردنتان چۆن بوو | چارەی نەخوشیتان ئەکرا | رێژەی مردن زۆر بوو یان کەم | پیر یان گەنج زۆر بوو | لێدان و ئەشکەنجە زۆر بوو یان کەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 ئافرەت 18سال | نوگرەسلمان | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | پیر | زۆر |
| 2ئافرەت 40 ساڵ | نوگرەسلمان | خر اپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | پیر | زۆر |
| 2 ئافرەت سەروی 50 ساڵ | نوگرەسلمان | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | پیر | زۆر |
| 2 ئافرەت 18 ساڵ | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | پیر | زۆر |
| 2 ئافرەت 40 ساڵ | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | بە کەمی | کەم | گەنج | زۆر |
| 2 ئافرەت 50ساڵ | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | کەم | گەنج | زۆر |
| 2 ئافرەت 50 ساڵ | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | کەم | گەنج | زۆر |
| 2 ئافرەت | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | کەم | گەنج | زۆر |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەروی 50 ساڵ | | | | | | | | |
| 2 ئافرەت 13 ساڵ | نوگرەسلمان | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | پیر | زۆر |
| 2 ئافرەت 12 ساڵ | دبز | خراپ | ئافرەت | خراپ | نەخێر | بەڵێ | گەنج | زۆر |

کەوابوو لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ لە 1.. ٪ ی ئەوانەی بێ سەر و شوێن نەکران لە پەلاماری ئەنفالدا و مابوونەوە لە ژێر دەسەلاتی پیاوانی رژێم لە زندانەکانی نوگرەسەلمان و بزربوون و لە 1.. ٪ مامەڵەی بەڕێوەبەرانی ئەو زندانانە لە گەڵ خراپ بووە هەروەها بە پێی راپرسی خشتەکە بۆمان دەردەکەوێ کەژمارەی ئافرەت لە پیاوە پیرەکان بە رێژەیەکی بەرچاو زیاتر بوە ـ لە 1.. ٪ خواردن و ئاوی خواردنیان خراپ بوە ـ هەروەها چارەسەری نەخۆشی‌یەکانیان لە 5 ٪ یش نەبوە و هاوکات رێژەی مردن زۆر بوە لە ناویاندا زۆربەی زندانیەکانیش پیر و پەککەوتە بوون ئازار و لێدان و ئەشکەنجەی دەرونی و جەسەیی بە رێژەی 1..٪ بوونی هەبوە

---

1- پورە جیهان / گوندی گەرمك لە زندانی نوگرەسەلمان هاتوەتەوە / تەنها خۆی لە خێزانەکەی رزگاری بوە  ئێستا لە کەلار نشتە جێیە

2- نەزیە علی جەوهەر / لە زندانی دبز هاتوەتەوە ئیستا لە ئۆردوگای سمود نشتەجێیە

3-خشتەی راپرسی یەکە لە گەڵ "20" ئافرەت کاروە و هەر هەموویان لە زندانەکانی نوگرەسەلمان و دبز بوون

4-سەگە رەش / ئەو سەگەیە کە مردوەکانی نوگرەسەلمانی دەردەهێناو بە بەرچاوی ئەوانەی مەرگ چاوەڕوانیان بوو دەیانخوارد

5-ئەو کچەی کە بەستراوە بە پەنجەرەکەوە ئێستاش لە ژیاندایە و لە ئۆردوگای سمود دادەنیشێ و ناوی "ن..ش"ە ودانیشتووی گوندی قەڵاچەرمە بوون لە پێش ئەنفال

ناوی "سمود" لە زۆر جێگا هاتووە ئێستا ناوی گۆڕاوە و بوە بە "رزگاری "

---

گەڕانەوە لە زندان و گرێی پاشماوە و تێکشکانی بەردەوام :

ئایا گەڕانەوە و رزگاربوون لە زندان لە لێبوردنێکی بەناو گشتی و ساختەدا قووتاربوون بوو لە قەڤ مەینەتیەکانی پەلاماری ئەنفال ؟ یان ئەم گەرانەوەیە گەڕانەوە بو بۆ ناو تراژیدیای پاشماوەکەی پەلامارەکە ـ؟ لێرەدا دوو مەسەلەی چوون یەك هەیە دەبێ روونبکرێتەوە :ـ

**یەكەم : ئەو ئافرەت و منالأنەی لە پاشماوەی ئەنفال كراوەكان و لە هەردوو زندانی "نوگرەسەلمان و دبز" هاتوونەتەوە ، یان بەربوون كە دەرئەنجامی ئەو**

........................................................................................................

**لێبوردنە بەناو گشتی و ساختەیە بوو كەرژیم بەچەند مانگێك دوای پەلامارەكە دەری كرد**

**دووەم : ئەو خێزانانەن كە بەشی زۆریان ئافرەت بوون و لە پەراوێزی پەلامارەكەدا بەرنەكەوتن و پێوە نەبوون بەهەردوو ئەم جۆرە خێزان و ئافرەتانە پاشماوەی ئەنفال پێك دێنن و كێشەی گەورە و بنەڕەتیان ئەوەیە بەشی زۆریان ئافرەت و منالّ بوون و مێردی زۆربەی ئافرەتەكان و كەس و كارەكانیان بێ سەر و شۆێن كران بە هاتنەوەی ئەو بڕە ئافرەت و منالّەی لە زندان ، ئەمانی كە بەر نەكەوتبوون و لە پەراوێزدا قوتاربببوون ، هێندەی تر هیوا بڕاو بوون و شاد بوونی خۆیان بە كەس و كارەكانیان لێ بوو بەم حالّە چونكە بەرلە هاتنەوەی ئەو بڕە ئافرەت و منالّە لە زندان ، ئەمانی تر بۆرە ئومێدێكیان مابوو بەوەی كە رۆژێ بە دیدەنی كەس و كارەكانیان شاد بنەوە لای من ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە " بەعس " لە كردەوەیەكی بەناو لێبوردندا بەشێكی تری نەخشەی پەلامارەكەی جێ بەجێ كرد چونكە "بەعس " بەمە ئەوەندەی تر قەبارەی تێك شكاندنی ئەم خێزانانەی گەورەتر كرد و مەرام و مەبەستی پرۆژەی ئەنفالی بەو ئاراستەیەی كە خۆی دەیەوێ تەوزیف كرد واتا "بەعس " لێرەوە هۆشداری ئەوەبوو كە تەنها بەبێ سەروشوێن كردن و كردەی رووخاندنی گوند و سوتاندنی رەز و باخ و .. هتد ئەوەی مەبەست و داواكراوە نایەتە دی و جێبەجێ نابێ ، بەڵكو میكانیزم و ئامرازی تر هەن كە دەیگەیەننە جێگای مەبەست و داواكراو "بەعس " چۆنی ویستوە ئەوەیان لێ گەڕێ بەڵام بە نوێترین شێواز پرۆژەی تێكشكاندنی لە چوار چێوەی پەلاماری ئەنفالدا بەسەر ئافرەتاندا تەوزیف كرد دەتوانین بە سەرنج دانی ئەم كلێشەی خوارەوە لەو راستی یە بگەین و خوردی بكەینەوە :**




بەم شێوەیە لە چوار چێوەی پەلامارە سەربازییەکەی پەلاماری ئەنفال ، "بەعس" لە دوای میکانیزم و ئامرازی تر گەڕاوە لە پێناو پشت مکومکردنی پرۆژە دژ بە بەشەرییەکەی 0 کاریشی بۆ ئەوە کردوە کە چۆن ئەو بەشە خەڵکەی کە لە پاشماوە و پەراوێزی پەلامارەکە قوتاردەبن و بەشی زۆریان ئافرەتن و منالٌن تێك بشکێنێ 0 مومکینیشە ئەوەی زانیبێ و هەر واشە کە ئەوانەی دێنەوە زۆربەی هەرە زۆریان ئافرەت و منالٌ بن 0 بۆپیە یەقین بوە لەوەی کە دەتوانێ چۆن ئارەزوو0 بکا تێکیان بشکێنی 0 وەك دیاریشە خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بە تایبەت ئافرتان بەردەوام لە تێکشکان جەنگی دەروونی و کۆمەلأیەتی و ئابوری دا بوون و نەیانتوانیوە قووتاربن لە کۆت و بەندی پەلامارەکە 0 کەوایە چی بەگەڕانەوە لە زندان و چی بەقووتاربوون لە پەراوێزی پەلامارەکە ئەم ئافرەتانە نەیانتوانیوە ئاسودە

بڕین و برینی جەستەی ئەنفالکراویان سارێژ بێ 0 بۆ مکۆمکردنی ئەو راستیانەی سەرەوە با چەند نموەنەیەکی زیندوو وەرگرین : -

★ فکرییە علی : قەت دڵخۆش نەبوومە کەلە سجن هاتووینەتەوە .. بەشەر کە بێتەوە و کەس وکاری دیار نەوێ .. شوێنی ئیسراحەت و خواردن و خەفتنی نەوێ ئیتر بۆچی باشە .. بڕوامان پێبکە کەس لە جێگاکەی ئێمە ئیدارە ناکا .. سیانزە ساڵە ئێمە لە ناو کەلاوە رووخاوەکانی سمود ئەخەوین و ئەخۆین .. مناڵەکانمان هانە عەزرەت دەستێ جل و بەرگی تازەوە .. خۆمان تا ئێستا دڵنیانیمان کە مێردەکانمان چیان وە سەرهات "

★ رێژاو علی محەمەد : وا بۆ چواردە ساڵە من وە کولە مەرگی و سەگ مەری ژیان وەسەر ئەبەم .. مناڵ وە ئەو پەڕی رەزالەت وە خێو ئەکەم وەڵا بەردیش بم ئەتەقم " 0

★ سوعاد دەڵێ : ئەم شێوە ژیانە باری دەروونی تێك داوین و هەر رۆژیکمان مردنێکە .. کەسی نزیکمان نیە و هەمووی ئەنفال کراوە .. یەك برایەکم بوو ئەنفالە " 0

★ نەسرین ئەمین : برا ئەوەی راستی بێ نازانم چیتان بۆ باس بکەم ئێوە خۆتان سەیری ژوورەکەم کەن دوو مەتر کەس پێی رازی نیە 0 ئەگەر دەرچم لە ماڵ بۆ ئیش خەڵکی قسەم پێ دەکا .. ناچارم " تەیك " دەچنم و نانی خۆم و کچەکەمی پێ پەیدا دەکەم .."

★نەجمە علی قادر " بە خوا ئێستا تەنها خۆم لە کولبەیەکدا ئەژیم .. خەڵك خێرم پێ ئەکات .. شەو هەتا بەیانی خەو ناچێتە چاوم هەر چاوم هاوەو قاپیەوە بەڵکو ئەمە خوایە تەقەیەی لەو قاپیـیە هەڵسێ و خەبەری خێری ئەو کوڕەی پێ بێ .. "

★ نهایەت : ئێمە  چوار خێزان لەم  بینایەدا وەیەکەوەین .. قەت ژیان وا نابێ ئەم کاول بوە " ئۆردوگا " ئەشتەبای تیا نیە.. بۆ هەر شوێنێك ئەچین دەست وەڕوومانەوە ئەنێن .. خاوەن چوار مناڵم و بوون بە قاروخەقەت بۆم .."

ئیتر چی لەوە زیاتر بڕوامان پێدەکا کە ئەم خێزانانەی پاشماوەی ئەنفال لە تێکشکانێکەوە بۆ تێکشکانێکی تر ، بەردەوام دەڕۆن و قورسایی تێکشکانەکەش بە سەر جەستەی ئافرەتانەوەیە و هەر ئەوانیش پەلاماری ئەنفال بە توندی دەستی خستوەتە بینە قاقایان ..0 کە وابوو بە گەڕانەوە لە زندان و قووتار بوونیش لە پەراوێزی پەلامارەکەدا کارەساتەکە رەگی خۆی دادەکوتێ و شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێومان 0

---

بنەمای ئابووری ئەو خێزانانەی کە ئافرەتان بەڕێوەیان  دەبەن :

کام خێزان کە ئافرەت بە رێوەی دەبات ؟ ئێمە لە سەرەتادا وتمان ئافرەتانی پەراوێز و پاشماوەی ئەنفال پانتاییەکی گەورەیان لە تراژیدیای ئەنفال دا داگیر کردوەو پرشی گەورەی مەینەتیەکانیشیان بەرکەوتوە .. خێزانێك هەیە پێی دوەترێ پاشماوەی ئەنفال و کەسی یەکەمیش کە هەمان خێزان بەڕێوە دەبا

ئافرەتە .. بە پێچەوانەی ئەمەش لە کۆمەڵی کوردی و تەنانەت رۆژهەلاتی ناوەراستدا وا باوە کە کەسی یەکەم کە بەرپرسی خێزان بێ و بەڕێوەببا " پیاو" بێ ئەو خێزانەی کە ئافرەت بەر پرسی پلەیەکە تیایدا و بەڕێوەی دەبا ، یەکێ نیەو دوان و سیانیش نیە ، بەڵکو ژمارەیەکی زۆرن و ئەوانەن کە بەشی زۆری دانیشتوانی شارو شارۆچکەکانی خۆیان پێك دێنن و لە پاشماوە و پەراوێزی پەلاماری ئەنفال ماون و بەر نەکەوتوون پێش کارەسات و پەلاماری " ئەنفال " یش وەك هەموو خێزانێکی ئاسایی کۆمەڵی کوردی ، پیاو بەرپرسی پلەیەك بوە تیایاندا کەچی لە پرۆژەی تێکشکانی خێزانی کوردی لە پەلاماری ئەنفالدا ئافرەت ئەم رۆڵەی بەرکەوت بەلاّم مافی هەمووومانە بپرسین چۆن ؟ دەبێ ئافرەتێك کە دوای بەرفراوانترین پەلامار و تێك و پێك شکانی بنەمای ئابووری خێزانەکەی و بێ سەروشوێن کردنی مێردەکەی و هاتنەوەی خۆی و منالّەکانی لە زندان ، یان بەرنەکەوتنی لە چوارچێوەی پەلامارەکە چی کارێك بۆ بوژانەوەی بنەمای ئابوری سەرجەم ئەو خێزانانە لەسەر بەخێو کردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەێڵە و رەز و باغ و .. هتد راوەستا بوو ، هەموو ئەوانەش لە پرۆسەی پەلاماری ئەنفادا نەمان و بە تالاّن بران وە دەتوانین بلێین بەر لە پەلاماری ئەنفال هەژارترین خێزان توانای خۆژیاندنی هەبوە بەلاّم دوای پەلامارەکە هەژار و دەوڵەمەن هەر هەموو چوونە یەك ئاستەوەو کەوتنە بەردەم هەڕەشەیەکی پڕلە مەترسییەوە ، بە تایبەت ئەو خێزانانەی بەڕێوەبردن و بەخێوکردنیان کەوتبوە ئەستۆی ئافرەت

ئەو مەترسییە دووڕیانێکی سەختی بۆ ئەم خێزانانە لێ بوەوە و بەردەوام درێژەی هەیە چونکە یان ئەوەتا دەستەو ئەژنۆ دانیشن و خۆیان و منالّکانیان چاوەنوارِی مەرگ بکەن ، یان ئەوەتانی بەرەنگاربوونەوە و هەوڵی دەسکەوتی پاروە نان بدەن ، پاروە نان پەیدا کردنیش لە ئاوها دۆخێکدا نەهەروا ئاسانە و بگرە لە بەردەم پرسیار و مەترسی گەلێ زۆردایە چونکە جیا لە هەوڵی نان پەیداکردن و رێگا سەختەکانی ، بۆ خۆی نان پەیدا کردن لەلایەن ئافرەتەوە لە کۆمەڵی ئێمەدا سەختی و گرفتی تریشی دێتە سەر بە هەردوو دیوەکەشدا تەنها ئافرەتانی پاشماوەی پەلامارەکە زەرەر مەندی پلە یەکن بەکارنەکردنی منالّەکانی دەکەونە بەردەم هەرەشەی جۆراو جۆرەوە ..بە دەرچوون لەماڵ و کارکردن لە پێناوی " نان " پەیدا کردن کەسێتی خۆی بەپێی سروشت و پێك هاتەی کۆمەلگا دەکەوێتە بەردەم پلار و هێرشی جۆراو جۆر بگرە زۆر جار لایەنی رەوشتیش دەکەوێتە بەردەم هێرش و قسە و باسەوە لە هەموو حالّەتەکاندا زۆربەی ئافرەتان بڕیاری دووەم هەڵدەبژیری لە پێناوی تێپەڕاندنی منالّەکانی لە دۆخی سەختی ژیانیان چوون "ئەم" ئافرەتی خاوەن ئەو منالاٍنە جیا لە فرۆشتنی بازووی خۆی و دەرچوون بۆ کارکردن هیچ سەرچاوەیەکیتر شك نابا پەنای بۆ بباو بیکاتە سەرچاوەی ژیاندن و گوزەرانی منالّەکانی ، تەنانەت ئەو برە پارەیەی کە وەری دەگرێ لە بەرامبەر کارەکەیدا کەمترین پێویستیەکانی ژیانی منالّەکانیشی دابین بکات بۆیە دەبینی زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە باسمان

کرد پەنایان وەبەر کارکردن بردوە و کەسێتی خۆیان و پلارو قسە نەگونجاوەکانیان کە بەرامبەر کرابێ خستوەتە لاوە

دەتوانین جوگرافیای نشتەجێ بوونی ئەو خێزانانەی کە باسمان کرد بەم خشتانەی خوارەوە بزانین دوای ئەوەش دەتوانین ئەو راستیەش بزانین کە ئەو شوێن و جێگایانەی ئەمانی لێ نشتە جێن شێوەی دەسکەوتنی کار تیایاندا چۆنە و .. هتد کۆی خێزانەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك بەم شێوەیە :

خشتەی ژمارە –3 -

| چەمچەماڵ +شۆرش | ئاغجەلەر + تەکیە | سلێمای | بازیان + باینجان | سمود | کەلار | کفری | دەربەندیخان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3486 | 655 | 392 | 69 | 1819 | 27 | 363 | 28 |
| هەلیر | | | | | | | |
| 532 | | | | | | | |

واتا ئەو خێزانانەی کە سەر بە پارێزگای سنوری کەرکوکن بەم شێوە لە رووی نشتە جێ بوونەوە دابەش بوون زۆری تریشیان لە هەردوو ئۆردوگای شۆرش و سمود " رزکاری " دا جێگیر بوون هەروەها لە خشتەی ژمارە (4)و (5) دا مەسەلەکان خوردتر دەبنەوە و خوێنەر دەتوانێ زانیاری باشتر وەچنگ بخا چونکە لەم دوو خشتەیەدا جێگاو شوێنی ئەسڵی خێزانەکان دیاری دەکرێ بەم شێوەیە :

خشتەی ژمارە ( 4 )

| کەلار/سمود/کفری / دەربەندیخان | خیزانی ئەنفال | ئافرەتی مێرد ئەنفال | ئافرەتی کوڕ و کچ ئەنفال |
|---|---|---|---|
| ناحیەی نەوجول | 687 | 396 | 98 |
| ناحیەی تیلەکۆ | 693 | 153 | 76 |
| ناحیەی پێباز | 687 | 49 | 25 |
| ناحیەی سەرقەلآ | 259 | 91 | 26 |
| کەلار- جەبارە – کفری | 134 | 33 | 22 |
| دەربەندیخان | 38 | 17 | 5 |
| سەرجەم | 2498 | 739 | 252 |

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە چەند خێزان بەری پەلامارەکە کەوتوون ژمارەیان " 2498 " هەروەها بۆمان دەردەکەوێ کە " 998 " مێرد و کوڕی گەورەیان ئەنفالە واتە ئەم خێزانانە وەکو وتمان لە چەن جێگایەك ئەرکی پلەیەکی بەخێوکردن، پەروەردەکردن کەوتوەتە ئەستۆی ئافرەت پاشان لە خشتەی ژمارە (5) ئەم راستیانەی ترمان بۆ روون دەبێتەوە بەم شێوە

خشتەی ژمارە –5-

| چەمچەماڵ | خێزانی ئەنفال | ئافرەتی مێرد ئەنفال | ئافرەتی کوڕ و مێرد ئەنفال |
|---|---|---|---|
| ناحیەی قادر کەرەم | 1733 | 976 | 199 |
| ناحیەی سەنگاو | 693 | 319 | 55 |
| ناحیەی قەرەحەسەن | 340 | 193 | 40 |
| ناحیەی شوان | 325 | 179 | 54 |
| مەرکەزی قەزای چەمچەماڵ | 76 | 34 | 10 |
| مەرکەزی پارێزگای کەرکوک | 170 | 53 | 49 |
| ناحیەی : ئاغجەلەر | 786 | 257 | 94 |
| کۆی گشتی | 4123 | 8..2 | 501 |

لێرەشدا و لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سەرجەم (4123) خێزان بەری پەلامارەکە کەوتوون و " 8..2 " ئافرەت مێردەکانیان ئەنفال بوون و " 501 " ئافرەت کوڕ و مێردەکانیان ، واتا سەرجەم لەم سنورەشدا " 2509" ئافرەت ماڵ بەڕێوە دەبەن و ئەرکی بە خێو کردن و پەروەردە کردن کەوتووەتە ئەستۆیان 0 لە سەرجەم سنوری پارێزگای کەرکوکدا "2509" ئافرەت ئەو ئەرکەیان کەوتووەتە ئەستۆ

1-فکرییە علی : ئۆردوگای سمود / خاوەن حەوت مناڵ / مێردەکەی ئەنفالە 0

2- رێژاو علی : دانیشتوی کەلار / خاوەنی سێ مناڵ / مێردی ئەنفالە 0

3 – سوعاد : لە گەڵ نەزیرەی خوشکی لە ئۆردوگای شۆرش دەژین/ دایك و باوکی لە نوگرە سەلمان مردوون / .. بڕوانە کتێبی " لە پەراوێزی ئەنفال دا / تەها سلێمان

4 – نەسرین ئەمین / مێردەکەی ئەنفالە / تاقە کچێکی هەیە بڕوانە هەمان سەرچاوە ل 63 0

5 – نەجمەدین علی قادر : دانیشتوی " قەرەچێوار " بڕوانە گۆڤاری ئەنفال / ژمارە ( 1 ) ل 139

عارف قوربانی

## گرێی کۆمەڵایەتی

گرێی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال کامەیە ؟ بە وردبوونەوە و سەرنج دانی بابەتیانە مرۆڤ لەوە دەگا کە ئەم ئافرەتانە لە فەزای کۆمەڵێ گرێی نارەحەتی و دژواری کۆمەڵایەتی دا ، ئەوق بوون و

قوربانیەكی دیارن تیایدا   وەك روونیشە لە كۆمەڵی كوردیدا كۆمەڵە سنورێك هەیە كە جێگا و شوێنی هەڵس وكەوتی ئافرەت بە گشتی و ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بە تایبەت دیاری دەكا دەرچوونیش لەو سنورانە نیشانەی عەیب و عاری گەورەی لەسەرە " عەیب و عار " كە گرێ درا بەئافرەتەوە لەكۆمەڵی ئێمەدا بە ئاسانی دەست بەرداری نابێ و بگرە دەبێتە خۆركە لە جەستەیدا   بە مانایەكی تر بەچوونە دەر لەبازنەی ئەو سنورە ئەوا بەوە دەشوبهێنرێ كە تاوانێكی گەورە ئەنجام دراوە   تاوانی گەورەش بەپێی داب و نەریتی كۆمەڵ " كوردی " باجی خۆی هەیە ، باجدانی بەزاندنی ئەو سنورەش زۆر شت دەگرێتەوە لە سەرزەنیشت كردن و ئەتكردن و ئەشكەنجەی دەروونی و تا دەگاتە كوشتن دەگرێتەوە واتا لێرەدا دەبێ لەوە بگەین و هەرواشە كە پەلاماری ئەنفال لە یەك بوار كاركردی خۆی دانەناوەو جێ نەهێڵاوە بەڵكو گشت لایەنەكانی ژیانی گرتوەتەوە 0 كەواتە گرنگە لەوە بگەین كە " ئەنفال " زادەی بیرو گوتارێكە " بەعس" جێبەجێی كرد و كەینوونەی تاكی كوردی " ئەوانەی بەركەوتن " تیا تێك شكێنرا   وەك لە زۆر جێگاش وتمان ڕەگەزی " مێ " ئافرەت زۆرتر لە هەموو كەسێك تیایدا زەرەرمەند بوو   دیارترین "گرێ" ی هەمیشەیی نێو ئەم ئافرەتانە چارەنوسی كەس وكارو مێرد ، هاوكات " شوووكردنەوە / شووكردن " ە پێویستە بەر لە هەر قسەیەكی تر ئەوە روون بكەینەوە كە "شووكردنەوە" ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە كە پێشتر مێردیان كردوەو خاوەن ماڵ و مناڵ بوون و مێردەكانیان لە پەلاماری " ئەنفال" تا ئێستا بێ سەرو شوێنن

"شووكردن" یش ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە كە پێشتر مێردیان نەكردوە و بەڵام حاڵی حازر باوك و براكیانیان بە هەمان شێوە بێ سەرو شوێنن   ئەڵبەت ئەوەی یەكەم و دووەم مەبەستیانە خێزان دروست بكەن و وەك هەر كەسێكی تر كە خەمی پێ كەوە نانی خێزانی هەیە   هاوكات لە هەردوو حاڵەتەكەدا كە ورد دەبێتەوە بابەت و مەسەلەی لە یەكتر جیاواز هەیە كە دوایی و لە درێژەی باسەكەدا روونی دەكەینەوە   وەك دیاریشە ئەم لایەنە جیاوازی زۆری لەگەڵ لایەنەكانیتر هەیە كە پەلاماری ئەنفال وەك نەخۆشی "شێر پەنجە" لەگەڵ خۆیدا هێنایی و تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە  دیارە دەسەڵاتیش رۆڵی كارای خۆی هەیە لەم بوارەدا ، بەڵام تەنانەت لە كاتی بڕیاری ناوەندی دەسەڵاتیش بەشێك لە كێشەكە هەر بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە   دەسەڵاتیش لەم نێوانەدا پێویستی بەهاوكاری تاك و كۆی كۆمەڵ هەیە   چونكە قورسی و گرانی ئەم كێشەیە تا ئەو ئاستەیە كە بزواندنی سووك و سانا نەبێ   لێرەوەیە كە هەماهەنگی دەسەڵات و تاكەكانی كۆمەڵ لە پێناو بڕیارێكی مەعقول كە تایبەت بێ بەم مەسەلەیە دەخەملێنێ    وەك وتمان قورسترین گرێی كۆمەڵایەتی مەسەلەی " شووكردنەوە / شووكردن " ە كەوایە با لە جیاوازییەكانی ئەم دوو حاڵەتە و باگراوەندەكانی   بگەین كە دابەش دەبێ بە سەر پێنج حاڵەتدا "

1 - ئەو ئافرەتانەی كە پێشوو مێردیان هەبووەو خاوەن مناڵ بوون

2 - ئەو ئافرەتانەی بۆ ماوەیەكی كەم لای مێردەكانیان بوون و مناڵیان نەبوە

3 - ئەو ئافرەتانەی کە مارەبڕ بوون و نەگوازرابوونەوە و دەزگیرانەکانیان بێ سەرو شوێن بوون
4 - ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی پەلامارەکە " عازەب " بوون و براو باوکیان بێ سەروشوێن کران
5 - ئەوانەی کە لە کاتی پەلاماری ئەنفال منالّ بوون و یاخود دوای پەلاماری ئەنفال لە زندان یان لە ئۆردگا لە دایك بوون و باوکیان گیراو بێ سەرو شوێن کرا

ئەم پێنج حالّەتە ئەوانەن کە روکنی سەرەکی گرێی هاوکێکەکەن و خودی ئافرەتان خۆیان ناتوانن هیچ بڕیارێکی تێدا بدەن چونکە وەك وتمان بڕیاردان لەو بابەتە بە واتای چوونە دەرەوە لە بازنەی سنوری داب و نەریتی کۆمەلّ دێ .. هتد ، ئەمە جیا لەوەش ئەم ئافرەتانە بۆ ژیان و گوزەران بەسەر بردن خاوەن بریارن تایبەت بە منالّەکانیان بەلاّم بۆ بڕیارێکی وا نەخێر وەکی دوورنیە لە بڕیاری ئالەو چەشنەدا دوورترین کەس لێی راست دەبێتەوەو لێی قبولّ ناکاو دەیخاتە بەردەم هەڕەشەی مەرگ و سوکایەتی پێکردنەوە 0 دوو حالّەتی گرنگ و بنەرەتی لەم مەسەلەیەدا هەیە بەم شێوە : یەکەمیان چارەنووسی میرد و کەس وکار 0دووەمیان نادیاری چارەنوسی مێرد و کەس و کاری ئەم ئافرەتانە ئەوەندەی تر شەرعیەتی بە دوورترین خزم داوە دەخالّەت لە مەسەلەی " شووکردنەوە / شووکردن " ی ئەم ئافرەتانە بکەن و لە دژیان بوەستنەوە 0

بە دیدێکی تر بڕیاری لەم چەشنە دەرچوونە لە شەرعیەتی خزمایەتی وخێلّیش بۆی هەیە لەم کاتەدا هەموو پەیوەندییەکانی خۆی بە ئافرەتی ناوبراوەوە ببچڕێنێ و کار بۆ لەناودانی بکا ـ واتا " ئەنفال " گرێیەك کە بارستای قورسە بۆ ئافرەتانی دروست کرد ، خزم و خێلّیش رۆلّی " تەعقید " کردنەوەی گرێیەکە دەگێڕن 0 ئەمانی " خزم و خێلّ" لەو روەوە تەماشا دەکەن کە ئەگەر ئافرەتێك لەوان و بەبێ سوراخی مێرد ، یان باوك ، یان کوڕەکەی هەولّی پێکەوەنانی خێزان بدات ئەوا ئابڕوی ئەوان دەتکێ کە ئەمەش رزیوترین بیرکردنەوەیە و هیچ دروستیەکی تێدا نیە 0

لیرە دا هەم دیس مەسەلەی بڕیار وەرگرتنی دەسەلاّت دێتە پێشەوەو لە بیرکردنی مومکین نیە 0 با روونتر قسە لەسەر مەسەلەی " شووکردنەوە / شووکردن " ی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بکەین 0 ئەوان بۆ چواردە سالّ دەچێ چاوەڕوانی هەوالّی دلّسۆزترین کەسەکانیانن کە لە سەفەری مەرگا بێ سەروشوێن کران 0 ئەوانەیان کە خاوەن منالّێکی زۆرن بەوە قەناعەتیان بە خۆیان هێناوە منالّەکانیان پەروەردەو بەخێودەکەن 0 ئەوانەی دووەم جگە لە خواستی دلّنیابوون و دروست کردنی خێزانی نوێ هیچ خواستی تریان نیە تەمەنیش بەردەوام بۆ ئەم مەبەستە پالّیان پێوە دەنێ ، چونکە ئەم ئافرەتانە زۆریان تاقە یەك منالّیشی نیە و پێی وایە چاوەروانی لەوە زیاتر دەیکا بە رەژوو 0 ئەوانەی سێیەمیش تەنها بڕیارێکی پێویستە ڕێی پێ بدا ، ئەم بڕیارە لە لایەن دەسەلاّتەوە بێیاخود لای خزمەکانیەوە ، یان بڕیارەکەی دەسەلاّت رێگا لەو حالّەتی خزم و کەس و کارەکەی بگرێ 0 حالّەتی چوارەم و پێنجەم بڕیاری ناوەندی دەسەلاّت بە دەست لە هەموو کاتێکا پێویستە هەر پێنج حالّەتەکەش لە یەك خالّدا

کۆکن کە ئەویش چارەنوسی مێرد و باوك و برا و کەس وکارە بێ سەروشوێنەکانیان و خاڵی دژو ڕێگریش لە بەردەمیاندا چون یەکە 0

لێرەدا سێ نموونەمان وەرگرتوە لە سێ خشتەی راپرسی جیاوازدا بۆ ئەوەی باشتر و بەی بەلگەی زیندوو قسەکانی سەرەوە بسەلمێنین :

| پێش ئەنفال شووت کردبوو | مێردەکەت چی بەسەرهات | بۆ شوو ناکەیتەوە | حەز بە شووکردن ناکەیت |
|---|---|---|---|
| یەك ئافرەت : بەڵێ | بێ سەرو شوێنە | لە بەر منالّەکانم | لە بەر منالّەکانم .. نا |
| دوو ئافرەت : بەڵێ | بێ سەرو شوێنە | نەیان هێڵا | کێ منالّەکانم بە خێوکا |
| یەك ئافرەت : بەڵێ | بێ سەرو شوێنە | چاوەڕوانی مێرد | بەڵێ |

لەم خشتەیەدا ئەو چوار ئافرەتەی کە رایان وەرگیراوە لەو ئافرەتانەن کە وەك لە پێشا وتمان بەشی زۆریان لە پشت هۆکاری تەمەنەوە ، منالّەکانیشیان ڕێگری گەورەن لە بەردەمیاندا 0 واتا بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منالّەکانیان سەرقالّن 0 وەك دیاریشە لە کۆی چوار ئافرەت یەك ئافرەت بە راشکاوی دەڵێ حەز بە شوو کردن دەکەم و سێکەی تر بە پێچەوانەی ئەو ، بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منالّەکانیان پێ باشترە 0 مومکینە لە ناخەوە واتا ناخی ئەو ئافرەتانە بۆ چوونێکی تریان هەبێ و بەلاّم پێیان باش نەبێ دەری برن 0

خشتەی ژمارە (7 تایبەت بەو ئافرەتانەی "مارەبر" واتا دیاری کرابوون و نەگوازرابوونەوە 0

| پێش ئەنفال شووت کردبوو یان مارەبڕ بووی | چۆن نە گوێزرابویتەوە | دەزگیرانەکەت چی بە سەر هات | ئەی بۆ شووناکەیتەوە |
|---|---|---|---|
| 1/ ئافرەت دیاری کرابووم | تازە دیاری کرابووم | بێ سەروشوێنە | کەسو کاری دەزگیرانەکەم نایەڵن |
| 1/ئافرەت – مارە بڕکرابووم | دوومانگ بوو مارە بڕابووم | بێ سەروشوێنە | تا ئیستا چاوەروانم |
| 1/ئافرەت – مارەبڕکرابووم | پانزە رۆژ بوو مارە بڕابووم | بێ سەروشوێنە | خزمەکانم نایەلن |

پێم وایە خشتەکە روون و خوێنەر تێ دەگا ، بەلاّم ئەوەی گرنگە بوترێ ئەوەیە کە ئەم ئافرەتانە چیتر تەمەن رەحمیان پێ ناکاو بەرەو گەورەبوون دەچن 0 چونکە لە کاتی پەلاماری ئەنفال لە 17 و18 سالّ بۆ سەروتر بوون و ئێستا سالّەکانی دواى پەلاماری ئەنفالیشی چوەتە سەر 0

خشتەی ژمارە (8) تایبەت بەو کچانەی کە لە کاتی پەلاماری ئەنفال منالْ ، یاخود دوای ئەنفال لە دایك بوو 0

| ئەی بۆ شووناکەی | چوویتە قوتابخانە | ئیستا تەمەنت چەندە | تەمەنت چەند بوو پیش ئەنفال |
|---|---|---|---|
| هەوالّی باوکم | | 23 سالْ | 2/کچ- 10سالْ |
| هەوالّی باوکم | | 20 سالْ | 2/کچ – 6سالْ |
| نازانم | سەرەتای | 16 سالْ | 2/ کچ – 2 سالْ |

ئێمە لەم خشتەیەدا نەمانتوانی نموونەی ئەو کچانە بە دەست بێنین کە دوای ئەنفال لە دایك بوون 0 بەلآم ئەوەی بەرچاودەکەویْ ئەمانیش هەر وەك یەك لەو ئافرەتانەی تر زۆربەی باسی هالْ و هەوالّی کەس و کار دەکەن 0 خۆ لە راستی دا کێشەی بنەرەتیشیان رێگر نییە لەلایەن خزم و کەس و کارەکانیانەوە چونکە ئەوان دەلّێن با چارەنوسی باوك و براکانتان بزانریْ و هەبیْ ، ئەوسا شوو بکەن و هتد ئەمەش لە راستی دا بە هانەو پاساوێکی فرە نالۆژیکی یە لە وەلآم بەو ئافرەتانەدا سەبارەت بە مەسەلەی شووکردن و خێزان پێکەوەنان 0

---

1- سەرجەمی سەرژمێرییەکان بە سود وەرگرتن لە دەست نوسەکانی نوسینگەی ئەنفال و کۆمەلآیەتی داکۆکی لە ئەنفالەکان وەرگیراوە 0

2- سەر ژمێییەکان تەنها سنوری پارێزگای کەرکوك دەگرێتە خۆ بەو خێزانە کەرکوکیانەش کە کەوتوونە سلێمانی و هەولێر 0

3- ئەمە تەنها نمونەیەکە ئەگەر پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانیشی بێتە سەر ئەو کاتە ژمارە زیاتر دەکا بە بەراورد لە گەلْ ئێستا 0

4- قورسایی ئەم خێزانانەش کە ئافرەت سەرپەرشتیاری دەکا کەوتوونەتە هەردوو ئۆردوگای " شۆڕش و رزگاری"یەوە 0

## کێشەی یاسایی لەم بوارەدا :

---

تا ئیستا هیچ برگە و بابەتێکی یاسایی نیە رێگا بەم ئافرەتانە بدا شووبکەن و خێزانی نویْ پێکەوە بنێن هەرچی یاسایە تەنها ئەو مافە بەم ئافرەتانە بە تایبەت ئەوانەی خاوەن مێرد بوون و مارە

برپوون ، به پێی ئەوەی مێردەكانیان ، یاخود دەزگیرانەكانیان " مفقود" ن دەدا  بگەڕێنەوە بۆ شەرعی ئیسلام O شەرعی ئیسلامیش لەم بابەتەدا چەندین تەفسیر و لێكدانەوەی جیاجیای هەیە و كۆك نین لە سەریەك بۆچوون O بەڵام گرنگە ئەوە بوترێ كە پیاوانی ئاینی و یاساو دەسەڵاتی هەرێم دەتوانن بە دڵنیاكردنی ئافرەتان لە چارەنوسی كەس و كاریان بگەنە پرۆژەی بڕیارێكی مەعقول تایبەت بەم مەسەلەیە O چونكە ئەگەر ئەمە نەكری ئەوا هەر بۆ خۆمان غەدر لە خۆمان دەكەین بۆ نموونە زۆر ئافرەت  تەنیا لەبەر ئەوەی شووبكاتەوە و خێزان پێكەوە بنێ " پیاو "ی پێشووی بە مردوو دادەنێ و بەڵگەی مردووی بۆ دەردەكا ـ بەمە بمانەوێیان نا لەرێژەی ئەنفال كراوەكان كەم دەكەینەوە وقەبارەی تاوانەكەش لە ئەستۆی صدام و رژێمەكەی سوك دەبێ O تەنانەت دەتوانین لێرەدا مەسەلەی " شەهیدان "ەش بخەینە پێش چاو كە زۆرێك لە ئافرەتان پیاوەكانیان بە شەهید لە قەلەم دەدەن و شەهیدانەی بۆ دەردەكەن O رەوایە بەرامبەر بە شەهید پێویستیەكانی ئەم خێزانانە دابین بكرێ ئەگەر خێزانێكیش لەبەر مەجبوری و پێویستی پەنا وەبەر ئەم مەسەلەیەوەبا ، دەبێ دەسەڵات لە مەیاندا فرە وشیار و وردبین بێت چونكە بە شەهید لە قەڵەم دانی " ئەنفال " ئەمەش پێم وایە پێوەندی بە یاساوە هەیەو تێك هەڵكێشە لەگەڵ مەسەلەكانی تر O ئەگەرچی دوو بابەتی سەربەخۆن و هەریەك قسەو تێفكرینی جیاوازی دەوێت.

---

## ئۆردوگا یان گوند .. شوێنی نشتە جێ بوون بۆ ئەم خێزانانە ؟

كاتی كە قسە لە سەر ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال دەكەین و لە گرێی ژیان و مەینەتیەكانی ئەوان دەكۆڵینەوە ، دەبێ لایەنێكی تر لەیاد نەكەین بەم پرسیارە لە دەرگای بدەین : ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال جیا لە هەموو كێشە و گرفتەكانی تریان شوێنی نشتەجێ بوونیان كوێ بوو؟ بێگومان بەشی هەرە زۆریان لە ئۆردوگا زۆرە ملێكاندا جێگیر كران O ئەمەش بۆ خۆی نەخشە و پلانێكی تر بوو دژ بەوانەی لە چنگی پەلاماری ئەنفال قووتاربوون و لە زندان هاتنەوە O چونكە "بەعس" هەر لە سەرەتاوە ئەگەرو گریمانەی ئەوەی لای خۆی دانابوو كە رێی تێ دەچێ خەڵكانێك لە پەراوێزی پرۆسەكەو نەخشەی بێ سەروشوێنكردن لەلایەن خودی خۆیەوە بەرنەكەون O باشترین رێگاش بۆ " بەعس " كە نەخشەی پرۆسەكە و پەلامارەكەی تیا جێبەجێ بكا ئاخنینی ئەو خەڵكەی پاشماوەی ئەنفال بوو لە ئۆردگاكاندا O هەر بۆخۆشی دروست كردنی ئۆردگا لە بنەڕەتدا پەیوەندییەكی ریشەیی و تۆكمەی بە پەلاماری ئەنفالەوە هەبووO بە مانایەكی تر دروستكردنی ئۆردگا بە واتای دەسپێكی پەلاماری ئەنفال دێ لە فەرهەنگ و گوتاری "بەعس " دا كەوایە دوای رزگار بوونی ئەو بەشە زۆرەی ئافرەتان لە هەردوو حاڵەتەكەدا ئۆردوگا پاڵێوراوی سەرەتاو كۆتاییەو سەرەنجامیش هەر ئۆردوگا

بۆ ئەم خێزان و ئافرەتانە دەبێتە شوێن و جێگای ئازار چەشتنێکی بەردەوام و لایەنێك لە لایەنە سەرەکیەکانی کێشە وگرێی ئافرەتانی پاشماوەی پەلامارەکە 0 چونکە ئەم ئافرەتانە لێیان هەیە بە کۆمەڵێ منال و تیایاندا هەیە بەبێ منالّ و هەیە تەنها پیرەژنێکی پەککەوتەیە و ئەوەش روونە کە لە بەردەم رێژنەی تۆفانێکی سەختدان 0 بە مانایەکی تر دەبێ ئەم خێزانانە لە ژێر هێڵی سفرەوە دەستیان پێکردوە بۆ گوزەراندنی ژیان ، چونکە ئەوەی هەیانبوو پەلامارچیانی ئەنفال بە تالان بردیان 0 لە ئۆردوگاشدا پارچەیەك " عەرز " و هیچی تر ! چۆن دەکرێتە خانوو شوێنی نشتەجێ بوون و حەوانەوە ؟ کێ بیکا ؟ کێ کولفەی تێچوو دابین دەکات ؟ ئەمانەی سەرەوە هەموو گرفت و کێشە بوون و یەخەی ئەو ئافرەتانەیان رادەوەشاند ـ بۆیە لەوپەڕی ناچاری و مەئویسی دا زۆربەی ئەم ئافرەتانە بلۆکیان لەناو "عەرز" کانیاندا هەڵدەچەپاند و تیایدا ستریان دەگرت بە خۆیان و منالّەکانیانەوە 0 بۆ چوارده سالّە بەشێکی زۆریان ئەمە حالّ و گوزەرانیانە لە رووی نشتەجێ بوونەوە 0 راپەڕینی بەهاری 1991 ی گەلەکەمان فرسەتێك بوو ، بەلاّم بۆ کێ ؟ ئایا بۆ ئەم ئافرەت و خێزانانە بەرواریێکی گونجاو بوو تا بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان و بەردی دلّنیایی لە ناو کەلاوەکانی گوندەکایاندا دانەن و لە دۆزەخی ئۆردوگا رزگاریان بێ ؟ لە وەلاّم بەم پرسیارە گرێیەکە هەیە دەبێ قسەی لەسەر بکرێ کە رێگرە لە بەردەم گەڕانەوە بۆ گوند و رێگا بە مانەوەیان لە دۆزەخی ئۆردوگا دەدا بەم شێوە : گەڕانەوە بۆ گوند سەرباری هەموو پێویستی و کەرەستەکان کە لەگەلّ گەڕانەوەت بۆ گوند بوونی پێویستەو لای ئەم خێزان و ئافرەتانە دەست ناکەوێ ، لەگەلّ ئەوەشدا گەڕانەوە بۆ گوند بە واتای بیرکەوتنەوەی کرێی چارەنوسی مێرد و باوك و خزم و کەس و کار دێ 0 چونکە بەگەڕانەوەی بۆ گوند دەچێتە سەر کەلاوەیەك کە بە مێشکی گەورە و گرنگی یادەوەرییەکاین ئەمی لێیە 0 بە دیتنێکی تر لە گەلّ داهێنان و وەشاندنی هەر پاچ و خاکەنازێك ئاسەوارێکی نێومالّەی " هی پێش ئەنفال" دەدۆزنەوە و تیایدا وێنەی خۆی و مێردەکەی ، خۆی و باوك و دایکی و ، خۆی و برا و خوشکەکانی و .. هتد بۆیە ئەوە جیایە ناچاری تەواو تەنگی پێ هەڵچنێ دەنا بڕیاری چوونەوە بۆ گوند زۆر زەحمەتە و بە ژمارەیەکی کەم لەو خێزانانەی کە ئافرەت سەرپەرشتیان دەکا بڕیاری چوونەوە بۆ گوند دەدەن 0 ئەمە جیا لەوەی چوونەوە بۆ گوند توانای باشی دەوێ بۆ کشتوکالّ و ئاژەڵداری ، کە سەرچاوەی سەرەکی بژێوییە لە گونددا 0کەواتە ئەم لایەنەش هیچ ئاسانکارییەکی ئەوتۆی تیانیە کە خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفالّ " ئەوانەی ئافرەت سەرپەرشتیان دەکا " چاو لە یادەوەرییەکانیان لە گوند بنوقێنن و لە پالّ تواناداری ئەم لایەنەدا بڕیاری چوونەوە بۆ گوند بدەن 0 هەر بۆیە سەرەنجام دەبینێ بە مانەوە لە ئۆردگا بڕیاردەدرێ و بەردەوام لە هاوکێشەی نێوان پەلاماری ئەنفال و تالّی و سوێری ئۆردوگادا ژیان دەگوزەرێنن 0 بۆ زیاتر تێگەیشتن و شارەزا بوون سەرنجی ئەم خشتەی خوارەوە بدە کە تیایدا گرێی نشتەجێ بوون نیشانەیەکی جێ پرسیار و قورسە و بەشی زۆری خێزانەکان بە دەستێ وە دەنالێنن و بەردەوام لە خولەکی ئەو گرێیەدا دەتلێنەوە 0

خشتەی ژمارە ( 9 )

| دوای ئەنفال لە کویٚ نشتەجیٚ بووی | ئیستا لە کویٚی | شویٚنی نیشتەجیٚ بوونتان چۆن بوو | بۆ ناگەڕیٚنەوە بۆ گوند | ئۆردوگا یان گوند کامیان باشە | چی باشە بکریٚت بۆتان بۆ نیشتە جیٚ بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1/ئافرەت : ئۆردوگا | ئوردوگای سمود | خراپ | توانامان نی یە | هیچ کامیان | خانوو/ لە شار |
| 1/ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای سمود | خراپ | ئیٚرە باشە | هیچ کامیان | خانوو/ لە شار |
| 1/ ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای سمود | خراپ | توانامان نی یە | گوند | خانوو/ لە شار |
| 1/ ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای شۆڕش | خراپ | حەزناکەم باس بکریٚ | ئیٚرە | خانوو / لە شا ر |
| 1/ ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای شۆڕش | خراپ | ئیٚرە باشە | بۆمن ئۆردوگا | خانوو/ لە شار |
| 1/ ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای شۆڕش | خراپ | ئیٚرە باشە | لە نەبوونیا ئۆردوگا | خانوو / لەشار |
| 1/ ئافرەت : ئۆردوگا | ئۆردوگای شوڕش | خراپ | ناتوانین | گوند | خانوو / لە شا ر |
| 1/ ئافرەت : شار | ئۆردوگای سمود | خراپ | وەچی بگەریٚینەوە | گوند | خانوو / لە شار |
| 1/ ئافرەت : شار | ئۆردگای سمود | خراپ | توانامان نی یە | گوند | خانوو / لە شار |

بە ووردبوونەوە لە خشتە کە زیاتر لە ئالۆسکاوی گریٚیەکە دەگەیت ، بەلاّم دوا شت لەم لایەنەدا ئەوەیە دەتوانین بە و راستی یە بگەین کە نەبوونی جیٚگاو شویٚنی نشتەجیٚ بوون مەسەلەیەکی ئالۆزەو هەمیشە کار لە تیٚك چوونی ئیرادەی خیٚزانی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال دەکا ؟ ئەگەر وتمان بەلیٚ ئەوا شکی تیا نیە دەبیٚ دەسەلاّتی خۆمالّی بە هەر ریٚگایەك دەبیٚ کار بۆ کەم کردنەوەی مەینەتەکانیان لەم بوارە بکا بەر لە هەموو شتیٚ دابین کردنی جیٚگا و شویٚنی نشتەجیٚ بوون و هاوکات هاریکاری جدی ئەوانەی ئەیانەیٚ بگەڕیٚنەوە گوندەکانیان 0

## ئافرەتانی پیر و پەکەوتە چۆن ؟؟

ئەم ئافرەتە پەككەوتانە ئەوانەن کە بە ئێسکی پاشماوەی ئەنفالن و بەشی هەرە زۆریان لە نوگرەسەلمان هاتوونەتەوە ـ بەشێك لەم ئافرەتانە یان کوڕ یان کچ وکەسی نزیکیان بەری پەلاماری ئەنفال و بێ سەروشوێن کردن نەکەووتون ، یان کەسێکیان لەوانە لەو زندانانەی ناومان هێنان هاتوونەتەوە 0 تا رادەیەك حالّ و گوزەرانیان باشترە لەوانەی کە تەنها خۆیان هاتوونەتەوە و نزیکەی چواردە ساڵە چاوەڕوانن و لە چاوەڕوانیدا چاوەکانیان تینی لە بەر برا ، ئەم ئافرەتانە نە جێگاو شوێنی حەوانەوەیان هەیە و نەش دوای پەلاماری ئەنفال و ئەو هەموو چاوەڕوانیە دەتوانن ئاسودە بژین ..0 شتێ نیە بتوانێ بگاتە ئاستی خولّق تەنگی ئەم ئافرەتە پەككەوتانە و بتوانێ پێیان بلّێ: دلّنیابن و ساتێك بە دلّنیایی سەرکەنە سەر پشتییەکان ..0 ئافرەتێکی پەككەوتە ئازاری بە سوێی منالّەکانی بردە گلّەوە .. یەکێکی تر چرایەکە پێ ناکاو چاوەڕوان ..0 یەکێکی تر داد و بیدادییەتی و تەنها بەشی گریان و هیچی تر .. یەکێکی تر دەرگای کەلاوەکەی پێوە ناداو دەلّێ : بەلّکو ئەمە خوایە هەوالّێکە دەست کەوێ .. یەکێکی تر چاوەڕوانی لە پێنان و کەمچکێ شۆربای دراوسێکەیانە ..0 یەکێکی تر کورم ئاخرزەمانمان بە چاوی خۆمان دی .. چەن ئافرەتێکی تر پێکەوە چیرۆکی تالّی ئەنفال دەگێڕنەوە ..0 کۆمەلّێکی تر باسی کوڕو کچە جوانەکانیان دەکەن .. تەمەنیش شەرم لە کەس ناکاو هەر ڕۆژەی یەخەی یەکێکیان دادەڕێ و چاوەڕوانی و برینەکانیان لە گەلّ خۆی دەپێچێتەوە و پێیان دەلّێ : ئەم هەموو چاوەڕوانیەتان بێ سود بوو ئەز دلّنیام کەسمان ناتوانین ئەم ئافرەتە پەككەوتانە دلّنیاکەین و پێیان بلّێین : ئەوەیە دروست ترین ڕێگا بۆ ئێوە .. چونگە ئەمان هەرچی دەیلّێن بە قەناعەتەوەیە و ئەوەشی ئێمە دەیلّێین تەنها بۆ تێپەڕاندنی ساتە موحرجەکانە وهیچی تر ..کوا خانەو مالّێکی تایبەت بە وان ؟ کوا بڕیارێکی تایبەت بە وان ؟ کوا مالّێکی پاك لە خۆیان پاکتر و بێگەرد تر بۆ ئەوان ؟ کوا شیکردنەوەو تێفکرین لە گرێی ناخی ئەوان ؟ هیچی تر نا لەم بارەوەو بەس ..0

---

- ئافرەتانی پرس پێکراو لە نێو خشتەکەدا بەشێوەی مەیدانی و وەك نموونەیەك لەم بوارە هێنراوەتەوە 0

## مامەڵەی کۆمەلّ لە گەلّ ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال :

ئەگەر بڕیارە پێك هاتەی كۆمەڵ تاكەكانی كۆمەڵگا بێ و دەبێ خەڵكی پاشماوەی ئەنفال بەهەردوو ڕەگەزی "نێرومێ"وە بەشێكی بەرچاوی ئەو كۆمەڵەی ئێمە بن و كاریگەری و قورسایی خۆیان هەبێ بە تایبەت لەو شوێنانەی كەڵیی نشتەجێن ، بەو پێیەی ئەمانی تاكەكانی پاشماوەی ئەنفال بە تایبەت ئافرەتان لە دیارترین قوربانیەكانی نمونەی ئابوری و كۆمەڵایەتی و هتد نێو كۆمەڵگای ئێمەن 0 بۆیە ماڤی خۆمانە بپرسین : شوێن و جێگای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال لە نێو كۆمەڵی كوردی خۆماندا لە كوێدایە ؟ سەرەداوی چوونە نێو قسە و باس لەم لایەنە ئاسانە و گەیشتنی بە دەرەنجامی پێویست و یەكلاكەرەوە ئاسا نیە 0 چونكە كۆمەڵی ئێمە تا ئێستا نازانێ پەلاماری ئەنفال كەی و بۆچی كراو هۆكارە بنەڕەتیەكەی چی بوو ؟ بە مانایەكی ترو خوێندنەوەیەكی تر تا ئێستا بە ئیشێكی زۆری تاكەكانی كۆمەڵگەكەمان بە شوێن پێی "بەعس" دا هەنگاو دەنێ 0 واتا كار لە فراوان كردنەوەی ئەو تێكشكانە دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و هتد دەكا كە "بەعس" لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفالا نەخشەی بۆ كێشاو جێبەجێی كرد بەمەش بیەوێیاخود نا ، خزمەت بە پرۆژەكەی "بەعس" دەكا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ ـ بۆ نمونە كەسێك و دوان و زیاتر ، لە جیاتی لێكدانەوەی كاریگەرییەكانی گوتار و پەلاماری ئەنفال لە سەر ئافرەتان بڵێ : ناتوانم خێزان لە گەڵ ئەو ئافرەتە ئەنفالە  دروست كەم چونكە پاشماوەی ئەنفالە .. یەكێكی تر بڵێ : سواڵكەرە ئەنفالەكان حەیاو شەرفیان بۆ نەهێڵاین .. یاخود گوێمان لێ وەبێ ، یان بە چاوی خۆمان دەبینین كە ئافرەتێك ئەتك دەكرێیەكێكی تر ئەشكەنجە دەدرێ و یەكێكی دیكە دەكوژرێ بە بیانووی بێ بنەماو دوور لە هەموو تەقالیدە مرۆییەكان .. ئەگەر ئەمە هەنگاونان نەبێ بە شوێن پێی "بەعس" دا دەبێ چی بێ ؟ ئەگەر ئەمە هەوڵی چەند بارە تێكشكاندنەوەی ئەم ئافرەتانە نەبێ دەبێ چی بێ ؟ بە دڵنیاییەوە تاقە یەك ئافرەتی پاشماوەی ئەنفال ناتوانێ دڵنیا بێ لەوەی كە لە ناو كۆمەڵێكی متمانەدار لە بەرامبەر خودی خۆی دەژی تا ئاوها لە ناو كۆمەڵێكی ناهۆشیار بەرامبەر بە پەلاماری "ئەنفال" دا هەڵس و كەوت بكا..بە مانایەكی تر ئەم ئافرەتانە لە ناو كۆمەڵێكی نا تەندروستدا دەژین و ڕۆژ دوای ڕۆژ باری سەرشانیان قورس تر دەبێ 0 تەنانەت ئەوانەی پێش چواردە ساڵ و بە چەند مانگێك دوای ئەنفال لە دایك بوون ئەمڕۆ توشی هەمان هەڵس و كەوتی دەوروبەر و كۆمەڵگەكەیان دەبنەوە 0 من وای دەبینم كێشەی گەورەمان نەبوونی ناوەندێكی " وشیاری " یە كە بتوانێ تاكەكان لەو ئاستەدا پەروەردە كاو تێبگەیەنێ كە پەلاری ئەنفال بۆ سەر كورد بێ سەروشوێن كردنی ژمارەیەكی زۆر و بە جێمانی كۆمەڵی خێزان لە پاشماوەی پەلامارەكە  ، پەلامارو هێرش بوو بۆسەر كەینونەی نیشتمانی و نەتەوەیمان و هەر تاكێكیش لە تاكەكانی پاشماوەی ئەنفال بوون و ڕەوایەتی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان دەسەلمێنن ـ ئەو هەوڵانەشی كە هەبێ زۆر كز و لە ئاستی پێویستی قەبارەی تاوان و پەلامارەكەدا نین بە وتنێكی تر تا ئێستا پرۆسە و پەلاماری ئەنفال ئێمە دەهاڕێ و تێك دەشكێنێ ، نەك ئێمە ئەو ڕەد دەكەینەوە دواوە و بڵێین نا بۆ ئەنفال و "بەعس" هەروەك سەرەتاش وتمان ئافرەتان قوربانی پلەیەكی ئەو هاوكێشەیەن و گوزەران

دوای پەلامارەکەش بۆ ئەوان بوە بە دۆزەخ 0 کەوایە ئەم حالّەتەش وەك حالّەت و لایەناکانی تر جێی تێ رامان و ووردبوونەوەی پێویست و گرنگی پێدانە ، نەك بە پەراوێز خستن و لە بیر کردن 0

## قسەی کۆتایی

ئەوەی لە پێش وترا و نوسراوە ، بە بڕوای من تەنها دەرگا کوتانی گرفت و مەینەتی و گرێیەکانی ئافرەتانی پاشماوە و پەراوێزی ئەنفالە و بەس ..0 بە واتایەکی تر ئەوانەی وتران و نوسراون ناتوانن گوزارشی پڕاوپڕ لە برینی جەستەی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بکەن .. کەوایە ئەو ڕەهەندەی کە ئێمە لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفالدا هەڵمان بژارد و قسەمان لەسەر کرد ، دیارترین مەسەلەیە لە پاشماوەی پەلاماری ئەنفالی ساڵی 1988 ..0 ئیمکانیش هەیە وردتر و فراوانتر قسە و خوێندنەوەی لەسەر بکرێ و تەنها قسەیەك کە مەبەستمانە کە بکرێ ئەوەیە : بڕوا ناکەین لەسەر ئەم کارەمان سەرزەنشت بکرێین و بەڵکو پێمان وایە دەبێ گشتمان باسکی لێ هەڵمالێن و رووی بابەتیانەی ئەم مەسەلەیە بخەینە روو لە پێناو خێزانێکی تەندروست ، لە پاشماوەی پەلاماری ئەنفالدا ..

سەرچاوەو پەراوێز :

1 0 گۆڤاری ئەنفال ژمارە (1) ساڵی (2..)

2 0 ئەنفال ، کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی / یوسف دزەیی 0

3 0 گۆڤاری بیری نوێ / ژمارە 25+26 0

4 0 لە پەراوێزی ئەنفالدا / تەها سلیمان /1999 0

5 0 بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی داکۆکی لە ئەنفال / ئۆردگای رزگاری 0

6 0 سەرژمیریەکانی نوسینگەی ئەنفال / پارێزگای کەرکوك 0

7 0 سوود وەرگرتن لەو گەشتانەی بۆ ناوچەی داودە / ناوچەی جاف / بناری گل / کراون 0

8 0 سود وەرگرتن لە بیست ئەڵقەی بەرنامەی خۆم لەوێ بووم †v – ئازادی کەناڵی سلیمانی 0

9 0 خشتەی راپرسیەکان / ئەنجامی گەشتەکانی ناو خێزانە ئەنفالەکان و دواندنی راستە و خۆی ئافرەتان خۆیان 0

10 0 جینۆساید لە عیراقدا / پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد / و / سیامەندی فەقی زادە 0

11 0 پرس و را گۆڕینەوە لە گەڵ نزیك بوان لە خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفال

12 0 چاوپێکەتن لە گەڵ مامۆستا شەونم / دانشتوی کەلار شارەزا لە بواری مەسەلەی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال / دوو جار 0

13 0 راگۆڕینەوە لە گەڵ گولاڵەی گەرمیان / لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و راگوری کەلار 0

# ئۆردوگا لە چوار چێوەی پەلاماری ئەنفالدا

پێش بار :

ئەنفال یەکێکە لە پەلامار و کارەسات و کۆستە گەورەو دژە بەشەرییەکان ، کەلەلایەن ستەمکار ترین و تۆتالیتارترین رژێمەوە ( بەعس ) دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی باشوور لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەندام درا 0 ئەم پەلامارە لەسەر کۆمەڵێ ستراکتۆری سەرەکی و ریشەی لە فکر و گوتاری (بەعس ) دا گەڵاڵە و ئامادە کرابوو ، لە باگراوندی هەمان ئەو فیکرو گوتارەدا بابەت گەلێکی شاراوە ونهێنی ئامادەبوونیان هەبوو ، ئەوساو ئێستا دوای روخانی (بەعس) توانای خوێندنەوەو شیکارییان لە ئاستی لاوازو شپرزەیی و هەڵپەدا ماونەتەوە 0

دەرکەوتنی دەرهاویشتەکانی کارەسات یاخود کۆستی ئەنفال بەردەوام و رۆژ دوای رۆژ ئەو راستی یە دەسەلمێنێ کەئەو دەنگانەی کەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و گوایە زۆر وتراوە لەسەر ئەنفال و ئیتر پێویست ناکا هیچ بوترێ و هەرچیش بوترێ و بنوسرێ زیادە ، جارێکی تر و بەشێوەیەکی جەدەلیانە ئەنفال و خوێندەنەوەی لایەنە جیاجیاکانی پێچەوانەی ئەو دیدە خۆ دەسەلمێنێتەوە 0 وە 0 یان رونتر وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ئەو کۆمەڵە پنت و ستراکتۆرە گەڵاڵەو ئامادەباشی فیکرو گوتاری ئەنفالی لەسەر بونیاد نرابوو ، یاخود راوەستابوو ( بەعس) یش لە چوارچێوەی بەربڵاوترین پەلاماردا خاوەنی پلەیەك بوو لەجێبەجێ کردنی دا ، دەبێ لە پاڵ ئەوەش بزانین کە بەدەرنی‌یە لەناوەرۆکی کلتوری سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ( عەرەب ) یان بەماناو تێگەیشتنێکی ترو وردتر ستراکتۆری ریشەیی ئەنفال وەك فیکرو گوتاروپەلامار بۆسەر کورد لەلایەن (بەعس) وە دریژ کراوەی شەڕانگێزی وبیر تەسکی کلتورێکە کە (عەرەب) ( وەك فیکر وەك مێژوو) خاوەنیەتی و (بەعس) یش بەفۆرم و گەڵاڵیەکی مودێرن و بەپشت بەستن بە کۆمەڵێ ستراکتۆری دژە مرۆی هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی و ئەو بنەما، یان ستراکتۆرانەش بازنەو چوارچێوەی سەرخستنی پەلامارەکە دیاری دەکەن 0 یەکێك لەو ستراکتۆرە سەرەکیانەی پرۆژەی پەلاماری ئەنفال ئۆردوگایە ، واتا ئوردوگای زۆرە ملێ ، ئۆردوگا لە تێکەیشتن و خوێندنەوەی فیکرو گوتاری ( بەعس) دا پێش جێبەجێ کردنی نەخشەی پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کوردستان وەك قۆناغێکی گرنگ و سەرەتایەك بۆ سەرخستنتی پەلامارەکە کاری بۆ کردو بوە قۆناغێك لە قۆناغ بەندییەکانی پرۆژەی پەلامارەکە 0 لەم نووسینەدا هێندەی بوار هەبێ و لەتوانادا بێت لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە دەکەین واتا مەسەلەی "ئۆردوگا " بێگومان ئۆردوگا لە چوارچێوە ی پەلاماری ئەنفالدا ـ چونکە پێم وایە ئۆردوگا لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفالدا قۆناغێکی گرنگ و مەترسی دارە و تا ئەم ساتەش مەترسی ئەم مەسەلەیە فراوانەو شۆڕ دەبێتەوە و کاریگەرییەکانی دەردەکەون 0

# ئۆردوگا لە نەخشەی پلاماری ئەنفالدا :

ئۆردوگا لە ستراکتۆری فیکرو گوتاری ( بەعس ) دا تایبەت بە پەلاماری ئەنفال ئەو ڕێگاو جێگا ئەمنیە توند و تۆڵەیە کەدەتوانرێ بەشێك لە ناوەڕۆکی نەخشەی پەلاماری ئەنفالی تیا ساغ بکرێتەوە ، بۆیەش بەر لە پەلامارەکە وەك وتمان ئۆردوگای دروست کردو لەوێشەوە دەستی پێ کرد کە سەرجەم دێهاتەکانی نزیك شارو شەقامە گشتی‌یەکانی نێوان شارو شارۆچکەکانی روخان و دانیشتوانەکەشی بەزۆرە ملێ هێنایە ئۆردوگا ، دوو خاڵی گرنگ لەم قۆناغەی نەخشەی ئەنفالدا ئامادە بوونیان هەبوو :

یەکەم / خاپوور کردنی گوندەکان و نشتەجێ کردنی دانشتوانەکانیان یان رونتر فڕێدان و راگوێزان ی دانشتوانەکانیان بۆ بێکەڵك ترین شوێن کە ئۆردوگایە 0

دووەم / بەدوای ئەوەیشدا قەدەغە کردنی ڕێگاوبانەکانی ئەو گوندانەی کە خودی دەسەڵات دارانی (بەعس) پێیان وابووە ، بەمانەوەی ئەو گوندانەی نزیك شارو شارۆچکەکان و ڕێگاوبانە گشتی‌یەکان پەلاماری ئەنفال و نەخشەکەی دەکەوێتە بەردەم مەترسی‌یەوە 0

چونکە ئەگەر ئەم ستراکتۆرە ریشەی پەلاماری ئەنفالی وەك هەنگاوی یەکەمی پەلامارەکە رایی نەکردایە ، ئەوا لە کاتی پەلامار بۆ سەر گوندەکان خەڵکێکی زۆر لە سنوری ئەو گوندانەی لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەی پەلاماری ئەنفال بۆ سەر گوند نشینەکان قوتارو رزگار دەبوون 0 ئەمە دەقاودەق دووبارە کردنەوەی ئەو سیاسەت و نەخشەیەیە لە شێوە پراکتیکیەکەی ئەنفالدا کە (ستالین) لە ئەرمینیا لە دژی ئەرمەنیە (کۆڵخواز )ە کان بەناوی نوێ کردنەوەی (دێ)وە ئەنجامی دا ، (ستالین) بەپێی نەخشەیەك گوندەکانی دەڕوخان و بە جوتیارەکانی دانشتوانی ئەو گوندانەی رادەگەیاند کە دەبێ لەشار نیشتەجێ بن 0 ئەمەش بۆ ئەوە بوو کۆنترۆڵی جوڵەو چالاکی جوتیارەکان (کۆڵخواز) بکات ، بەڵام دیارە ( بەعس ) ئەمەی بەناوەڕۆك و مەبەستێکی ترو لە  چوارچێوەی نەخشەیەکی تۆکمەو فراواندا گواستەوەو تەقەنیاتی سەرخستنی نەخشەو پەلامارەکەش لە سەر ئاستی بەرزو پێویستی زۆر بۆ مەبەستی لەلایەن (بەعس) وە سازو ئامادە کرا 0 (بەعس) کەلە قۆناغی یەکەمدا سەرقاڵی روخاندن و خاپور کردنی گوندەکانی نزیك شاروشارۆچکەە شەقامە گشتی‌یەکانی نێوان شارو شارۆچکەکان بوو ، سەرکەوتنی بەدەست هێناو وەك وتمان دانشتوانی ئەو کوندانەی لە ئۆردوگای زۆرەملێدا توند کرد ، دواتر پەلاماری ئەنفالی بەڕەسمی دەست پێ کرد دوای دەر کردنی بریاری ژمارە (8..9/28) لە بەرواری 1987/6/20 کە بانگەوازی هەموو گوند نشینەکان دەکا لەماوەیەکی دیاری کراودا گوندەکانیان جێبهێڵن و بێنە شارەکانەوە ، دوای ئەو ماوە دیاری کراوەش ئەگەر لە گوندەوە دابەزن بۆ شار ئەوا لە ریزی تێکدەر دادەنرێن و (بەعس) بەرپرس نی‌یە لە چارەنووسیان ، وا دەگەینە ئەو رایەی

که پەلاماری ئەنفال خۆڕسکانە نەبووە ، بەڵکو پێش وەخت ئامادەباشی بۆ کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە ، وەك لە بڕیارەکەی سەرەوەش کە باسمان لێوە کرد دڵ رەقانەو بەپەلە لەسەر دانشتوانی جێبەجێ کرد ، رونتر زیاد لە (4..) گوند کە پێشتر لە شوێن و جێگای خۆیاندا نیشتەجێ بوون و سەرقاڵی ژیان و گوزەران بوون دەهێنرێن لە گرتوو خانەیەکی مکۆمی وەك ئۆردوگادا کە بەپێی نەخشەیەك دامەزراوە و دروست کراوە لە چەند شوێنێکی جیاجیادا تێی دەئاخێنرێن یان تێی فڕێ دەدرێن 0 دەبێ ئوەش بگوترێ کە ئۆردوگا دروست کردن کۆکردنەوەی خەڵك بەزۆرەملێ ( قصری) تیایدا ، سیاسەت و پرۆژەیەکە لە بەرنامەی (بەعس) لەماوەی دەسەڵاتداریێتیدا مێژینەی خۆی هەیە لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتیەوە تا کۆتای دەسەڵاتەکەی ، بەڵام ئەمجارەیان و رێك ساڵێك پێش پەلاماری ئەنفال و لە کۆتای ساڵی 1986 داو بە درێژای ساڵی 1987 لە سەر نەخشەی ستراکتۆری پەلامارێکی بەرفراوان و بۆ پاڵ پشتی و سەر خستنی پەلامارەکە و ئامانجە کانی بەرجەستە دەکا بە شێوازی نوێ و تەقەنیاتی نوێ و مەترسی هێنەر 0

---

## ئاراستە کردنی ئۆردوگا وەك شوێن و رێگای کۆکردنەوەی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال:

ئۆردوگاکانی ( سمود ، شۆڕش ، بنەسلاوە ، دارەتوو ، باینجان ، کەوڵ پۆس ، بەحرکە ، جێژنێکان ، نەسر ، عەربەت ) لە ساڵی 1987 بۆ 1988 چی لە پێش ئەنفال و چی لە پاش ئەنفال دروست کران لە پێشوتریش قسەیەکمان لەو راستیەیە کرد کە ئۆردوگا لە سایەی پرۆژەو پەلاماری ئەنفال و بەرنامە هەمە لایەنەکەی ( بەعس ) دا جگە لە گرتووخانەیەکی پڕ لە ئێش و ئازارو نەخۆشی هیچی تر نەبوو ، بێگومان هێنانی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بۆ ناو ئۆردوگا یاخود رونتر فڕێدانی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بۆ نێو ئۆردوگا جگە لە رستێك بیر کردنەوی تێکشکان و داهێزرانی خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفال هیچ قسەو لێك دانەوەیەکی تری نەدەگرتەخۆ ، رونتر ( بەعس) ئۆردوگای وەك تەواو کەری پەلاماری ئەنفال و روکنێك لە روکنە گرنگەکانی نەخشەی ئەنفال دانابوو ، چونکە ئەو (بەعس) لە قۆناغی سەرەتایی نەخشەو پەلاماری ئەنفالدا بەسەر روخان و تێکشکانی گوندەکانی نزیك شارو شارۆچکەکان و هێڵە گشتیەکانی هاتووچۆ کردندا سەرکەوت و بەمسەرکەوتنەش رێگاو جێگای فراوان کردن و مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی گشتگیرێتی پەلامارەکەی کەلە چەندین قۆناغدا خۆی بینیەوە بەرینتر کرد 0 من پێچەوانەی زۆر بۆچوون پێم وایە دروست کردنی ئۆردوگا لە پێش فراوان کردنی پەلامارەکانی ئەنفال بەڵگەی حاشا هەڵنە گری ئەو راستیەیە کە (بەعس) سەرجەم لایەنە جیاجیاکانی پەلاماری ئەنفالی لێك داوەتەوەو لە ناویاندا لایەنی ئەگەری دەربابوونی خەڵك لە چوار چێوەی پەلامارەکەدا ، چونکە ئەگەر ئۆردوگای دروست نەکردایە وەك دەرکەوت خەڵکی زیاتر لە چوارچێوەی پەلامارەکە قوتار

دەبوون یاخود لە گەڵ قوتاربووندا تێکەڵ بە خەڵکی شارەکان دەبوون و دۆزینەوەو دەست نیشان کردنیان لە لایەن دام و دەزگا جۆراوجۆرە داپڵۆسێنەرو سەر کوتکەرەکانی (بەعس)وە دەبووە جۆرێك لە مەحاڵ 0 بە دیوەکەی تردا ئەو خەڵکەی پاشماوەی ئەنفال کەی بۆ (بەعس) و دام و دەزگا جۆراو جۆرەکانی لە ناو ئۆردوگاو هەڵسوکەوت لە گەڵیاندا ئاسان دەبوو بەرامبەر بەوەی ئەو خەڵکەی پاشماوەی پەلامارەکە دابەش ببوایەن بە سەر شارو شارۆچکەکاندا ، چونکە دوای کۆتای پەلاماری سەربابیانەی ئەنفال و تەواو کردنی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی ، قۆناغێکی نویٚ و بەرنامەیەکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئیش کردنە لە سەر تێکشکانی کەینونەی سەرجەم خێزانەکانی پاشماوەی پەلاماری ئەنفال ، کام شوێن و جێگا لەبارە بۆ رایی کردنی بەرنامەی ئەم قۆناغەو تەوزیف کردنی کەرەستەکانی بەرنامەی ناوبراو، بێگومان ئۆردوگا بە هەموو تایبەتمەندییە خراپ و ناجۆرو نالەش ساغی و ئاستە ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونیە خراپەکانیەوە 0 لەلایەکی دیکەوە ئەو خەڵکەی تر کە زۆرترینیان پیرو پەککەوتە بوون و لەگرتوخانەکانی ( نوگرەسەلمان و دوبز و تۆپ زاوە ) کە بەشێکی گرنگی پاشماوەی ئەنفال پێك دێنن (بەعس) لە پرۆسەیەکی چڕو دیسان نەخشە بۆ کێشراودا ئاخنی یان فرێی دایە ئۆردوگاوە، ئیتر هەردوو بەشەکەی پاشماوەی ئەنفال ئەوانەی لەچوارچێوەی پەلامارەکەدا هەرچۆنێ بوبێ کە قووتاربوون و ئەوانەی کەلە گرتوخانەکان پیرو پەککەوتەبون و هاتنەوە لە ئۆردوگاداو لەژێر پلەی سفرەوە دەست بەژیان دەکەن ، بەرنامەی خودی (بەعس)یش بۆ بەردەوام تێکشکان و داهێزرانیان لەلاوە بوەستێ ـ دیارترین نمونەش ئەو درزو جیاوازییە مەقسودەی (بەعس) بوو لەنێوان خەڵکی پاشماوەی ئەنفال و هاووڵاتیانی تردا، کە ئەمەش لە رێگای نەخشەی چڕو رایی کردنی راستەوخۆ لەلایەن دام ودەزگا جۆراوجۆرکانی (بەعس)وە بوو ـ سەرباری ئەوەش دەزگایەکی سیخوڕی چاودێری جیبەجێ کردنی بەرنامەی ناوبراوی دەکرد ـ دەتوانین بێژین لەم چوارچێوەدا خەڵکی پاشماوەی ئەنفال تاسەر ئێسقان ناشرین و نابوت دەکرا کەوەك وتمان بە پێی نەخشەو بەرنامەیەکی چڕ کاری بۆ دەکرا 0 ئەمە راستەوخۆ تەواوکەری ژێرخان و سەرخانی ئەو گوتارەبوو کە ( بەعس ) بۆ خۆی و پرۆژەکەی بەوردی چاودێری دەکردو کاری تیادەکرد، چی لەرووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری و ..0 هتد چی لە رووی ژیان و گوزەران و ئابوری و سەرچاوەی بەردەوام بوون لە ژیان 0 بەواتا (بەعس) کاری لەوەدا نەدەکرد لە رووی هۆشیاری سیاسی و نیشتمانیەوە ئەوەی کەلە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال بە جێمابوو تێك بشکێنێ بەڵکو دەیەویست کۆی ئەو خەڵك و خێزانانە بەردەوام لە تەنگانەی ئابووری و سەرچاوەی بژێویدابن ، کە بەمەی دواییان ئەگەری یەکەمی بەتەواوی تێك و پێك دەشکاند 0 لە ناو کۆی ئەم هاوکێشەو بەردەوام بوونەی پەلاماری ئەنفال ، شێوازێکی تر کە ئەویش قۆستنەوەی خەڵکە سادەو ساویلکەکەی ناو خودی کۆمەڵگای کوردی بوو لەسەر ئەوە رایدەهێنا کە هەمیشە خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بە مرۆڤی پلە دوو یان پلە سێیاخود کەمتر تەماشا بکرێن ، کە ئەمەش دیارترین گرێی دەروونی بۆ خەڵکی پاشماوەی ئەنفال دروست کرد 0

## بەعس و ئۆردوگا .. بەردەوام بوونی ئەنفال

(بەعس) دەزگا گەلیکی جۆراوجۆری لە پەلاماری ئەنفالدا بە کار هینا  کە دیارترینیان ئەمانەبوون لە یەکەی ( سەربازی ، ئیداری ، هەوالگری ، ئەمنی ، حزبی ) و هتد وەك حزبی بەعس .. خاوەنی بیرۆکەو پرۆژەی پەلاماری ئەنفال / گاردە کۆماری .. هەڵبژاردەی شەرکەری پەلامارە سەربازییەکان / بەڕێوەبەرێتی گشتی هەوالگری .. سەرپەرشتکاری کۆکردنەوەی خەڵك لە شوێن و جێگا سەرەتاییەکان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی عام .. کۆکردنەوەی زانیاری چڕو تۆکمە لە سەر کۆی حاڵەتە جیاجیاکان و چاودێری کردنی دانشتوان / هێزەکانی کتوپڕی .. کەراستەوخۆ لە ژێر فەرماندەیی ( حزبی بەعس ) دابوون و بریتی بوون لە جاش ، ئەمن ، پۆلیس و بەرپرس بوون لە زانیاری ناوشارەکان / فەوج و یەکەکانی جاش .. رۆڵی یارمەتی‌دەر لەشەڕو رووبە بووبوونەوەکان لە پەلاماری ئەنفال و پاسەوانی کردن لە شوێنەکانی کۆ کردنەوەی خەڵك / سوپای میللی .. کارو فەرمانیان پاسەوانی بوو لە شوین و سەربازگەکانی کۆکردنەوەو بەند کردنی خەڵك / لە گەڵ چەندین لیژنەی جۆراوجۆر کە هەریەك ئەرك و موهیمەی جۆراوجۆریان لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال پێ سپێردراوە یان سپێردرابوو ، بەرپرسی پلەیەك و دەست رۆیشتووش مەکتەبی باکوور واتە ( کوردستانی) ( بەعس) بووە کە ( عەلی حسن مجید) واتە عەلی کیمیاوی سەرپەرشتی راستەوخۆی کردووەو پێی هەڵساوە بە چاودێری و رێنوێنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بە تایبەت ( سەدام ) و راوێژکارە نزیکەکانی 0 ناوەڕۆکی پرسیارەکە لە ویدایە کە ئایا بە کۆتای هاتنی پەلاماری سەربازی لەلایەن ئەو هێزو یەکە و دەزگایانەی ناومان هێنان ، ئیدی ئەرکی ئەو هێزو یەکانە تەواو بوو یاخود بە پێچەوانەوە ئەرکیان وەك خۆی مایەوەو بگرە هەندێکیان ئەرکیان زیادی کرد؟ ئەمە لە کاتێکدا کە ئۆردوگا نەخشەو بەرنامەیەکی تربوو لە فیکرو گوتاری (بەعس) دا ، دوای کۆتای هێنان بە قۆناغە جیاجیا کانی پەلاللاری ئەنفال ؟ ئەوەتا ( عەلی کیمیاوی ) دوای پەلاماری سەربازی ئەنفال و بەگوتەی خۆیان وێران کردنی (4722 ) گوند و کوشتن و دەربەدەر کردن و راگوێزان بە پشتیوانی خوا توانیمان تاقمی تێکجەران و هاوکارانی دوژمن و ئاوارەکردنی دانشتوانەکانیان دەڵێ : لە باکوری خۆشەویشتمان ( مەبەست لە کوردستان )ە لەناوبەرین ئێستا بارودۆخ لە ناوچەی باکوردا پێویست بە هەندێ ئیجرائات دەکات کەلە گەڵ ئەم قۆناغە نوێیە بگونجێ )0 کام قۆناغی نوێ کە عەلی باسی لێوە دەکات ؟ ئایا مەبەستیەتی دوای وەحشیانەترین و دڕندانەترین پەلامار ، ژیان و گوزەران بگەڕێنیتەوە بۆ ناوچەکە ( کوردستان ) یان ئەو (عەلی) قسە لە چنینەوەی بەرهەمی جێبەجێ کەری نەخشەی پەلامارێك دەکا (ئەنفال ) بۆ بەعس و دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکەی ؟ ئەو سەرپەرشتی و جێبەجی کەری نەخشەی پەلامارێك ربووە (ئەنفال ) کە زۆرترین

خەڵكی تیادا زیندەبەچاڵ و كۆمەڵ كوژ كراوەو بەرینترین خاكی كشت و كاڵی و (4045) گوندو زۆرترین سەرمایەی ئەو ناوچەیە (كوردستان) كراوە بە سووتماك و كارەساتێك لەو پەلامارەدا بەرپا بووە لە مێ ووی مرۆڤایەتیدا كەم ویچنەیە ، بیگومان مەبەستی زیاتر بەقەرەبرووت كردن و تێكشكان و داهیچزرانەە ، هلە پشتی هەموو شتیچكەوە نەخشەی مامەڵە كردن لە گەڵ ئەو ئۆردوگایانەی كە بۆ خەڵكی پاشماوەی ئەنفال دروست كرابوون ، یاخود دوای پەلامارەكە دروستكران 0 وەجارێكی تریش كۆی ئەو هێزو یەكە و دام و دەزگایانە بەكارە دەباتەوە لە درێژەی هەلاماری ئەنفالدا ، بەلاّم ئەمجارەیان جیوازەو هێرش و پەلاماری سەربازی نی یە ، بەڵكو ئۆردوگایەكە و كراوەتە گرتوخانە بۆ خەڵكی پاشماوەی ئەنفال و لە زێز پێ لەقەی نەگریس ترین نەخشەو پەلاماردایە 0روونتر ئەگەر تاكێكی خێزانێكی پاشماوەیئەنفال بۆ چەند كاتژمێرێك لە ماڵ یاخود لە ئۆردوگاكەیدا نەبێ دوای كەمترین ماوە بانگ بكەیتە بەردەم چەندین لێكۆڵینەوەی جیاوازو لێپێچینەوەی جوراو جۆر و سزای جۆراوجۆری بدرێ 0

## ئۆردوگا .. بەردەوام بوونی نەخشەی ئەنفال

گومان لە وەدا نەماوەتەوەو نەهەیە كە ئۆردوگاو دروست كردنی و فڕێدانی خەڵكی پاشماوەی ئەنفال بۆناو ئۆردوگا تواو بەردەوام بوونی نەخشەی پەلاماری ئەنفال دەگەیەنیٚ ، بە دیدێكی تر یەكێك لە دەرهاویشتە سەخت و لێوان لێو لەتراژیدیاكانی ئەنفال گیرسانەوەی یان بە ناچاری ستر گرتنی كەس و كاری پاشماوەی ئەنفالە لە ئۆردوگاكاندا كە ( بەعس ) بۆهەمان مەبەست دروستی كردبوون یاخود دروستی كرد بۆ فڕێدانی ئەو خەڵكەی پاشماوەی ئەنفال بە تۆبزی و زۆرەملێ 0 بە فڕێدانی ئەو خەڵكە بۆ ئوردگا نەفەرار گرتن و ستر گرتن و گیرسانەوە لەناو ئەم خێزانانەی كەس و كرای پاشماوەی ئەنفال دروست كردبوو ، بەڵكو بەرلە هەموو شتێ ترس لە مۆتەكەی (بەعس) سەرجەم كون و كەلەبەرێكی ژیانی ئەم خیچزانانەی تەنیبوو لەلایەك ترس لەوەی لە هەر لەحزەیەكدا ئەمانیش ئەنفال بكرێن بەواتا بێ سەروشوێن بكرێن ، لەلایەكی تریش ترس لە چاوەنووسی ئەو خەڵكە بێ شوومارەی بێ سەروشوێ كران و چاوەڕوانی پرسوێی مناڵ بۆ باوك و باوك بۆ مناڵ و دایك بۆ مناڵ و خوشك و بۆبرا بار بۆ خوشك و مێرد بۆ هاوسەرو لاو بۆ دەزگیران و .. هتد بەدرێژایی (17) ساڵە ترس بە شێوەیەكی مەترسی دارو زیان بەخش بە دیووە ئێجگار كاریگەرەكەی بەردەوامەو هەر كاتەو لایەنیچكی بەڕوونی دەردەكەوێ ، بەلاّم دەكرێ ئەوە لە بیر نەكەین كە ترس لەنێو خێزانەكانی پاشماوەی ئەنفال لە ماوەی (17) ساڵی رابردوو چەند جۆرێكی هەبووە لە دوای 1988 تا راپەڕینی 1991 جۆرێك ترسو تێكشكان هەبووە ، لە دوای راپەڕینی 1991تا 2..3 پێش روخانی رژێم جۆرێك ترس هەبوو ، لە

3..2 و دوای روخانی رژێم جۆرێکی تری دوو دڵی و ترس هەیە ، ئەگەر چی لە دوای 1991 شێوەی ترسی یەکەم کەم بووەتەوە ، بەڵام ترسی دووەم بەردەوام بوو تا کاتی روخانی رژێم ( بەعس) ئیستاش دوای روخانی رژێم هیچ دڵنیا بوونێك بۆ هەر تاکێکی پاشماوەی ئەنفال نىیە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا درێژەدانە بە ستراکتورو نەخشەی پەلاماری ئەنفال واتا بە شێوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکەی کە لە1998 وە تائەم لەحزەیە بە شێوەیەکی مەترسی هێنەر لەناوماندا دەخولێتەوە و بەردەوامی و شۆڕبوونەوەی خۆی هەیە بۆ نێو جەستەو زاکیرەمان 0 ئاخر ئەگەر مرۆڤ بیهێنێتە پیش چاوی خۆی کە خێزانێك یان خۆت خێزانەکەیت و (17) ساڵە لە ئۆردوگایەکی دڵرەق و تفت و تاڵدا دەژیت و هیچ سەرچاوەیەکی ژیانت نىیە، منالەکانت لە رەر هۆکاری جۆراوجۆر ناچنە قوتابخانە ، کەسایەتی خۆت کەسایەتی پلە دووە لە ناو کۆمەڵگادا ، شوێنی حوانەوەو پشوودانت نىیە ، هەموو کەسێ ئامادەنىیە زەواج لە گەڵ کچەکەت بکات لە بەرئەوەی کچی ئەنفالە ، تەمەنی جوانی هۆا خستە سەر چاوەڕوانی چارەنووسی کەس و کارەکەت و ئەمانەو زۆری تر چۆن دەتوانیت لە ئاستیانا راوەستیت و پێکهاتەی خۆت و خێزانەکەت دروست کەیتەوە 0 دیارە (بەعس) لە کاتی خۆیدا ئەمەی ویستووە یاخود رونتر روکنە بنچینەییەکانی نەخشە و پەلاماری ئەنفال و لەسەروی هەموو شتێکەوە ئۆردوگا دروست کردن و فرێدانی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال تێی ئەمە ئامانجی بەعس و دەرەنجام و ئاکامەکەی بووە کە (بەعس ) تا پێش روخانی ئیشی لەسەر کردووەو هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە 0 ئەو جیاوازییەی کە بەعس لە نێوان شارنشین و ئۆردوگا نشین دا دروستی کرد بە بەرنامەو لە چوارچێوەی نەخشەو پەلاماری ئەنفالدا تا هەنووکەش ئەم جیاوازییە رووله زیادبوونە ، بەواتا ئەنفال بەردەوامەو بەردەوام دەبێ تائەو جیاوازییە نە کوژین بە پرۆژەو نەخشەیەکی بە هێزتر لە ئەنفال 0

## نەخشەی چاودێرییەکی وورد لە ئۆردوگادا :

کۆی ئەو یەکە و دەزگایانەی کە باسمان لێوە کرد لە نەخشەی چاودێری ئۆردوگاو کەس و کاری پاشماوەی ئەنفالدا ، بەشداری کارابوون 0 یان روونتر هەرلە سەرەتاوە (بەعس) لە رێگای دام و دەزگاو یەکە جۆراوجۆرە کانیەوە وریایی دەدا وە دانشتوانی شارەکان و خزم و کەس و کاری ئەنفال کراوان و هتد کە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە جێگاو رێگا بۆ کەس و کاری ئەنفال کراوان دابین بکرێت لەلایەن خزم و کەس و کاریانەوە ، ئەوەش ئەم سنوورە ببەزیچنێ ئەوا تووشی سزا دەبێ و خۆی بەرپرسیار دەبێ لە دەرەنجام و ئاکامی بەزاندنی ئەم سنوورە ، ئەمەو لە لایەکی تریشەوە هەموو جۆرە خۆراك و پێداویستیەك و هتد بە ئاسانی نەدە گەشتە دەستی ئەم خێزانانە و جگە لەمەش دەزگا سیخوڕییەکانی وەك ( ئەمن و ئیستیخبارات ) چاودێری ئەم خێزانانەی پاشماوەی ئەنفالیان دەکردو بگرە زۆر پاڵە پەستۆیان دەخستنە سەر بەتایبەت ئافرەتەکانی ناو ئەم خێزانانەو بانگ کردن و راکێشانیان بۆ بەردەم

لێکۆڵینەوە و مل پێکەچ کردنیان بۆ بەدەست هێنانی مەرامە نامرۆییەکانیان 0 ئەگەر بمانەوێ رونتر و وردتر قسە بکەین دەبێ بێژین نەخشەی تێکشکاندنی خێزانەکانی پاشماوەی ئەنفال قۆناغێکە لە قۆناغە ترسناکە کانی ئەنفال ، (بەعس) بۆ ئەم قۆناغە تەرخان کردنی یەکەو دامو دەزگاکانی بەوردی و لە ژێر چاودێرییەکی تۆکمەدا کار پێ کردوەو جوڵاوەتەوە ، یەك تاکی پاشماوەی ئەنفال نەبووە لە چوارچێوەی ئۆردوگادا بچوکترین ئازادییەکانی هاتو چۆ کردنی هەبووبێ و دەیان و سەدان جار بانگ نەکرابێتە بەردەم لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرو سوکایەتی پێ نەکرابێ و کەرامەت و کەسێتی تێك نەشکێنرابێت ، کەئەمە هیچی لە قۆناغەکانی تری نەخشەو پەلاماری ئەنفال نەبووەو بگرە سەخت بووە تا ئەو ئاستەی کەس و کاری پاشماوەی ئەنفال ئارەزووی مەرگ بکەن لە بری مانەوە و بەردەوام بوون لە ژیان 0 خۆ ئەگەر لەوحەی ئارەزوو کردن لە مەرگ و نەك مانەوەو بەردەوام بوون لە ژیان بخوێنینەوە ، یان راڤەو لێك دانەوەی بۆ بکەین ئەوا لەو راستی یە دەگەین کە ئۆردوگا نەخشەیەك بوو پڕ بەماناو دەلالەتەکانی دژی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال ، روونتر وەك بەردەوام بوونی پەلاماری ئەنفال لە کۆنەستی خەڵکی پاشماوەی ئەنفالدا 0

## مانەوەی ئۆردوگاو بەردەوام بوونی ئەنفال :

هەموومان نا/ بەڵکو زۆربەمان ئەو راستی‌یە دەزانین کە ئۆردوگا کەمترین پێداویستی خزمەتگوزاری تیا بەدی ناکرێ و نی‌یە ، بەتایبەت ئۆردوگایەك کە ( بەعس ) دروستی کردبێ و بۆ خەڵکێك نەخشەی بۆ کێشابێ لە چوار چێوەی وەحشیانەترین پەلاماردا کەوتبێتنە لاوە 0 ئیتر لێرەوە هەموو ساتێك مرۆڤ گەلێك کەلە چوارچێوەی پەلاماری ناوبراودا کەوتبوونە لاوە جگە لە چاوەڕوانی دەرەنجامی تاڵترو سەخت تر ، چاوەڕوانی هیچی تر نابن 0 وەك بە درێژایی ساڵانی رابردووی دوای ئەنفال تراژیدیای ئۆردوگامان بین ، ژیانمان بینی کەلە ئۆردوگادا چەن مەرگ هێنەر بوو ، بۆ نموونە ( پیرە پیاوێك بە ئێشی چاوەڕوانی خێزانە بێ سەروشوێن کراوەکەیەوە سەردەنیچتەوە ، منداڵێك بۆ هەتاهەتایە بە عەزرەتەوەیە باوکی خۆی ببینێ ، منداڵ گەلێك لە خوێندن و خوێندەواری بێ بەش دەبن ، سەدان منداڵ بە ناچاری روو بکەنە بازاڕی رەش ، سەدان ئافرەت بە دیار چارەنووسی بێ سەرو شوێن کراوانو خۆیانەوە ووشك نەڵاتوون لە ناو دیوارەکانی ئۆردوگادا ، سەدان کچ دەبنە قوربانی دەرهاوێشتەکانی ئەنفال ، زۆری تر وەك کێشەی ژیان و کۆمە ڵایەتی و تەندروستی و دەروونی .. هتد ) هەر هەموویان لە نەخشەو پێکهاتەی ئۆردوگادا لەیەکەم هەنگاوی پەلاماری ئەنفالەوە تا ئەمڕۆ ئامادەبوونیان هەیە و لە داهاتووشدا زیاتر دەردەکەون 0 خودی (بەعس)یش ئەم دەرەنجامەی ویستووەو رونتر لە ستراکتورەسەرەکییەکانی ئەنفادا کاری بۆ کردووە و لە چوارچێوەی پەلامارەکەیدا نەخشەی بۆ ئەم راستی یە تاڵە کێشاوە 0

من رام وایه مانەوەی ئۆردوگا بەو پەرپووتی و شلەژاوییەی ئێستاو رابردوو بە کۆی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانیەوە وەك ( کۆمەلایەتی ، تەندروستی ، ئابووری ، دەروونی ) لە بەردەم پرسیارێکی جدی و گرنگدا رامان دەکرێ وەك ( ئایا ئەمە جۆرێك یان قۆناغێك لە بەردەوام بوونی ئەنفال ناگەیەنێ ؟؟ لە زۆر جێگای ئەم نووسینەدا ئیشارەتمان بەوەدا کە ستراکتۆرێکی ریشەیی ئەنفال دروست کردنی ئۆردوگاو تێ ئاخنینی خەلکی پاشماوەی ئەنفال بوو ، ئەوانەی لە چوارچێوەی پەلامارەکە قوتاردەبن ، واتا ئەو راستی‌یەی لە جارێ زیاتر تەئکید مان لەسەر کردەوە کە ئۆردوگا نەخشەیەکی قولّ و دەرهاوێشتەی روئیای (بەعس) ە لە پرۆژەی پەلاماری ئەنفالدا ، مانەوەی ئۆردوگاش لە دیدی (بەعس) دا بەردەوام بوونی ئەنفال دەگەیەنێ بۆ تێکشکاندنی کەینوونەی کەسێتی تاکە کانی پاشماوەی ئەنفال و بە بیر هێنانەوەی بەردەوامی ئەنفال لە زاکیرەو هۆشی خەلکی ناوبراو ، ناکرێ بەبێ تێکشکاندنی سنورو دیوارو تەل بەندی ئۆردوگاکان ، بمانەوی کار لە سەر ئەوە بکەین +پنتێك لە پنتە گرنگەکانی رییشەو پەلاماری ئەنفال هەلوەشێنینەوە و پووچەلێ کەینەوە ، واتا تا ئۆردوگا بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام هەبێ ئەنفالیش وەك نەخشەیەکی تۆکمەو زیان بەخش بەردەوام دەبێ ، بەردەوام بوونی نەخشە و پەلاماری ئەنفال پەیوەندی بە روخان و لە ناوچوونی دەسەلاتی (بەعس)وە نی‌یە ، بەلکو پەیوەندی بە تواناو سەلیقەی راڤە کردن و خوێندنەوەی ئێمەوە هەیە لە ئاست ولام دانەوەو بەرگرتن لە ئاکامەکانی 0 لەوەش ناراست و نالەش ساغتر نی‌یە پێمان وابێ کە ئەنفال لە سالی 1988 رووی دا ووتار و نووسین و هەلپەی سیاسیە کانمان ولامە بۆی و بە روخانی بەعسیش کۆتایی پێ دێ ، ئەوەش کە لە پێشدا لەسەر ئۆردوگاو ئەنفال باسمان لێوە کرد ، دروست دەلیل و بەلگەی بەردەوام بوونی بەرنامەو نەخشەی پەلاماری ئەنفالە ، جا ئەگەر (بەعس) روخابێیاخود نا ، چونکە (بەعس) بەرنامەو نەخشەیەکی بۆ ئەنفال دارشت کە لە دوای روخانی خۆیشی کاریگەری سەختی دانا ، بڕواشم وایە ناکلارایی و کلۆلیەکانی ئێمە ئەوەیە نەمان توانیوە ولامی کەمترین پنتەکانی ئەو بەرنامەو نەخشەیە بدەینەوە 0

## چی بکەین ؟

---

بە بڕوای من یەکێك لە ئەرکە گرنگ و جدییەکانمان لە چوارچێوەی ئیش کردن لەسەر ئەنفال ئیش کردنە لە سەر ئۆردوگا بە مانا مەعریفی و زانستی و بابەتیەکەی 0 ئیش کردن لەسەر ئۆردوگا بە مەنهەجی کردنی راڤەو خوێندنەوەو لێکدانەوە کانمان ، لە جیاتی رستێك قسە کردن .. رستێك لێکدانەوە و خوێندنەوەو هتد 0 زیاتر لەوەش قسە کرتدن ئەگەر لایەن و دیوە مەعریفی و زانستی و مەوزوعیەکەی ئەنفال و نەخشەی ئۆردوگاو باکگراوندی فرێدانی خەلکی پاشماوەی ئەنفال بۆ ناو ئۆردوگا لە خۆ نەگرێ نە بێتە پرسیاری جدی و نە هەولێك لە بەردەم ولام دانەوەی پەلاماری ئەنفال

له چوارچێوەی ئۆردوگادا 0 یان دەتوانین ئەم پرسیارانە بکەین ودواتر بە دوای وڵامەکانیاندا بگەڕێین وەك ( ئایا توانیومانە ئۆردوگا وەك بەرنامە ، پێکهاتە ، سروشت ، نەخشە لە فیکرو گوتاری (بەعس ) دا بناسین ؟ یاخود ئۆردوگا لە فیکرو گوتاری (بەعس) دا بوە ئە ئیشی سەرەکی ئێمە ؟ لە چوارچێوەی ئۆردوگا ناسی‌دا توانیومانە کاریگەرییەکانی پەلاماری ئەنفال لە سەر خەڵکی پاشماوەی بخوێنینەوەو تێبگەین و دەست نیشان بکەین ؟ ئایا ئەرکێکی وا ، واتە ئۆردوگا ناسی لە فیکر و گوتاری (بەعس) دا زەحمەتە ؟ ئەمانەو پرسیار گەلێکی تر وەك وتمان دەبێ بە دوای وڵامەکانیاندا بگەڕێین ئەنفال وەك پەلامارێك بۆ سەر کورد ( نیشتمان و شووناسەکەی ) پەیوەندی راستەوخۆی بە ستراکتۆری فیکر و گوتاری ( بەعس) وە هەبووە ، من گرفتی گەورە لەوە دا دەبینمەوە کە ( ئەنفال ) مان وەك ئەگەرو نەخشەو بەرنامەیەکی داڕێژراو لای ( بەعس ) نەخوێندبووەو پێمان وانەبوو کە (بەعس) بەرنامەو نەخشەی ئەو پەلامارە جێبەجێ دەکات ، لە کاتیچکدا زەمینەی روودانی پەلاماری ئەنفال لە پیچش رودانی هەبووە 0 ئەگەر ئەمە بەسەر واقیعی ئۆرد وگادا تەوزیف بکەین رێك ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە پیچش رودانی ئەنفال و ئۆردوگا وەك ستراکتۆرێکی ریشەی لە بەرنامەی پەلامارەکەدا بوونی پەبووە ، بەڵام کارەساتی خوێندنەوە و بیر کردنەوەی ئێمە لە وێدایە کە هەمیشە دوای روداو دەکەوین نەك پێش روداو ، واتا رونتر ئێمە ناتوانین مامەڵە لە گەڵ لایەنە شاراوەو نهێنی‌یەکانی دوو تۆییئەگەری روداو بکەین، ئەم واقیعە تاڵە لە دوێنێ و ئێستاماندا بە شێوەیەکی کاریگەر ئامادەبوونی هەیەو دەبێ جوڵەو بزاوتنمان بۆ ئەوەبێ لە داهاتوو تێکی بشکێنین 0 خۆئەگەر بمانەوی نموونەیەکی سەلمێنراو بهێنینەوە بەرچاوی خۆ ئەوا نەبوونی ڕێگاو جێگای (بەعس) ناسی لای ئێمە درێژەی نەبوونی رستێك خوێندنەوەی جدی ئێمەیە بۆ دەوروبەرمان ، بۆ روداو و پێشهاتەکان ، بۆ فیکرو کلتور و سیاسەت و رۆشنبیری و .. هتد ، یان بە دیوەکەی تردا ئێمە کە تا هەنووکەو دوای (17) ساڵ (ئۆردوگا) وەك ستراکتۆرێکی ریشەیی پەلاماری ئەنفال ناناسین و ناخوێنینەوە ، ئەمە لە کاتیچکدا کە پیچویست وابوو بەر لە پرۆسەی دروست کردنی ئۆردوگا بۆ خەڵکی پاشماوەی ئەنفال ئێمە مەترسی و کاریگەرییەکانی دیووی ناوەوەی ئۆردوگامان راڤە بکرجایە ، دیارە ئەمەش درێژەی شۆڕبوونەوەی (بەعس) نەناسی‌یە بۆ نێو ناخ و کلتورو ئیشی ئێمە لەم بوارەدا ، ورد تر دەبێ ئێمە لەوە بگەین کەوەك " بەختیار عەلی" دەڵێ (ئەنفال پەیوەندی بە ستراکتۆری (بەعس)وە هەیە ، بەڵام دووبارە بوونەوەی ئەنفال پەیوەندی بە مان و نەمانی ( بەعس)وەنی یە )) 0 ئەگەر ئەم رستەی بەختیار بکەینە نموونەو ئیشی لە سەر بکەین دەبیچ بێژین ( ئۆردوگا پنتێکی گرنگی پەلاماری ئەنفالە بۆ سەر کورد و شوناشەکەی ، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە ئێمە ئۆردگا نەناسین و بەڵکو بە دیوە مەترسی دارەکەی ئەم پرۆژەیەی دوێنێی بەعس بەدیوە نالەش ساغ و ناتەندروستەکەی ئیشی لێ بکەین ) وەك هەوڵدان بۆ بە رەسمی ناسینی ئۆردوگا بێ هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سروشت و پێکهاتەو نەخشە کەیدا ، کە دوای کۆی تێبینیو خوێندنەوە و لێکدانەوەکان مرۆڤ هەست ناکا ئۆردوگا وەك (سروشت ، پێکهاتە ، نەخخشە ) هیچ گرنگی یەکی تیابێت

بۆ ژیانی مرۆڤ ، بەتایبەت مرۆڤ گەلێك كە لەقەپێ نەگریس ترین پەلامار وەلا كەوتبێتن یاخود قوتار بو بێتن و دواتر خودی ئۆردوگا وەك شوێن و جێگای زیاتر تێكشكاندن و داهێزراندنیان لە لایەن (بەعس) وە دەبێ ئەم لایەنانە رە وردی و سەلیقەی پشت ئەستوور بە مەعریفە بخوێنینەوە وەك ( سیاسی ، رۆشنبیری ، كۆمەڵایەتی ، تەندروستی، دەروونی) بڕوام وایە كە ئەمەشمان كرد دەتوانین پرۆژەی تێكشكاندنی ئۆردوگا بە ماناو ناوەرۆك و لێكدانەوە بەعسی‌یەكەی بەرهەم بێنین ، لە گەڵ بەرهەم هێنانی پرۆژەی ناو براو دا بەعس ناسی و ئۆردوگا ناسی لە رێگای بەعس ناسی‌یەوە دەبێتە روكنێكی گرنگی كاركردنمان 0 رونتر لەو خەیاڵ پلاوییە دەردەچین كە مادامەكێ (بەعس) رووخا ئیدی پێویستمان بە قسە كردن و خوێندنەوە لە سەر ئەنفال و رەهەندو باكگراوندە جیاجیا كانی نامێنێ ، بە پێچەوانەشەوە وەك زۆرێك وای لێك دەدەنەوە هەر قسەیەك دەبێتە زیادەڕۆیی 0 (بەعس) یش ئەنفالی وەك كردە تەوزیف كرد ، بەڵام بیرمان نەچێ ئەنفال وەك ریشە فیكری و فەلسەفییەكانی لە پرۆژەی (پان عەرەبیزم ) دا دەژی و نەی‌مردووەو بە شێوازی جۆراوەجۆر كاری لە سەر دەكرێ0 كورت تر و روون تر (بەعس ) نەماوەو ئەنفال وەك مەترسی یەك لە بەردەمماندایەو بەتوندی هەڕەشەمان لێدەكا ، كەواتە بەر لە هەموو كەسێ ئێمەین بەرپرسیار لە دووبارە نەبوونەوەی ئەنفال و تێك نەشكانی پنت و ستراكتۆر و پایە جیاجیاكانی 0

++++++++++++++++++++++++++++++

بۆ ئەم نوسینە سوود لەم سەرچاوانە وەر گیراوە :

- جیۆساید لە عێراقدا – وەرگێڕانی ( محەمەد ساڵح تۆفیق )
- چاوپێكەوتنی ( بەختیار عەلی ) رۆژنامەی كوردستانی نوێ 0
- ئۆردوگاو ئەنفال ( تەها سلێمان ) هەفتەنامەی رێگای كوردستان ژمارە (588)0

---

خوێندنەوەیەك بۆ :

# حزبی بەعس و كارەساتی ئەنفال

بەرایی :

ب{وام وایە (( ئەنفال )) مشت و مرێكی زۆر هەڵدەكرێ و هاوكات لێدوان و قسە كردن لە سەر سیستەم و پێك هاتی سیاسی ئەمڕۆ و داهاتوومان پێك دێنێت 0 بە مانایەكی تر قسە كردن و خوێندنەوەی ئەنفال و بەعس ، تەنیا هەوڵێك نیە بۆ ناسین و راڤەكرن و بەس ، بەڵكو قسەیە لە ئایندەو پاشە رۆژی

سیاسی و بەرگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەنفال 0 هەروەك دەبێ زۆر دژی ئەو رەهەندەبین کە ئەنفال راگوزەرانە دەخوێنێتەوەو پیشی وایە بەو خوێندنەوە .. راگوزەرییانە ئیتر گرنگی و بارستایەك بۆ قسە و لۆژیکی خوێندنەوەی ئەنفال و بەعس نامێنێ ، یان تاقە هەولێك لە رێگای خوێندنەوەی ئەنفال و بەعس دا بە (بەس ) دەزانێ و پێی وایە دوای ئەو تەنها هەوڵە ئیتر شەرمە قسە لە سەر ئەنفال بکرێ 0

ئەنفال چەندین بوعدی جۆراو جۆری هەیە لە رووی کۆمەلایەتی ، فەرهەنگی ، سیاسی ، فیکری و فەلسەفی و هتد پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کاتێ کە بمانەوێ دەست بۆ یەکێ لەو لایەنانە ببەین وقسەی لەسەر بکەین ، نەك پڕاوپڕ ولامیان دراوەتەوە ، بەڵکو کەرەستەی پێویستمان لە بەردەستە تا لێکۆڵینەوەی وردییان لە سەر  ئەنجام بدەین ؟ یان ئەنفال لای رۆشنبیری کورد بوەتە ئەو پرسیارە جدییەو لە کۆ نەستی کوردیدا بوەتە مەسەلەیەکی میلی ؟ ئایا کورد توانیویەتی لە رێگای (بەعس) ناسی‌یەوە ئەنفال و باگراوەندی مەترسی‌یەکانی بناسێ و بیانخاتە ژێر جەدەل و گفت و گۆوە ؟ یان کۆی رۆشنبیرو سیاسەت وان و تاکی کوردی جەستەو هۆش و بیرێکی داهێزراون لە ئاست ئەنفال و بەعس ؟ من وای دەبینم کە تا هەنووکە ئەنفال لە چوارچێوەی گوتاری کوردیدا لە بازنەی دروشمێکی ( سیاسی – بریقەدار ) نەچوەتە دەرەوەو هەرچی هەوڵە کانیشە  ناگەنە 25٪ ی پێویستی خوێندنەوەو راڤە کردنی ئەنفال و لایەنە جیاجیاکانی 0 دەبێ بە لایەنی کەم ئێمە بتوانین ئەنفال لە دروسمە سادەکانەوە (( ئەنفال پەڵەیەکی رەشە بە نێو چاوی بەعس )) وە بگۆڕین بۆ بابەتێکی سەرەکی و ستراتیژی کە دروست بینای گوتاری ئایندەو کۆمەڵگایەکی تەندروستمان بداتێ 0 نەك ئەو تێڕوانینە لنگ و قۆچەی  کە پێی وایە رە رووخانی بەعس و دەسلاتەکەی ئیدی پێویستی قسەکردن لە سەر ئەنفال و لایەنە جۆراو جۆرەکانی نامێنێ ، کە ئەمەش بۆ خۆی رێك پێچەوانەی قسەکردنمانە بە ئاراستەی ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتمانیمان و پاشە رۆژی سیاسیمان 0

بڕوام وایە ئەنفال تا ئەم ساتانەش و بۆ داهاتووش ئەو پێگە فەلسەفیو فیکرییە بنەڕەتی‌یەکە بەعس و رژێمەکەی لە سەری راوەستاون و لە سەرە مەرگیشا بێ کاربۆ فراوانکردنەوەی پێگەکانی دەکەن 0 هەرلێرەشەوە بەردەوام پێویستمان بە خوێندنەوەی بەعس و ئەنفال دەبێ و نابێ دەست بەرداری بین 0

## سروشتی بەعس :

کاتێ کە باس لە سروشتی بەعس یاخود پێك هاتەی سروشتی بەعس دەکەین ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێ کە قسەو لێکدانەوە و تویژینەوە بەو ئاراستەی نیە ، بەڵکو جیا لەوە رەنگە کێشەی گەورەی ئێمە لە وەدایە تا ئەم ساتەش لە ئاستی پیۆیست دەرەنجام و لایەنە جیاجیاکانی ( ئەنفال ) مان نەخستوەتە نێو چوار چێوەی خوێندنەوەی و بە دوا دا چوونێکی گشتی و بابەتیەوە ، ئەمەش رێك گرفتی نەناسینی

سروشتی (بەعس) ە كە بێ ئەملاو ئەولا یاخەمان دەگرێ و پێشم وایە بەردەوام قەبارەی زیانەكانی زیاد دەكا 0 بۆیە لەم ئاستەدا وای دەبینم پێویستمان بە دوو مەسەلەی زۆر گرنگ هەیە كە نابێ لە بیری بكەین 0

یەكەم : بەعس

دووەم : كەسایەتیەكانی ناو بەعس (( نموونەی صدام ))

بەعس بۆ خۆی پێك هاتەیەكی فرە ئالۆز و فرە جەمسەری هەیە و تێگەیشتن لێی هەروا ئاسان نیە 0 بە دیدێكی تر بەعس جۆرە مۆدیلێكی ( پان – عەرەبیزم ) ە كە رێگاو جێگای جیاوازی لە گەڵ هیچ مۆدێلێكی تری عەرەبی قبوڵ ناكا ، بەمەش خۆی بە میراتگری كلتوری گشت عەرەب دەزانێ و بەردەوامیش لە هەڵپەدایە بۆ سەلماندنی ئەم راستی یە بە سەر بەرامبەردا 0

ئەگەر وردتر قسە بكەین دەبێ بڵێین بەعس بەردەوام دۆستی دۆستەكەی بە هاورێ و دوژمنی دۆستەكەی بە دووژمن ودووژمنی دووژمنەكەی بە هاورێی و هاورێی دوو ژمنەكەی بە دووژمن لە قەلەم داوە و بە كرداریش كاری بۆ بەرجەستە كردنی كردوە 0 پاشان با بگەرێینەوەو بۆ پێناسەی سروشتی بەعس لە پەیامەكانی خودی بەعس خۆیەوە دەست پێبكەین ، وەك : یەكێ لە پیاوەكانی بەعس دەگێرێتەوە و دەڵێ (( بۆ یەكەمین جار كە مێشیل عەفلەقم بینی وام زانی لە حزووری پێغەمبەرێكی پاكدام )) م ، (( میشێل عەفلەق خۆی دەڵێ : بەرەنگار بوونەوەی بیری رووخێنەر ، تەنیا موناقەشەو بەرپەرچ دانەوە نییە ، بەڵكو ئەبێ خوازیارو ئەوانەی بڕواشیان پێیەتی لە ناوبیرێن )) لەشوێنێكی تر دا (( عەفلەق )) دەڵێ : كورد لە عێراق و سوریا ، بەربەر لە رۆژئاوای نشتمانی عەرەب كۆسپن ( جەزائیر ) ، بۆ ئەوەی وەحدەی نیشتمانی عەرەبی دروست بێ دەبێ لە ناو ببرێن )) ئێمە ئیتر توموو مژیان گومانێك ناهێڵینەوە بۆ ئەوەی كە ئێمە بزانین سروشتی بەعس تاچەن سروشتێكی درندایە و لە پێناوی سەپاندنی هەژموونی خۆی تا دەست برِكا لەپ دەكووتێ و هەر لە سەرەتای هەلبۆقینەوە پرۆژەی كوشتنی جیاوازی و پیرۆزكردنی خۆی رادەگەیەنێ 0 پاشان كێن كە پرۆژەكەی عەفلەق و بەعس دەگەیەننە لوتكەو جێبەجێی دەكەن ؟ یان باشتروایە بپرسین ئەو جۆرە كەسانەی كە دەبنە واریسی حەقیقی بەعس و پرۆژەكەی لە كام لە بوێژەكانی كۆمەڵن ، بنەماڵەیەكی نیشتمان پەروەر ؟ بنەماڵەیەكی ئاینخواز ؟ ئێمە لیرەدا لە نموونەی ئەو كەسانە بە گونجاوی دەزانین ((صدام )) بكەینە نموونەو بۆ تەواوكردنی ئەم لایەنە لێی بدوێین 0 چونكە (( صدام )) لای بەعس و بەعسیی‌یەكان ئەو كەسایەتی و سەۆكە پێرۆزەیە كە مومكین نیە رەخنەو سەرزەنشت بكرێ لە هەر بزاوتن و كارێكدا ، وتەكانیشی بۆ بەعسی یەكان وەك پەیامی ئاسمانی وان و گفت و كۆكردنیان بقەو حەرامە 0 خودی (( صدام )) پیاوێكی دەروون نەخۆشەو دەگێرنەوە سەردەمی منالی بە رەرە چە قۆ و كێردو هتد بەسەر بردوە 0 هەمیشە حەزی بە زەبرو زەنگ و كوشتن و برین بوەو لە منالیەوە تا ئێستا نەیتوانیوە بێ شەرِ و كوشتن بژێ 0 تەنانەت وا دەگێرنەوە (( صدام )) بە منالی ئەگەر شەری لە گەڵ

منالأن دەست نەكەوتایە دەبوو گیان لە بەر بگریّ و ئازاری بدات 0 تەنانەت هەر بە منالّی (( صدام )) ئامادەیی ئەوەی تیانەبوە دەسلاّت لە گەلّ هیچ كەس دابەش بكا ، بەلّكو جەختی لەوە كردوەتەوە كە هەمیشە وەك سەرۆك و لە ئاستی پیرۆزیدا مامەلّەی لە گەلّ بكریّ 0 هەر ئەمەشە وا لەم مرۆڤە دەكا بەعس هەلّبژێریّ چونكە بەعس لەم جۆرە كەسێتیانەی ویستوە و هەلّپەی بە دوادا كردوون 0 بە دیویّكی تردا ئەگەر ((صدام )) لە سەرۆكی منالأنی گەڕەكەكەی خۆیانەوە هەلی ئەوەی بۆ هەلّكەتبیّ بێتە سەرۆكێكی حزب و لە سەرۆكی حزبیشەوە بۆ سەرۆكی دەولّەت و لە ریّگای دەولّەتیشەوە قسە كردن و ئوتاف دان بە ناوی ئومەی عەرەبەوە و دواتر لە لایەن خودی ( بەعس )وە ناوهێنانی وەك (( قائد الامه الربیه )) ناكریّ و مومكین نیە دەستی پێوەبنیّ و بیداتە دواوە 0 گرنگیش لێرەدا كە پێی بگەین ئەو راستیەیە كە سروشت و پێك هاتەی ( بەعس و صدام ) دوو رووی راستە قینەی یەك دراون ، واتە ئەگەرچی صدام و بەعس دوو پرۆسەی جیاواز هێناونیەتە ئارا بەلاّم بێیەك نایانكریّ و لە بوعدی هەر دووكیانیش كوشتن ، بڕین ، لە ناودان ، قبولّ نەكردنی جیاوازی ، چەپاندنی دەسلاّت و سەپاندنی هەژموونی خۆیان وێكیان گریّ دەداتەوە 0 باشترین و سەلمێنراوترین بەلّگەش (( سروشتی پرۆژەی بەعس و دامەزراندنی و سروشتی كەسایەتی صدام ))ە كە تواوكەری یەكترن 0

## ئەنفال و بەعس :

ئێمە وتمان (( میشێل عەفلەق )) لە جێگایەكدا دەلّیّ : كورد لە عێراق و سوریا ، بەربەر لە رۆژئاوای نیشتمانی عەرەب كوسپن ، بۆ ئەوەی یەكێتی نیشتمانی عەرەب دروست بێت دەبیّ لەناو ببرێن )) تەماشی ئەم قسەیەی ( تاریق عەزیز ) بكە چەن سالّ دوای (( عەفلەق )) و ریّك لە سالّی 1983 بە كورد دەلّیّ : ئێمە ناڕۆخێین چونكە دوونیا لە بەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێدەكات .. رۆژێكیش دیّ ئەم شەڕە كۆتایی دیّ .. ئەگەر ئێستا بێن و لە گەلّمان پێك بێن چاكەیەكی گەورەمان لە گەلّ ئەكەن هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە .. خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێبدەن ، دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست كردوە ئەیهێنینە سەر ئێوە .. سالێك وەخت و سەد هەزار كوژراوتا بۆ تەرخان دەكەین ، بەلاّم خاكتان بە تۆركە ئە بێژین و تەفرو توونانا ئەكەین )) لە جێگایەكی تر (( علی حسن مجید )) (( علی كیمیاوی )) دەلّیّ: راگواستنی كورد راناوەستێنم .. هەركاتیّ لە راگوێزان بووینەوە لە هەموو شوێنێك دەست دەكەین بە پەلاماردانیان )) واتە لە بەرایی دروست بوونی بەعسەوە با ئەم ساتەش بەعس و سەركردەو دام و دەزگاكانی لە ژێر سێبەرو پیروزی سەرۆك و تەحقیق كردنی پرۆژەكەی بە دوای رەوایەتی دان دەگەڕیّ بە كوشتنی و بڕین و كپ كردنەوەی نەیارو ئەوانەی جیاوازن لە گەلّیدا ، ئەنفالیش روونترین و بەرجەستە كراوترین پەلامارو پرۆسەی بەعسە بۆ ئەومەبەستەی سەرەوە 0 ئەوەتانیّ لە جێگایەكی ترو تایبەت بە ئەنفال دەلّیّ : من هەموویان بە چەكی

کیمیاوی تاق برِ دەکەم .. بزانم کێ قسە دەکات ؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی ؟ لە کۆمەڵی نێودەوڵتی بەم و لەوانەش گوێیان لێدەگرن )) ئەمە رێك ئەو یەقینەمان لا دروست دەکات کە (( بەعس )) ئەمە رێك ئەو یەقینەمان لا دروست دەکات کە (( بەعس )) ((صدام )) وە بۆ گشت ئەندامانی هەرەمی پێك هاتە تۆتالیتارییەکەیان دەسلاتی تەواویان پێدراوە بۆ لە ناوبردنی کورد و شوناسی کوردبوون ، بۆ ئەوەی لانی کەمی پرۆژەکەیان بگەیەننە جێگای مەبەست 0 وە ناشتوانرێ ئەم مەسەلەیە لە بازنەی قسەکەی ( عەفلەق ) بکرێتە دەرەوە کە کورد مەترسی پلەیەك بوە لە بەردەم خەیلی فراوانخوازانە و پرۆژەی بەرجەستەکردنی هەژموونی ئەواندا 0 بۆیە پەلاماری (( ئەنفال )) بۆ سەرکورد لای بەعس ئەوپەڕی رەوایەتی وەردەگرێ و دوای پەلامارەکەش بێ شەرم لە کۆبوونەکانیاندا ، (( علی کیمیاوی )) بلێ: من ئەو خەلکە بێ شومارە لە کوێ دابنێم ، بۆ یە کەوتمە دابەشکردنیان بە سەر پارێزگاکاندا ، ئەو کاتەش بە بلدۆزەرەکان بەم لاو بەو لادا ، بلاویان پێدەکەم )) هەر لە درێژەی قسەکانیدا دەلێ : بە بلدۆزەر دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە )) ئەمە قسە یەك نیە هەروا لە خۆڕا هاتبێ و حالچتێکی تورە بوونی (( علی )) لە پشتەوە بێ ، بەڵکو رەهەندێکی مەترسی دارو باگراوەندێکی پڕ لە پرسیاری هەیە و مەرجەعێکی باش لە ئاستی سەرۆك (( صدام )) وە ئەم دەسلاتەی پێداوە و ناوەڕۆکی ئەو دەسلات پێ بەخشینەش بۆ بڕین و یەکلایی کردنەوەی شەوتێکی دیاری کاروە لە پرۆژەی سەرۆك و بەعس لە پێناوی رەوایەتی و جێبەجێ کردنی 0 ئەوەتانێ (( صدام ))لە بڕیارێکی بەناو ( ئەنجومەنی شۆرش ) دا : بڕیاردەدا / بە پشت بەستن بە ئەحکامی بڕگەی ((6)) لە مادەی ((42)) دا بڕگەی ((6)) لە مادەی ((43))ی دەستور ، وە بۆجێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی لە کۆروونەوەی هاوبەشی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس دراوە لە رێکەوتی 1987/3/18 بڕیاریدا 0 لە خالێ دووەمدا هاتوە : بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی ئەم بڕیارە هەڤالێ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب دەسلاتی تەواو ئەگرێتە دەست و ئەستۆ لە هەموو دەزگا مەدەنی وسەربازی و ئەمنی‌یەکاندا ، وە بە شێوەیەکی تایبەت ئەو سەلاحیاتانەی سپێردراوە (( بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و لیژنەی کاروبارەکانی باکور )) ئیتر لێرەوە دەتوانین ئەوە پشت راست بکەینەوە کە بەعس و دەسلاتە تووتالیتارییەکەی بە هاو بەشی و بە پێی بڕیارێك کە سەرکردایەتی هەر دوو لا لە سەری کۆك بوون هەنگاو بۆ بەرفراوانترین پەلاماری ئەنفال دەنێن و هەر لە وێشەوە (( ئاین) دەکەنە سێبەری سەر رەوایەتی دانی زیاتر بە پەلامارەکە 0 ئەم مەسەلەیە جارێکی تر دێینەوە سەری و قسەی زیاتری لە سەر دەکەین ، بەڵام دەبێ هەر لێرەدا ئەو مەسەلەیە پشت راست بکەینەوە کە پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد و شووناسی کوردی چی وەك تیئۆرو چی وەك پراکتیك پەیوەستەیەکی راستەوخۆی بە بوونیادە گشتی یەکانی فەلسەفە وفیکری بەعس و لێکدانەوەو شیکار کارییە کانی بەعسەوە هەیە بۆ داهێزراندن و لە بەین بردنی کلتوری کۆمەڵی کوردی بەسەرجەم کایە جیاجیاکانیەوە 0 لە لایەکی تریشەوە بیرکردنەوە و پرۆژەیەکی قوڵ و رەگ قایمە بۆ تەفرو تووناکردنی وەزیفەکانی ئێمە لە بەرامبەر

دوونیایەك كە بەلای خودی رژێم وە ئەو بەرهەمی هێناوە و تاكە خاوەن و وارسی شەرعی خودی خۆیەتی ، لەو دوونیایەشدا كە ئایدۆلۆژیاو فیكری بەعس تیایدا تەراتێن دەكات و بەردەوام سۆراخی كریكردنەوەی جیاوازەكانیەتی ، رۆڵی سەرۆك بە سەر هەموو كایەكانیدا بێ سنور و هاوتایە 0 واتا بێ پرس و رای سەرۆك و پیرۆز راگرتنی ووتەزاكانی هیچ شتێ ناخرێتە چوار چێوە و مەداری كرداریيەوە 0 بە ماناو راڤە كردنێكی تر دەبێ وێنەكان وێنەی سەركردەبن و سەرۆكیش بەردەوام خۆی هەڵكێشێ و شانازی بە خۆیەوە بكا 0 خۆ ئەگەر وردتر قسە بكەین دەبێ بڵێین فیكرو دەسلاتی بەعس نموونەیەكی زۆر سەیرو پڕ لە گرێیە یان هاو چەشنیەكی پێوە دیار نیە لە گەلێ دەسلاٍتەكانی ناوچەكە 0 گوتاری بەرجەستە كراوی ئەم دەسلاتە و پرۆژەی كار بۆ كراوی لە لایەن دام و دەزگاكانیەوە بە سەرپەرشتی و چاودێری راستەوخۆی سەرۆك (( صدام )) جارێكی تر جەخت لەو راستەیە دەكەنەوەو دەسەلمێتەوە0 دەبێ لێرەدا دان بەو راستی یەشدا بنێین كە بەعس ئەنفال وجینۆسایدی هەر تەنها دژی كوردو شوناسی كوردی و نیشتمانەكەیان نەبوە ، بەڵكو دژی سەرجەم كەمایەتیە نا عەرەب و نا ئیسلام و نا سونیەكان ئەم رەفتارەی نواندوە 0 بەعس وریيانە وزیرەكانە كاری لە سەر كەمایەتی و زۆرایەتی ئاینی و نەتەوەیی لە عێراقدا كردوە 0 سەرەتای ئەم كاركردنەش خوێندنەوەیەكی وردە بۆ سروشت و پێك هاتەی كۆمەڵگای عێراقی و لە وێشەوە تواندنەوەی لە ناو فیكرو پرۆژەی بەعسیزمدا 0 بالێرەدا بەلگەیەكی روون بێنینەوە كە بانگەوازیچكی (( وەفیقسامەڕایی )) یە ناوبراو لە بانگەوازێكدا دوای هەڵاتنی لە ژێر دەستی رژێم كە ئاراستەی سەركردەكانی عەرەبی كردوە دەڵێ : ئەنفال بوەتە هۆی شەهیدبوونی (( 2.... )) دووسەد هەزار كورد كە زۆربەیان سوونەن ، هەروەها (( میخائیل رەمەزان))ی هاوشێوەی (( صدام)) لە یاداشتەكانیدا ئەڵێ : لە دوای شەڕی عێراق – ئێران صدام فەرمانی بە درندەكانی دا بەبێ پارێز دەست بكەن بە كوشتنی كورد ، علی حسن زۆری لە هاولاٍتیانی كورد كوشتبوو ، دیسان بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركە هێرشی كردە سەر سەدان گوند نشین بە ( بای مەرگ ) لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر لە ( 2.... ) هەزار كورد فەوتان لە ئەنفالە كاندا و زیاتر لە 75٪ ی گوندی وێران كرد لە كۆی ((5..)) هەزار گوندی كوردی لە عێراق ، یان ئەوەتانی علی حسن مەجید ))لە زمانی خۆیەوە راستی ئەو قسانەی (( وەفیق و میخائیل )) دەسەلمێنی و دەڵێ : ئەوەی ئێمە ئەنجامامان داوە شتێكە ، كە حزب و سەركردایەتی هەرگیز نەیانتوانیوە بیكەن تا لەساڵی 1987 كە بە شێكی لە سایەی یارمەتی و پشتیوانی خواوە بوو هیچی تر )) لێەدا دەتوانین بڵێین وەك گومان لە قسەكانی ((علی )) دانیە ئاوهاش قسەكانی هەردوو (( وەفیق و میخائیل )) یش گومانی تیانیە چونگە لە لایەك هەردوو ئەوكەسایەتیە بەرپرسیاێتی گەورەیان لای رژێم هەبوەو خودی (( وەفیق )) بەرپرسی هەوالگری گشتی عیراق بوە و ئەم دەزگایەش راستەو خۆ پەیوەندی بە ئەنفال و فركردنی كوردەوە هەبوە 0 كەوابوو بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال و كاركردەكانی ، بوعدو رەهەندەكانی رێگایەكی پێویستو بابەتی كە لە پێشماندا وەك بەختیار علی : رێگای تێگەیشتنە لە بەعس )) بەبێ ناسین و خوێندنەوەی بەعس ناتوانین ئەنفال

به کۆی دیارده مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی دیکەوە گرێ بدەینەوە 0 چی بە خوێندنەوەی سروشتی بەعس و چی بە وەدبوونەوە لە بوعد و رەهەندەکانی ئەنفال ، دەتوانین بێژین ئەنفال هەر سەرچاوەو رەگ و ریشەیەکی هەبێ ، سەربە هەر ئایدۆلۆژیاو رووداوێکی مێژوویی بێ ، پێشترو بەر لە خودی پەلامارەکە بۆ سەر کورد بەناوی (( بەعس )) تێپەڕیوە و خەملێوە و فۆرم و مۆرکێکی تازەی لە زهنی بەعس دا وەرکرتوە 0 پێچەوانەی ئەمەش وەك بەختیار دەڵێ : دەتوانین بێژین ئەنفال پێوەندی هەیە بە لە دایك نەبوونی (( بەعس ناسی یەوە )) ئالەم حاڵەتەشدا دەتوانین جخت لە سەر راستی یەکی تربکەینەوە ئەگەر دروست وابێ و تا ئەم ساتە وەختە ئێمە بە پرۆسەی بەعس ناسی دا گوزەرمان نەکردبێ ، ئەڵبەت (( ئەنفال )) یشمان ناناسیوە و بە مەش چەندین جاری تر دەکەوینە بەردەم مەترسی ئەنفالەوە 0 بۆیە قسە کردن و لێدوان لەم لایەنە و خوردکردنەوەی مەغزای شاردراوەی ئەرکێکە بە پلەی یەکەم یاخەمان رادەوەشێنێ و بێدەنگ بوون و بە پەراوێز خستنی نەخۆشی‌یەکی کوشندەیە پێش هەرکەس لە جەستەی رۆشنبیری کوردیدا ودواتر کایە جیاجیاکانی تری کۆمەڵ 0

## کام میتۆد بۆ بەرجەستە کردنی ئەنفال ؟

لێرەدا هەقە بەو پرسیارە دەست پێ بکەین کە ئایا پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد رێك لە ساڵی 1988 دا دەستی پێکرد بێگومان وڵامەکانمان بەم ئاراستەیە هەوڵی بە مەنهەجی کردنی ئەو راستی‌یەیە کە ئەنفال لە گەڵ هەڵتۆقینی بەعس دا پێ بەپێ گەشەی کردوەو شبوەتە یەکێك لە خاڵە سەرەکی وبنەڕەتیەکانی بەرنامەی کاری بەعس 0 ئەگەرچی لە پێش داباسی هەندێ لەو لایەنانەمان کرد بەڵام پێویست وایە لێرەدا بە روونی و بەپێی هەندێ بەڵگەی پشت راست کراوە رووی دیارو بابەتی ئەم بۆچوونە جارێکیتر بسەلمێنینەوە و بیخەینەڕوو 0 لە ساڵی 1987 ئەنجومەنی بە ناو سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسلاتە لە عێراقدا ولە ژێر دەسلات ورێبەری (( صدام )) دایە پرۆژەیەکی بەناوی ئەنفال داڕشت و زنجیرە پەلامارو هێرشێکی بۆ لەناو بردنی کورد دەست پێکرد کە هەشت قۆناغ و هەڵمەتی کۆتایی لە خۆگرتبوو لە سەر جەم ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەم پەلامارەدا (( 3.... )) هەزار سەربازو جاش و پیاوەکانی ئەمن وهتد هێزی ئاسمانی و زەمینی بەجۆرەها چەکی قورسەوە بەشدارییان کرد 0 نزیکەی (( 5.. )) هەزار گوند سوتێنرا و وێران کرا ، (( 182.. )) هەزار مناڵو پیر و لاو ژن و هتد بێ سەرو شوێن کران و (( دوو لە سێ))ی خاکی کوردستان بە ناوچەی (( یاساغ )) ناوزەد کرا 0 بەڵام دەتوانین لێرەدا بە نایەکی درێژ دەست پێبکەین و بێژین : پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد و شوناسی کوردی نە لێرەوە دەستی پێکردوەو نە رەواشە ساڵی 1988 بکرێتە سەرەتای هێرش و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد و شوناسی کوردی ، ئەگەر ساڵی ((88 )) مان کردە سەرەتاو کۆتایی پەلاماری ئەنفال ئەوا پێمان باش بێیان نەء ، پاشەڕۆژی سیاسی وڵاتەکەی خۆمان دەخینە بەردەم

گەورەترین مەترسی یەوەو ناشتوانین شوناسی کوردبوونمان لە بەردەم ئەگەری دووبارەبوونەوەی پەلامارەکاندا بپارێزین 0 بە دیوەکەی تردا هەر وەك (( دکتۆر جاسم تۆفیق )) دەڵێ بە رای ئێمە هیشتا زووە وەسفی سروشت و ناوەڕۆکی ئەو پرۆژە خیانەتکارییە بکرێ 0 خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو دۆکۆمینتۆیانەی لە بەردەستان پێویستیان بە کراتێکی زۆرتر هەیە ، بەڵام وەك دکتۆر خۆشی لێناگەڕێ ئەمە قەت مانای ئەوەنیە دەستەو وەستان دانیشین ودەست بردن بۆ تەفسیرکردنی نهێنییەکانی دوو توێی ئەم پەلامارە بە بڤەو مەترسی لە قەڵەم بدەین 0 لە راستی دا رەنگە یەکێ لە گرفتە سەرەکیەکانی ئێمە رووبە روو نەبوونەوەی مەترسییەکانی بەردەممان بێ لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێی داهاتوودا 0 کە وابوو دەبێ بەر لە هەموو شتێ بزانین کە مەنهەجی بەعس بۆ تەحقیق کردنی پەلاماری ئەنفال چی لە خۆگرتوە ، دیارە ئەمانەی لای خوارەوە سەرە دێڕی ئەو مەنهەجەی بەعس وەك : چۆڵکردن ووێرانکردنی ئەو گوندانەی کەوتبوونە دەرەوەی بازنەی هەژموونی حکومەت ، راگواستنی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو گوند و شارەانەی بۆ خوارووی عێراق ، (( یان کۆکردنەوەیان لە شارە گەورەکان لە ژێر چاودێری توندو تیژی حکومی )) ، دروست کردنی ناوچەی قەدەغەکراو کوشتنی هەرکەسێ بچێتە ئەو ناوچانە ، مین رێژکردنی ناوچە قەدەغە کراوەکان ، دانانی ئابوری لە سەر ئەو ناوچانەی کە رژێم دوور بوو لێیەوە ، بۆردوومان کردن بە بەردەوامی لە سەر ناوچەکان ، سووتاندن و خاپورکردنی گوندەکان لە جارێ زیاتر ، بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی لە زۆر جێگا ، سەرژمێری خەڵکی بۆ زانیاری زیاتر ، کوشتنی خەڵکی بە کۆمەڵ ، دروست کردنی ئۆردوگاو تەلبەند کردنی چوار دەوری ، بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و دڵ رەقی رژێم لە ناو گوند نشینەکان ، تەقاندنەوەی کانیاوو سەرچاوەی ئاوی گوندەکان ، وهتد ئەمانەو زۆری تر بەڵگە ساغ بوونەتەوە کە رەهەندێکی گەورە و بەرینی گوتاری بەعسە بەسەرجەم کایەکانیەوە بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردی و کوردبوون و دواتریش لوتکەی پەلامارەکە ناوی ئەنفالی لێدەنرێ کە رێك دەکاتە ساڵی 1988 ، نەك تەنیا ناوزەدکردنی پەلاماری ئەنفال لە ساڵی 1988 بۆ سەر کورد و شوناسی کوردبوون 0 کەوابوو دەبێ بەردەوام جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەنفال جیالە بەهاری (( 88 )) رەگێکی قوڵتری لە گوتارو فیکر و خوێندنەوەی بەعس دا هەیە 0 بەم بەڵگانەی لای خوارەوەش مومکینە بتوانین سەرەداوی ئەو رەگە بناسین تا رادەیەك ئەوەمان لا ساغ بێتەوە کە توخم و رەگەزی ئەنفال لە گوتاری بەعس دا تەنها رێك ناکاتە ساڵی 1988 0 دروست وایشە پەیوەست بە پەلاماری ئەنفال زۆر بەڵگەی شاراوە هەن ، بەڵام کارکردنی ئێمە تایبەت بەم لایەنە بۆ ناسین و پەیبردنە بە مەنهەجی بەعس کە کاری لە سەرکردوەو دواتریش وانەدوای ئەو هەڵەی کە گوایە پەلاماری ئەنفال ساڵی 1988 ە 0 ئێمە لە چەند جێگایەکی تریش وتمان بەعس لە سەرەتایی دروست بوون و هەڵتۆقینییەوە ئەو هەڕەشەیەی خستوەتە بەردەم شوناسی کوردییەوە وەك : دوای ئەوەی بەعس بۆیەکەمین جار دەسڵاتی گرتە دەست و شەش مانگ بە سەر دەسڵاتەکەیدا تێنە پەڕیبوو لە قەزای دووبز (( 22 )) گوند و لە قەزای مەخمور (( 6 )) گوند و لە

ناحیەیی سەرگەردان (( 14 )) گوند کە کۆی هەموویان دەکاتە (( 42 )) گوند دانیشتوانەکەی ئاوارە و دەربەردەر کرد وجێگاکانیانی بە عەرەب پڕ کردەوە 0 ئیتر لەم کاتەوە بە کرداری دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی توخم و رەگەزە دژە مرۆییەکانی ئایدۆلۆژیای بەعس 0 دوا بە دوای ئەمەش بە ناوی پشتێنەی ئەمنی سەر سنوورەوە لە نێوان ( سوریا – عێراق و عێراق – تورکیا و عێراق – ئێراندا ) لە پارێزگای ( هەولێر و سلیمانی و دهۆك ) دا سەرجەم ئەو گوندانەی خاپورکران و دانشتوانەکەی ئاوارەی شارو شارۆچکەکان کراون (( 926 )) گوند بوون 0 لە پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراویشدا ئەم بازنەیی توندتر کردەوە وعەرەبی لە زۆربەی ئەو ناوچانەدا نشتە جێکرد بەتایبەت سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆك و ئەو پەڕی توانای مادیو مەعنەوی بۆ رەخساندوون 0

هەر لە درێژەی ئەم هەڵمەتەدا (( 120 )) گودی سنوری قەزای خانەقینی رووخان و سەرجەم دانشتوانەکەی بەشێکی ئاوارەی ئێران بوون و بەشێکی زۆۆریشی بەرەو خورووی عێراق بران 0 لە ساڵی 1971 چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان (( 180 )) لهەزار کەس دەبوو ، دەست کیرا بە سەر موڵك و ماڵ و سامانیانداو ئاودیوی ئێران کران 0 هەروەها سەر نگوم کردنی (( 8.. )) هەزار بەرزانی و هەر لەم کاتەشدا زیاتر لە (( 3.. )) هەزار کوردی تری فەیلی لە ساڵی 1980 ئاودیوی ئێران کرد بە بیانووی ئەوانە بە رەچەڵەك ئێرانین و هتد ، لە کۆی ئەم (( 3.. )) هەزار فەیلیە (( 15 )) هەزار گەنجیان لێ بێ سەرو شوێن کردن و تا ئێستا چارەنوسیان دیار نیە 0 هەوەها رووخاندن و ئاوارە کردنی دانشتوانی ناوچەی (( زەنگ ئاباد )) کە سەر بە پارێزگای دیالە بوو 0 ئەمە جیا لەوەی کە بەردەوام و لە هەر جێگایەك بۆی کرابێ بەعس سەرقاڵی (( کوشتن و بڕین )) ی کورد بوە و تەنانەت تا کارگەیشتە ئەوەی لە ناوەراستی هەشتاکاندا مناڵانی کەس و کاری بەرهەڵستکاری کوردییان وەك بارمتە دەگرت و سەرەنجام تا ئێستاش بێ سەرو شوێن ماونەتەوە 0

ئایا هەموو ئەمانە ناچنە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال بۆ سەر شووناسی کوردی ؟ ئەکرێ ئێمە لێرەدا ساڵی 1988 و پەلاماری ئەنفالی ئەو ساڵە بە لوتکەی پەلامارە بەردەوامەکانی بەعس بۆ سەر کورد ناو زەد بکەین و بڵێین ئەم پەلامارە درێژەی پرۆژە دژە کوردییەکەی (( بەعس )) ە 0 کەوابوو راستی‌یەك هەیە دەبێ بەردەوام جەختی لە سەر بکەین ئەویش ئەوەیە بەم کۆڵەوارییەی تیچگەیشتنی ئێستامانەوە لە ئەنفال هەمیشە لە بەردەم مەترسی دووبارە بوونەوەیداین 0

## ئەنفال و بەعس و ئاین :

(( صدام حسین )) وەك لە بەرایدا وتمان بیرکردنەوە و سروشتێکی دڕندانەی هەیە و بەردەوام ئارەزووی کوشتن و بڕین و کوشتنی دەنگە جیاوازەکانی بەرامبەری دەکا ، ئەمەش بە رێگایەك یان بەتعەنیا رێگا دەزانێ بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیی و پیرۆز راگرتنی خۆی بە سەر کۆی تاکەکانی کۆمەڵدا 0 بەڵام بۆ

ڕەوایەتی دان بە پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد و شوناسەکەی ئاینی ئیسلام دەکاتە پرد و بەسەریدا دەپەڕێتەوە و ناوی یەکێك لە ئایەتەکانی قورئان دەکاتە ناونیشانی دانپیانراوی پرۆژەی پەلامارەکەی و لەم ڕێگایەشەوە شەرعیەتێکی ئاینی بە ئایدۆلۆژیاکەی دەبەخشێ و دەیەوێ بەمەش دنیای دەورووبەری ئیسلامی وا تێبگەیەنێ کە کورد لە ئاین وەرگەڕاون و ئەمیش (( صدام و بەعس )) ئەرکی سەر شانیانە لە ناویان ببەن ، ئەمە وەك دیوی دەرەوەو دنیایی پەلاماری ئەنفال ، بەڵام دیوی ناوەوەی پەلامارەکە ئەسڵەن دژ بە عەرەبی (( ئیسلام و غەیرە ئیسلام )) یشە کە جیاوازی بەدی بکەن لە نێوان خۆیان و بەعس و صدامدا 0 ئەگەر روونتر و فراوانتر قسە بکەین دەبێ بڵێین : بەعس هەڵقولاوی ناو کلتوری زەبرو زەنگە دیارە سەرچاوەی تێربوونی بەعس لە رووی فیکری و فەلسەفیەوە سەر چاوەکەی دەگەڕیتەوە بۆ کلتوری عەرەب لە پێش ئیسلامدا بەڵام بەعس زیرەکانە کاری لە درزەکانی ئەم مەسەلەیە دا کردوەو پێش وەخت ئەوەی زانیوە کە قسە کردن لە ژێر رۆشنایی کلتوری عەرەب و قڕکردنی کورد و هتد بە ئاسانی بۆ ناچێتە سەر ، بۆیە هاتوە ئیسلام یان روونتر ئاینی ئیسلام و ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئان دەکاتە بەردەبازی ئەم پەڕینەوەیەی 0 باشە ئەگەر دانمان بەوەدانا کە بەعس درێژە پێدەری کلتوری شەڕانگێزی و زەبرو زەنگی عەرەبی پێش و پاش ئیسلام ، خۆ دەبێ بەلانی کەم بچینەوە بۆ لای خودی سورەتی ئەنفال لە قورئاندا و بەلانی کەم بەراوردێك ئەگەر کەمیش بێ لە نێوان کلتوری عەرەب و ئیسلامدا بکەین ، چونکە بەبێ لە بەر چاوگرتنی ئەم هاوکێشەیە ناتوانین ئەوە پشت راست کەینەوە و بسەلمێنین کە ئەنفال و بەعس و ئاین سێگۆشەیەکی پێکەوە گرێ دراوو تێك هەڵکێش کراون بۆ رەوایەتی دان بە ئەنفال لە عەقڵ و فیکری بەعس دا 0

(( یسئالونك عن الانفال ، قل الانفال لله والرسول فا تقوا الله وأصلموا ژات بینکم ، واگیعو الله و رسوله ، ان کنتم مومنین )) دیارە ئەم ئایەتە لە سورەتی هەشتەمدایەو کۆی ئایەتەکانی ئەم سورەیە هەفتاو پێنج ئایەتە 0 وەك دەردەکەوێ لە شەڕی ئیسلام و کافرەکاندا ئەوانەی بەبێ ئیمان لەلایەن ئیسلامەکانەوە لە قەڵەم دەدران ، تالانی و دەست گرتن بە سەر سەروەت و ساماندا ، کێشەیەکی گەورەی بۆ شەڕکەرە ئیسلامیەکان دروست کردوە و سورەتی ئەنفالیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیی نێوان خودی ئیسلامیەکان خۆیان دێت 0 کاتی هاتنی ئەم ئایەتە (( محمدو جەنگاوەرەکانی )) لە گەڵ ئەبوو سوفیان و خێڵی قورەیش لە مل ملانێ و شەڕی شەختدا دەبن بەو پێیەی کە جەنگاوەرە ئیسلامیەکان بە سەر پەرشتی (( محمد )) دەیانەوێ دەست بگرن بە سەر کاروانێکی پڕ بەهای ئەبوسوفیان و خێڵی قورەیشدا 0 وەك دوایش روونتر دەبێتەوە جەنگاوەرە ئیسلامیەکان دەبێتە ناکۆکیان لە ناو یەکدا لە شێوەی دابەشکردنی ئەو سامانەی قوریشیەکان دەستیانبە سەردا گیرا 0 ئەمە دوای ئەوەی کوژراوەکانی ئەو شەڕە لە یەك جێگا و بە کۆمەڵ دەیانکەنە ژێر خۆڵەوە 0 ئایەتەکانی ناو سورەتەکەش تەئکید لە گرفت و کێشەی نێوان جەنگاوەرەکانی ئیسلام و سەرکردەو خەلیفەکانیان دەکەن هەروەك لەم ئایەتەدا هاتوە (( وا علموا انما غنمتم من سیء فان لله خمسە و للرسول ولژی القربی و لیتامی والمساکین و ابن

السبيل ان كنتم امنتم بالله )) (( بەعس )) دێت دەقاو دەق ئەم زیندوو دەكاتەوە وبە ئایەتەكانی ناو هەمان سورەتی ئەنفال وەك مەرجەعێكی ئاینی رەوایەتیەكی ئاینی دەدا بە ئەنفال كردنی كورد و شوناسی كوردی 0 وەك وتمان لە دێگایەكدا (( بەعس )) زیرەكانە كاری لەم مەسەلەیەدا كردوە ئەگینا خۆ ئەوەی كە لە شەڕی (( بەدر )) دا رووی داو لە نێوان ئیسلام و بێ ئیمانەكاندا بوو ، رەدەرنەبوو لە مل ملانێی توندو شەڕو شۆڕو یەكتر كوشتنی نێوان خێڵە عەرەبەكان بە ماوەیەكی زۆر پێش ئیسلام 0 دیارە ناكرێ (( بەعس )) لێرەدا بێت و بە ناوی ئەو كلتورەی عەرەبی پێش ئیسلامەوە قسە بكاو بە دوای رەوایەتی دان بە ئەنفال كردنی كوردا بگەڕێ ، بەڵكو ئاسانتر لەوەو بە دید وتەفسیرێكی تر دەیەوێ ئیسلام بكابە عەرەب و خۆشی بكاتە كەسێكی موسڵمان و سەرۆكێكی پیرۆزی عەرەب تاكار دەگاتە ئەو رادەی خۆی بە شەجەرەی ئیمام علی و پێغەمبەر (( محمد )) .. كەوابوو دەبێ لەوە بگەین كە ئەوەی بەعس لە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال بە سەر كوردیدا هێنا ، ئەوەندەی پەیوەندی بە كلتوری عەرەب و تێفرین و پرۆژەی بەعس وە هەیە هیندە پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە نیە 0 بەڵكو ئاینی ئیسلامیش بە دەستی رابەرو خەلیفە عەرەبەكانیەوە زۆر بە هەڵەو لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای عەرەب بە كاربراوە و دەبرێ 0 وەك دیتمان لە ئەنفال كردنی كورد و بە سێەر كردنی ئاین بە سەر كردن ئاین بەسەر پەلامارەكانیەوە یەك وڵاتی بەناو ئیسلامی و یەك زاناو پرۆفیسۆر و مامۆستای ئاینی قسەیەك لە دوو لێویان نەهاتە دەرو بە جۆرێك لە جۆرەكان پشتگیرییان لێكردو لە بۆنە و بێ بۆنەدا وەك قائیدێكی پیرۆزی ئومەی عەرەبی (( صدام حسين )) یان پیرۆز را دەگرت 0

---


ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودیان لێ وەرگیراوە

1 – شایەتحاڵەكانی ئەنفال / بەرگی ئەكەم / عارف قوربانی 0

2 – شایەتحاڵەكانی ئەنفال / بەرگی دووەم / عارف قوربانی 0

3 – مەسەلەی كورد و یاسای نێودەوڵەتان / دكتۆر جاسم تۆفیق 0

4 – كوشتن لە عێراق بە ژەهری سالیۆم / سالار حمه سور باسیره 0

5 – جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد / و/ سیامەندی مفتی زادە 0

6 – لە پەراوێزی ئەنفالدا / تەها سلیمان 0

7 – ئەنفال : لە گوتاری مەرگ و غەریزەی خنكاندندا / هۆشیاری عبدالعزیز – گۆڤاری بیری نوێ ژمارە (( 25+26 ))

8 – پرۆسەی ئەنفال و دەستوری بەعس / عبدالكريم شوانی (( بیری نوێ )) ژمارە (( 25 +26 ))

9 – گۆڤاری رەهەند – ژمارە (( 7 ))

10 – گۆڤاری رەهەند / بەختیار عەلی / لە ئارەزووی كوشتن وە بۆ ئارەزووی فەرامۆشكردن 0

11 – گۆڤاری رەهەند / هۆشەنگی وەزیری / دەوڵەتی هەرزەکارو ئایدۆلۆژیای قەیران 0
12 – ئەنفال جینوسایدێك لە ئایندا بۆ رەوایەتی دەگەڕێت / گۆران بابا علی / رەهەند ژمارە ((7 ))
13 – هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون / ئاراس فتاح / رەهەند ژمارە (( 7))
14 – ئەنفال : قۆناغێك لە پراکتیکردنی جینوساید / مارف عمر گوڵ 0

بەشی سێیەم

## بۆچی ئەنفال نەکەینە مەسەلەیەکی میللی ؟

ئەنفال بەربەریانەترین پرۆسە بوو دژ بەگەلی کورد لە کوردستانێ عێراق لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە ئەنجامدراو زیاتر لە 182 هەزار مرۆڤی بێتاوانی تیا بێ سەرو شوێن کراو چوار هەزار گوندی تیا خاپوور کراو دەیان رەزو باخی لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەدا کردە قەرەبرووت 0 پێویستە هەموو تاکێکی کوردی ئەو راستییە بزانێ پرۆسەی ئەنفال تەنها شتێکی کاتی نەبووە لای بەعس ، بەڵکو پرۆژەو پرۆسەیەکی بەردەوام بووە وبەردەوام کاری بۆ جیبەجێ کردنی کردووە 0 بەدیدێکی تر دەتوانین بێژین پرۆسەی ئەنفال تەواوکەر ، یاخود بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی پروژەی ( هەموو شیێ لەپێناوی بەعس ) ی دەسەڵاتداریتی بەعسدایە 0 کەوابوو قەتڵ وعام کردن ورووخاندنی گوندو سوتاندنی رەزو باخ و .. تەنها بۆ چاوترساندن ودامرکاندنەوەی کەف و کوڵی هێستریایی پیاوانی سەرکردایەتی بەعس لەسەروویانەوە گەورە دیکتابۆر ( سەدام ) نەبووە ، بەڵکو هەمانەنگ لەگەڵ پرۆژەی بنەڕەتییەکەیانپرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بووە و.. هتد بەمانایەکی تر ( یەعس ) بەشێوەیەك لە شێوازەکان ویتوویەتی ، یان دەیویست ئەنفال کردنی کوردان بکاتە مەسەلەیەکی میللی لەناوخۆو دەرەوەدا ، ئەگەرچی بەعس نەیتوانی یاخود پرۆسەکەی تەواو پێ سەرنەخرا حگە لەچەند هەنگاوێکی نەبێ کەدیارە س ئەممەش بۆخۆی کۆمەڵێ لایەن و تێزی گرنگی تیایەو ناکرێ و مومکین نییە کورد وەك ئیستا کلۆڵ و کەم بڕست بێ لەڕاڤەکردن و هەڵدانەوەی لاپەڕە رەشەکانی پرۆسەی ئەنفال 0

لێرەوە دەبێ بچینە سەر جەوهەری مەبەست کەوەك وتمان بۆ ئەنفال نەکەینە مەسەلەیەکی میللی ؟ ئەگەر لێرە پرسیار بکرێ و بوترێ ئایا ئەم پرسیارە رەوایە ، ئەوا لەوەڵامدا دەڵێم هەژارترین پرۆژە لەناوەندی رۆشنبیری و توێژینەوەی کوردیدا پڕ قسەی ( ئەنفال ) ە هۆکاری سەرەکی ئەممەش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەتائێستا ئەڤال لای تاکی کوردی نەبووەتە مەسەلەیەك بەمەش نەتوانراوە لەسەر ئاستی میللی ( ئەنفال ) دەنگێکی گشتی بێ و بکرێتە کێشەی نەتەوەیەك 0

لێرەدا بێ زیادەڕۆیی رێگا بەخۆم دەدەم کەقسەیەکی تر بکەم ئەویش ئەوەیە کەمن پێم وایە نەنگیە بۆ کوردو بزاڤە سیاسی و رۆشنبیرو خوێندەوارەکەی ، کەتائێستاو دوای تێپەڕبوونی سیانزە ساڵ بەسەر کارەساتی ( ئەنفال ) سلێمانی نەزانی ئەنفال چییە ؟ هەولێر بێئاگا بێ لەم دەنگ و باسە ؟ دهۆك بەکێشەی خۆی نەزانی ؟ کەرکوك و گەرمیان جگە لەبێزاری و دڵ تەنگی هیچی تریان بۆ نەمێنێتەوە ؟ ئێمە کەرەستە گەلێکی زۆرو پڕ لەبەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوتۆمان لەبەردەستە کەبتوانین گوتاری سلێمانی و هەولێرو دهۆك و کەرکوك و گەرمیانیش وێك گرێ دەینەوەو پرۆسەی ئەنفالی دژ بەگەلەکەمانی پێ بکەینە مەسەلەیەکی میللی 0 بەبەمیللی کردنی پرۆسەی ئەنفالیش واتە مەسەلەی نەتەوەیەکی بەرەو شانۆی سیاسی جیهانی بەدیدە بابەتی و پێویستەکەی دەبرێ 0 وەك ئاگادار کرامەوە ئەمساڵ زانکۆوە هەنگاو بۆ ئەو مەسەلەیە ژەهاوێژێ ، ئەمە تابڵێی هەنگاوێکی چاك و لە جێیە ، بەڵام گرنگی ئەم هەنگاوە لەوەدایە تەنها بۆ یادکردنەوە و بیرخستنەوە نەبێ بەڵکو ئەم هەنگاوە هەنگاوی زیاتر بیرکردنەوەی زیاتر ، لە پێناوی ئاکامی پێویست و گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی پرۆژە دژ بەمرۆڤایەتییەکەی بەعس بەدوای خۆیدا بێنێ 0 گومانیشمم لەوە نییە ئەم هەنگاوەی زانکۆ دەست گرۆیی و هاوکاری جیدی هەموو لایەکمانی دەوێ ، بێ ئەوە دەست گرۆیی هاوکارییەش ئەم هەنگاوەش وەك هەنگاوو هەوڵەکانی تر دەبێتە بەردی بن گۆم 0

ماوەتەوە بڵێم : بەبێ بەمیللی کردنی پرۆسەی ئەنفالی دژ بەگەلەکەمان تەنانەت بەر لە هەموو شتێ ناتوانین خۆمان بناسین ، بەنەناسینی خۆشمان بەر لەهەرکەسێ خۆمان کەمتەرخەم و تاوانبار دەبین بەرامبەر بەمەسەلەی بەمیللی کردنی ئەنفال 0

لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە ( 411 ) 2..1 بڵاو بوەتەوە 0

---

## کەی گەلاڵەی گوتارێکمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەنفال دەبێ ؟

ئەوەندەی لە سەر پەلامارو مەرگەساتی ئەنفال بۆ سەر کورد وتراوەو نووسراوە ، ئەوی کۆمان کردۆتەوەو پرێزگاریمان لێکردوە ، پێ ناچێ بایی ئەوە بن کە ببنە سەرچاوەیەکی دیکیومێنتی کەلەپێویستیدا دەستێ بوێرێ بەرامبەر فراوانی پانتایی ئەنفال لە عەقڵ و سروشتی بەعسی بوەستێتەوە 0 بەمانایەکی تر گوتاری کوردی گوارێك نییە ، کەوەڵام بێ بەپەلاماری ئەنفال 0 دوای چواردەساڵ کە بەعس لەپرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراودا حەشاماتێك بەشەری سەرنگوم کردین کەوا بوو دەبێ خۆمان بپرسین : ئەنفال لەسروشتی بەعسدا چ مۆرکێکی لە خۆ گرتبوو ؟ کورد لەپرۆسەی ئەنفال کەتایبەت بوو بەتێکشانی کەینوونەی کورد بوونی کام رێگای لەبەردەم بوو بۆ وڵامدانەوە

دانەدواوەی ؟ ئایا لە خۆخی بەرجستکردنی پرۆسەی ئەنفالداو سەرنگومکردنی ئەو گشتە بەشەرە ئاسۆی هاوسۆزییەك بەدی دەكرا بۆ پشتگیری ئەو حەشاماتە بێ تاوانەی كەسەرنگومكران ؟ بە بڕوای من تا بنچینەی كێشەكەو بەدوای وڵامی ئەو پرسیارەانەدا وێڵ نەبین ، خورد یان نەكەینەوەو هەڵوەستەی جدییان لەبەردەمدا نەكەین ، هاوكات بەگگوتارو قسەو وتنی چواردە ساڵی رابردوومانداا نەچینەوە راوەستانێك لە نێوان پرۆسەی پەلاماری ئەنفال و عەقڵی بەعس لەلایەك و خویندنەوە و تێفكرینی خودی خۆمان لەلایەك دروست نەكەین ، مومكین نییە بتوانین پێش هەر شتێ كەینوونەی تێكشكاوی خوشمان لەبەردەم هوروژمی ئەنفال بناسین و لەوێشەوە قسەو وتنێكمان هەبێ بۆ بونیادی گەلاڵەی گوتارێك كەوەڵامی كاراو پێویست بێ بۆ ئەنفال 0

كەوابوو بالیرەوە بگەڕیینەوە بۆ سەرەتا ، ئەو سەرەتایەی كەغیابی گوتاری كوردیی تیایە ، بۆ ئەوەی بەگەڕانەوەمان بۆ هەمان سەرەتا ئەقڵی پانتایی ئەنفال لەپێكهاتەو سروشتی بەعس دا بناسین وبزانین غیابی گوتاری كوردی لەئاست گەلاڵەی وڵامدانەوەی ئەنفال و مەترسییەكانییبۆ ؟ ئەزوای نابینم كەف و كوڵی گوتاری ، یان قسەی سیاسییەكی گۆڕەپانی سیاسەتكردن بچێتە سیاقی كاركردن بۆ بەرهەم هێنانی گوتارێككە پێویستییەكی گرنگ و بنەڕەتی وەلامدانەوەی ئەنفال لە بیركردنەوەی ( بەعس) دابێ ، بەڵكو سیاسییەك و دوان وسیان هەمیشە لەسەر رێتمی ئەو چمكە كاردەكەن كە بەرژەوەندی سیاسەتخوازانەی خۆیان بپارێزن ، بۆیە بۆی هەیە لە ئان وساتێكی چواوڕوان نەكراودا ، سیاسییەك ئەوی دوێنێ دەیوت و خەڵكی ئە ئاست مەسەلەیەك لەمەسەلەكان پێ دەوروژان ، ئەمرۆو داهاتوو لە بارێكی سەد دەرسەد پێچەوانەدا بیڵێتەوەو جۆرەها پاساوی نامەنهەجیانەشی بۆ بێنێتەوە ، نەخوازەلا گوتاری سیاسی بزاڤی سیاسی ئێمە كە لەبنەڕەتدا چوارچێوەیەكی نییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆشی ، كوێ را دەتوانێ ببێتە ئاسۆی وڵامدانەوەی كارەساتێك لە كارەساتە بەشەرییەكان كەبەسەر كۆمەڵگاكەماندا هاتووەو هێشتاش مەترسی دووبارە بوونەوەو كاریگەری دەرهاویشتە سەختەكانی بەردەوامە ، لێرەوە ماڤی ئەوەمان هەیە كەبگەڕێینەوە و بڵێین : دروست وایە رژێمی فاشی لەپرۆژەیەكی نەخشە بۆكێشراودا لەدێنێ وە بۆ ئەمڕۆو تاسبەینێ سەرقاڵی تێك و پێك شكاندنی كەینوونەی كوردەوەك گرێی مەسەلەكەش لەوێدایە كە كورد هیچ گوتارێكی فیكری و سیاسی ئەوتۆی نییە بۆ وەڵام و لە وێشەوەكاركدن بۆ نەفیكردنی گوتارێكی رەگەزپەرستانە كە بەردەوام لەهەوڵی لەنێوبردنیدایە 0 ئەمە ئەوەمان بیر دەخاتەوە كە ئێمەی كورد كورت بینین لە خوێندنەوەی ئاسۆی ئایندەمان ، بەمەشا بۆمان روون دەبێتەوە كەمیتۆدی كاركردنمانبۆ رەوشە جیاجیاكانی ژیانمان ودەوروبەرمانمیتۆدێكی زانستی نییە ، بۆیە بەردەوام لە خولگەی رووداوەكاندا بەخەسارچوون و ئەنفال و فڕكردنی كوردیش دەچێتە گێژەنی ئەو خەسارەوە چونكە تا ئێستا هۆشیاری بەعس ناسیمان لەستێكی لاوازدایەو نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە كە وڵامەكانمان بۆ پێوستییەكانمان و دژەكانمان پێچەوانەی خەسڵەتەكانی كورد بوونمان بێ لە پێشهات و رووداوەكان ، روونتر ئەگەر ئێمە بەعس نەناسین و پرۆسەی ( بەعس ) ناسی

نەكەین ئەولەویاتی شرۆڤەو تێفكرینمان        ۆن دەتوانین بزانین ئەو زمانەی بڕیاری ئەنفالكردنمانی داو ئەو زەمەنەی ( ئەنفال ) تیایدا گەیشتە لوتكەی بەربەریەت ودژە بەشەری ، كەی و چۆن و لە كوێ بوو ؟ داهاتووی مەترسییەكانی لە كام ڕێژگەی ڕووداوەكاندا دەكەونەڕوو ؟

بەكورتی پێم وا نییە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ گوتاری كوردی بەلانی كەم وەڵامی بەشێك لە پرسیارەكانی تایبەت بە ئەنفال دابێتەوەو توانیبێتی لەئاستیاندا بوونی خۆی بسەلمێنێ ، بەمەش كەوابوو گوتارێكمان نییە پێی بگوترێ گەلاڵەی وڵامدانەوەی ئەنفال بەهەموو رەهەندەكانیەوە ، یەكەم هەنگاویش لەم بوارە بەبڕوای من شەرعیەت دانە بە دەزگایەكی بەرفراوان بێ هیچ سانسۆر و حەرام و خۆبەستنەوەیەك بە حزب و رۆتینی سیاسەتەوە ، و هەر لەوێشەوە دەتوانرێ نادیارترین بوعدەكانی مەرگەساتی ئەنفال خورد بكرێنەوە و بە خوردكردنەوەی ئەو بوعدانەش بەعس بەهەموو كایەكانیەوە دەناسرێ و ئەوكاتە دەتوانین بێژین بەرەو ئەوە دەچین ببینە خاوەن گوتاری وەڵامدانەوەی ئەنفال 0

ئاڵای ئازادی ژمارە (458 ) 2..2

---

## لە بیرەوەری ( 16 ) ساڵەی پەلاماری ئەنفالدا

**چۆن مامەڵە لە گەڵ سەردانەكەی بۆشنبیرانی گەرمیان بۆ پەرلەمان بكەی ؟**

لە سەر بانگهێشتی كۆمەڵەی رۆناكبیری و كۆمەڵایەتی كەركوك رێكەوتی 13 /4 /2..4 ، وەفدێكی رۆشنبیرانی گەرمیان كە لە شارەكانی كەلار و كفری و رزگاری و دووز رێكخرابوو ، لە بیرەوەری (16) مین ساڵەی پەلاماری ئەنفال دا سەردانی پەرلەمانی كوردستانیان كرد لە هەولێر 0

لەم سەردانەی رۆشنبیرانی گەرمیاندا نوێنەرانی فراكسیوێنی زەرد و سەوز پێشوازیان كردو لەلایەن لە رۆشنبیرانەوە یاداشتنامەك درایە دەست پەرلەمان كە چەندین خاڵ و پیشنیاری تایبەت بە ئەنفال و كەس و كاری ئەنفال كاروان و چارەنوسی بێ سەرو شوینكراوانی ئەنفالی لە خۆ گرتبوو ،نوێنەری پەرلەمانیش بەڵێنی ئەوەی دا كە لە كۆبوونەوەی تایبەتی پەرلەماندا گفتوگۆی یاداشتەكەو پێشنیارەكانی ناو یاداشتەكە كە تایبەت بە ئەنفالن بكێتە ولامی رۆشنبیرانیش بۆ داواكانیان تایبەت بە ئەنفال بدرێتەوە 0

بڕوام وایە تا ئیرە مەسەلەكە ئاساییەو گرتنە بەری رێگای چوون بەرەو پەرلەمان یەكێكە لە ئەركە گرنگ و جیدیەكان ، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوە دەبوو ئەم بابەتە زووتر بكرایەو هەوڵبدرایە لەم رێگایەوە دەنگی رەواو خەم خۆرانی ئەنفال بگەینرایەتە پەرلەمان و كۆی ئەو جێگاو شوێنانەی كە پێویستن مەسەلەی ئەنفالیان وەك مەسەلەیەكی میللی وگرنگ تیا بخرێتە روو ، وە كار لەسەر ناساندن و ناوەڕۆكە دڕندانەو دەرهاویشتە سەخت و مەترسیدارەكانی بكرایە 0

---

ئەز لە نرخی ئەو پێشوازییەی نوێنەری پەرەمان بۆ ئەو وەفدەی رۆشنبیرانی گەرمیان کە تایبەت بە ئەنفال و داواکاری پێویستیەکانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان خۆیان گەیاندبووە بەردەم پەرلەمان کەم ناکەمەوە ، بەڵکو سەرمامم و درپرسم : یائا نەدەبوو بۆ مەسەلەیەکی گرنگی وەك مەسەلەی ئەنفال کۆی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە ئامادەبن و هەر ئەو ساتی پێشوازی کردنە بکەنە کەرنەڤاڵێکی گەورە بۆ بیرەوەری ئەنفال و جێکردنەوەی خودی تاوانی ئەنندفال لە گوتاری ئاراستە کراوی پەرلەماندا ؟

من بۆ خۆم پیم وانیە پێشوازی کردنەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەفدی ناوبراو بەرامبەر بە تاوان و کارەساتی ئەنفال بە نوێنەرایەتی ئەو وەفدەی کە باسمان کرد لە جێی خۆی دا بووبێ ، بەڵکو وەك چۆن بڵێی ( ئەزعەف و لئیمان ) نابێ پێشوازی نەکرێن و دەبێ ببینرێن ، هەرواش دەرچوو ، دەبوو بە گەیشتنمان بۆ بەردەم تەلاری پەرلەمان ئەو راستیەمان بزانیبا ، چونکە یەك لافیتە ، یەك دروشم و هتد لەناو پەرلەماندا هەڵنەواسرابوو !! ئەمە لە جیاتی ئەوەی دەبوایە دار و دیوار و هۆڵ وبەك یەك بە یەکی ژوور و کۆی سوقاقەکانی پەرلەمان بە دروشم و لافیتەو بەڵگەنامەو کەرەستە جۆراوجۆرەکانی ئەنفال داپۆشرایەو ببوایەتە جێی تیاڕامان و سەرنج ، بە دیتنێکی تر دەبوو لە مانگی نیسان سەرتاسەر پەرلەمان ببوایەتە جێی مشت و مڕو پارچەیەك لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەنفال و کایە جۆراوجۆرەکانی نەك ئەوەی دیتمان و بووە جێی سەرنج و تێبینیمان لەم سەردانەماندا 0

ئێمە لە رێگای چوونمان بەرەو هەولێر و بۆ پەرلەمانی کوردستان وامان چاوەڕواندەکرد پەرلەمانی کوردستان جەلسەیەکی کراوەی گفتوگۆمان لە گەڵ سازبداو بە جیدی مەسەلەی ئەنفالمان لە گەڵ بخاتە بەرباس ، بە تایبەت ئێمە وەفدێکی گەورەی رۆشنبیران و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بە رێگایەکی دوور خۆمان گەیاندبووە بەردەم تەلاری پەرلەمان ، کەچی بەداخەوە وا دەرنەچوو !!

بۆیە لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە پێویستە پەرلەمان چاو بەم هەڵوێستەی خۆیدا بگێڕێتەوە و داواو پێشنیازەکانی ناو یاداشتنامەکەی رۆشنبیرانی گەرمیان وەك بەڵێنیاندا ، پشت گوێ نەخرێ و بکرێتە ئەجیندای کارکردنی پەرلەمان وهاوکات وەڵامی راستوخۆی کەسص و کاری ئەنفالکراوەکان بدرێتەوە 0

---

# پرسی مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال

ئەم ساڵ چواردە ساڵ رەبەق بەسەر مەرگەسات و تراژیدیای ئەنفالدا تێپەڕ دەبێت ، بە تێپەڕبوونی ئەو چواردە ساڵە ، یانزە ساڵی دوای راپەڕین ئێمە لە بەردەم کۆمەڵە پرسێکی جیدی و پێویستداین کە پێم

وابێ والآمی بەشێکیان نەدراوەتەوە و شرۆڤە بۆ ناسین و خوێندنەوەیان نەکراوە ، لێرەداو بەبۆنەی تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بەسەر تراژیدیای مەرگ هینەری ئەنفالدا جێی خۆیەتی مەسەلەیەکی گرنگ بێنینەوە بەرباس ئەویش دروستکردنی مۆزەخانەیەکە بۆ ئەنفال، چۆن ، پێویستە لێرەدا کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و ئەو راستییە بخەینەروو کە کاتێك پرۆژەی کۆڤاری ئەنفال و مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال لای کۆمەڵێك خەمخۆری ئەم مەرگەساتە لە گەرمیان هاتە قسە لەسەر کردن و بەم رێڕەوەشدا بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ( کوسرەت رسولّ عەلی ) و وەزیری رۆشنبیری پێشوو ( محەمەد شاکەلی ) بینران ، ئەوان پرۆژەکەیان قبوولّ کرد ، بەلاّم وەك هەنگاوی یەکەم بڕیار لە سەر دەرکردنی گۆڤارەکە دراو ئیتر لە وێوە گۆڤارێك بۆ ئەنفال کە خەونی زۆربەمان بوو هاتە بوون و بووە فاکتەرێکی گرنگ لە پالّ خورد کردنەوەو ناسینی ئەنفال و ئەو مەودایەی کە فیکر و گوتاری ئەنفالی لەسەر رۆنرابوو ، بەلاّم ئەوەی کە تائیستا لە چوارچێوەی خەونێك دەرنەچووەو نەچۆتە بواری کردارەوە ئەوەیە پرۆژەی دروستکردنی مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال کەجێگاکەی ( کەلار ) بێت لە گەرمیان هەر ماوەتەوە ، روونتر لەنێو شاری کەلار جێگایەکی سەربازی رژێم هەیە کە بۆ ئەکەمجارو لە دەستپێکی هێرشەکانی ئەنفالدا یەکەم کۆمەڵە خەلّکی ئەنفالکراوی تیا کۆکرایەوەو ئیتر لە وێوە حەشامەتیدانیشتووانی بەشێك لە گوندەکانی قەرەداغ بەتایبەت و گەرمیان بە گشتی بۆ قەلاّی قۆرەتوو و لە وێشەوە بەرەو شوێنی نادیار دەبران 0

جا جێی خۆیەتی بەبۆنەی چواردە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر یادەوەری تالّی ئەنفالدا بەجددی وەلاّمی پرسی مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال و لەجێگای مەبەست و پڕ بەپێست بدرێتەوە 0

بەم هەنگاوە دەتوانم بلّێم بەشێکی زۆر لەبەلگەو دیکۆمێنت و کەرەستەی هەمەجۆری پاشماوەی ئەنفال لەفەوتان دەپارێزرێت و دەتوانرێت بکرێنە سەرمایەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ بەرچاو روونی نەوەکانی ئایندەمان ، پێم وانییە کارو پرۆژەیەکی لەم جۆرە هێندە ئەرك و پێویستییەکانیشی قورس بێت کە لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نەبێت و بۆی هەلّنەسورێت ، بەلّکو بەپێچەوانەوە توانای لەوە زۆرتر هەیەو دواخستن و بەپەراوێز خستنی ئەم پرۆژەیە غەدرێکی گەورەیە لەخۆمان و مێژوومانی دەکەین ، تازووش دەست پێبکەین درەنگە بۆ ئەم ئەرکەو دەبێت لەپێشەوەی بایەخدانمان بێت بەپێناسەو ناسین یمەغزای ئەنفال و رەهەندە جیاجیاکانی 0

کوردستانی نوێ / ژمارە (2729) 2..2

## ئۆردوگا : وەك شوێن و جێگای نشتەجێ بوون و گوزەرانی خەلّکی

# پاشماوەی ئەنفال وبەدوادا چوونێکی پێویست ..

هەموو جاری پرسیارێکی سەخت یەخەمان رادەوەشێنێ وەك : ئایا ئۆردوگا وەك پنتێکی بنەڕەتی لەنەخشەی سیاسەت و پەلاماری ئەنفادا ، لەلایەن بەعسەوە بۆ سەر کورد ، یەکێك لەشوێن و جێگا ترسناکەکاننەبوو بۆ خەڵکی پاشماوەو پەراوێز کەوتووی پەلاماری ئەنفال ؟ ئەز زۆر لە سەر ئەو رایە کۆکم کەدەرهاویشتە مەترسی دارەکانی کارەسات و پەلاماری ئەنفال ، رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەر دەکەون و تلّقە دەکەن بەقەبارەی جیاجیا 0 یەکێك لەنموونە سەلێنراوو بەلگە نەویستەکانیش ئۆردوگایە وەك شوێن و جێگای گردبوونەوەی خەڵکی پاشماوەو پەراوێز کەوتووی ئەنفال 0 ئەو ئۆردوگایەی کەلەنەخشەی بنەڕەتی پەلاماری ئەنفالدا ، وەك پنتێکیبنەڕەتی پەلامارەکە ئامادەباشی لە هەموو رووەکانەوە بۆ کرابوو ، وە هەموو پێداویستیەکانی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن بەعسی گۆڕکراوەوە بۆ دابین کرابوو0

لە ساتەوەختی گێگیر کردنی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال لە ئۆردوگادا دوو مەسەلەی گرنگ لە ئارادابوون وەك :

یەکەم

دەبوایە ئەو خەڵکە بەهەر پەلەقاژییەك لە پەلامارەکە قووتار دەبن و ئەو خەڵکەش کەپیرو پەککەوتەن و بەعس مەبەستی بوو لە گەڵ کۆی خەڵك ئەنفالکراودا راپێچیان بکاو دواتر لە لێبوردنێکی بەناو گشتی بۆ چەواشەکردنی رای گشتی نێوخۆو هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەگەر هەبوو ، لە ئۆردوگادا نیشتەجێ بکا 0 ئەمە وەك وتمان یەکێك لە پنتە ریشییەکانی نەخشەی پەلاماری ئەنفال و کاتێکی بەرچاویش بۆ جێبەجێکردنی تەخان کراو دڕندەترین دام و دەزگاو شوێن و جێگای بەرپرسارێتیش بۆ ئەم مەبەستەو چاودێری جێبەجێکردنی دەست نیشان کرا 0 وەك بینیمان کۆی ئەو خەڵکەی کە چوارچێوەی پەلاماری ئەنفال چی لە پەراوێز چی لە پاشماوەی پەلامارەکە قوتاربوون ، بەدەگمەن نەبێ لە پرۆسەیەکی (( قەسری )) دا ئۆردوگابووە شوێن و جێگای نیشتەجێ بوون و گوزەرانیان 0

دووەم :

دوای چاوخشاندنەوەو خوێندنەوەی وردی نەخشەی پەلاماری ئەنفال و کەوتنە بەردەستی ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندی راستەوخۆ بەناوەڕۆکی نەخشەی پەلامارەکەو جێبەجێکردنیەوە هەیە ، جیا لە ناوەڕۆکی مەبەست لە خاڵی یەکداو هاوکات دەبێ ئەوە بزانین (( بەعس )) ئۆردوگای نەك وەك شوێن جێگای نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی پاشماوەی ئەنفال بەکارهێنا ، بەڵکۆ ئاخنینی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال لە ئۆردوگای زۆرەملێ و رێگا نەدانیان بۆ نیشتەجێ بوون لە شارو شارۆچکەکانی تر ، بەر لە هەموو شتێ ناوەڕۆکیکی مەترسی داری هەیەو بوە ، ئەویش بەردەوا بوون یگوتاری ئەنفالە ، بەڵام

جیاواز له ناوەرشۆکی پرۆسەی بێ سەرو شوێنکردن وقەتڵو عام کردن 0 بەڵکو بەردەوا بوونی پەلامارەکه له چاوەڕوانی سەختی کەس و کار لەلایەن ئەو خەڵکەی کەلەئۆردوگا نیشتەجێ کران وتوش بوونیان بەجۆرەها نەخۆشی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرونی و هتد 0

کەوابوو ئەگەر پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد له قۆناغی یەکەم و گشگیری خۆیدا زیاتر له 182 هەزار مرۆزی بێ سەروشوێن کرد ، ئەوا له قۆناعی دوای بیچ سەرو شوێن کردن و رووخاندنی گوندو سووتاندنی رەزوباخ و هتد .. لەو خەڵکەش ناگەڕێ کەوەك وتمان لەپەراوێزو پاشماوەی پەلامارەکه قوتار دەبن ، بەڵکو لەبوارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونیەکەدا ، جێگاو رێگەی پەلاماری ئەنفال دیاری دەکاو توانای سیاسی ورێکخراوەیی خۆی بۆ بەکار دێنێ 0

کەوابوو ئێمه دەتوانین ئەوە بسەلمێنین که ئۆردوگا پایەیەك یگرنگ و بنەڕەتی پەلاماری ئەنفال و بەردەوام بوونێتی لەزاکیرەی خەڵکی پاشماوەو پەراوێزی ئەنفالداو دەشێ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی دان بەم راستییه حاشا هەڵنەگرو تاڵەدا بنێن بەدیدو خوێندنەوەیەکی ئۆردوگا وەك شوێن و جێگای گردبوونەوەی خەڵکی پاشماوە و پەراوێزی ئەنفال ، ئەو جێگایەیه که کۆی توانا ئابوری و کۆمەڵایەتی و بارە دەروونیەکانی مرۆڤی تیا نابوت دەبێ و رۆڵێکی خراپ و کاریگەر له تێك شکاندنی کەینوونەی کەسایەتی ئەو خەڵکەی پاشماوەو پەراوێزی پەلامارەکه دەگێرێ 0

کەوابوو لێرەدا پێویسته ئەوە بێژین ئەم پرسیارە بکەین : چی بکەین بۆ ئەوەی کاریگەری پەلاماری بەسەر ئۆردوگاوە نەیەڵین ؟ یان خەڵکی پاشماوەو پەراوێزی ئەنفال لەدەرهاویشتەکانی ئەنفال و کاریگەرییه سەخت و نامرۆییەکانی قووتار کەین ؟

من پێم وایە تایبەت بەم مەسەلەیە پێویستمان بەیەك گوتاری فکری – سیاسی – کرداری ئاراستەکاروە ، کەکۆی کایە جیاجیاکانی پێکهاتەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیو هتد .. ئەنفال بەوردی بخوێنینەوەو کۆی لایەنە ئاشکراو نائاشکراکانی لێك بداتەوەو بخاتە روو 0 دیارە ئۆردوگاش بەشێك دەبێ له ستراکتۆرە ریشەییەکانی ئەو گوتارەو ئەوەشی کەدەبێ لەبەرچاوی بگرین تایبەت بە ئۆردوگا و پەلاماری ئەنفال بەبڕوام دەبێ ئەم لایەنەنانە لەخۆ بگرێ و بۆ جێبەجیکردنی بکرێت :

یەکەم :

سەنتەرێك بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوون و تەوسیق کردنی کۆی حاڵەتە ئاسایی و یائاساییەکان له ئۆردوگاکاندا دابمەزرێ و هەموو ئۆردوگایەك لقێکی ئەم سەنتەرە لەخۆ بگرێ بەهەموو پێداویستیەکانی کارکردنەوە ، وەرزانەش چاودێری بەرهەم و هەڵێنجانەکانی ئەم سەنتەرە بکرێ و بۆ رای گشتی بڵاو بکرێتەوە 0 بەر لەهەموو شتێ نەخۆشییە کۆمەڵایەتو ئابوری و دەروونیەکان و .. هتد بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە 0

دووهەم :

ئۆردوگا ، وەك شوێن و جێگای نیشتەجێبوون بکرێتە بازنەی لێکۆڵینەوەی جیدی و پڕبایەخ ، پێویستی و ناپێویستی وەك شوێن بۆ نیشتەجێبوون دیاری بکرێ لەحاڵەتی پێویستبوونی مانەوەی خەڵکی پاشماوەو پەراوێزی ئەنفالدا ، دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ کەمانەوەی ئۆردوگا وەك شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو خەڵکەو بەم ناوەڕۆك ورووخسارەی ئێستاوە ، یەکێکە لەهەڵە کوشندەو خاڵە مەترسیدارەکان و بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەردەوامبوونە لەپەلاماری ئەنفال و کارنەکرد بۆ کەمکردنەوەی ناوەڕۆکە مەترسی دارەکەی پەلامارەکەو خاڵە مەترسیدارەکانی 0

سێیەم :

دەسەڵات هەڵبدات و کاربکا بۆ ئەوەی زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە ئۆردوگاکاندا پێشکەش بکرێ ، لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و نیشتەحێبوونەوە ـ ئەمەش بەبەرنامەیەکی چڕوپڕو لەسەر بنچینەی بابەتیانە ، نەك خۆرسکانەو بێ بەرنامە ـ

چوارەم :

مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشێوەی رەسمی لەسەر ئاستی جیاجیای تەمەن بکرێتەوەو مامۆستای پسپۆرو شارەزاو وانەبێژی بەئەزموونی بۆ تەرخان و دیاری بکرێ ، لەگەڵ پێویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوە ـ

هەموو ئەوانەو ئەو رێگاو شوێنانەی تر کە بۆ مزمەت و پێشخستنی ئاستی گوزەران و لایەنە جیاجیاکانی ژیانی خەڵکی پاشماوەو پەراوێزی ئەنفال پێویستن ، دەبێ سۆراخ بکرێت و کاریان تیا بکرێ و بەرنامەی بابەتیش بۆ جێبەجێکردنیان دابنرێ ـ پێم وایە ئیتر کاتی ئەوەش بەسەر چووە بمانەوێ بە فرمێسك رشتن لە ئەنفال و دەرەنجامە سەخت و ناڕەحەتەکانی بگەین ، بەڵکو کاتی ئەوەیە بەجیا لە 4/14 کەرۆژی یادەوەری کارەساتەکەیە ، دەبێ هەموو رۆژێ و بەبەرنامەوە رووبەڕووی سروشت و کارکردو دەرەنجامەکانی پەلاماری ئەنفال بینەوە ـ

## لە پەراوێزی ئەنفالدا : لیوا – کەی کەلار و ئەنفال

ئیمە بۆچی واراهاتووین گوێ لەیەکدی نەگرین ؟ ئایە ئەو راستییە تاڵەی کەلەسەرەوەو ناوەڕۆکی ئەو پرسیارەدا دەخوێندرێتەوە ، ئەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی گەورەی دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی ؟ ئەز دڵنیام هەر ئەو حاڵەتەی سەرەوە وای لە ئێمە کردووە لەوەڵامی بابەتیانەی پرسیارەکان خۆمان ببوێرین و خۆمان نەدەینە دەست واری کرداری پێویستەکانیانەوە ـ ئێ رۆژێ با داهاتوویەکی دووریش بێ مێژوو یەخەمان رادەوەشێنێ و ژەهراوی ئەو نابەرپرسیارێتییەمان دەرخوارد دەدا ، بۆیە هێشتا پێم وایە کاتمان لەبەردەمە بۆ هەندێ مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەیی گرنگ کەوەك سیمبولی قوربانی و

بەرەنگاریمان لە بەرامبەر رژێمە یەك لەدوای یەكەكان ،بەتایبەت رژێمی بەعس بیانپارێزین و لەفەوتان رزگاریيان كەين ـ ليواكەی كەلار كە دەكەوێتە سەر هێڵی هاتووچۆی گشتی ( كەلار – كفری ) ناوەندێكی سەربازی گرنگ بوو ، ليوايەكی سەربازی بوو ، ئەم ليوايەو ئەم ناوەندە سەربازييە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ناوچەكەدا هەبووە ، گرتن ولە زيندان ئاخنين و ئەشكەنجەدان و كوشتن و لەناوبردن لەم ناوەندە سەربازييەدا بابەتێكی ئاسايی بوو ـ ئەو ماڵانەی بەتەنيشت ئەم ناوەندە سەربازييەوە بوون ، شاهيدی ئەوەن كە شەوان زيرەو ڤيژەی ئەو خێزان و ئافرەت و مناڵانەی بەبيانووی خێزانی پێشمەگەن دەبرانە ئەوێ ، چۆن لە چ ئاستێكی مەترسيدا بوو ـ

" بارق عبدوڵلا "ی فەرماندەی ليوای ناوڕاستی هەشتاكانی ئەو مۆڵگەی ليوايە ، دڕندانەترين رۆڵی نامرۆڤانەی لەم ناوەندە سەربازييەدا دەگێڕا ـ

لەساڵی 1988 دا كە پەلاماری ئەنفال بۆسەر كوردو ديهاتە كوردی و ناوچە جياجياكان دەستی پێكرد ، رۆڵی ئەم ناوەدە سەربازييە فراوانترو كاريگەرتربوو بۆ رژێمی بەعسی گۆڕكراو ، يەكەم كۆمەڵە خەڵكی ئەنفالكراويش لەناوچەی قەرەداغەوە هێنرانە ئەم ليوايەو بۆ زياتر لە دە رۆژ لەبازنەی تەليچكی دڕكاويدا لەناو ليواكەدا دەستع بەسەركرابوون و دواتر بەرەو شوێنی ناديار بران ـ

بەشێوەيەكی عەمەلی و نەخشە بۆ كێشراو ئەم ليوايە واتە ئەم ناوەندە سەربازييەی ناوچەكە بووە شوێن و ريچگای بەرجەستەكرادنی عەمەليات و پەلاماری ئەنفال و ئەو حەشاماتی خەڵكەش لەژن و پيرو منداڵ وگەنج لە چوارچێوەی نەخشە بۆ كێشراوی پەلامارەكەدا لێرەوە رەوانەدەكران بەرەو قەڵای قورەتوو پاشان بۆ شوێنی ناديار ، ئيتر ئەم ناوەندە سەربازييە لەليوا رەشەكەو ليوای ئەنفالەكان ناوی دەر كرد لەلايەن خەڵكەوە ـ

دوای راپەڕينيش زۆربەی ساڵەكان بيرەوەری ئەنفال لە نێو ئەم ليوايەدا دەكرايەوە ، بەمانايەكی تر ليواكەی كەلار "ليوارەشەكە " بووەتە هێمای تراژيديای ئەنفال ـ

هەر لەم ساڵانەی رابردودا لە نێوان نوسەرو رۆشنبيرو خەمخۆرانی ئەنفالەوە بەردەوام پێشنياری ئەوە لەگۆڕێدابووە كەئەم ليوايە بكرێتە ناوەندێك يان مۆزەخانەيەك بۆ بەڵگەنامەو دۆكيۆمێنت و نوسين و وێنەو هتد ئەنفالكراوەكان ـ

خاوەنی ئەم دێڕەو كۆمەڵێ نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوچەكەش پێش چەند ساڵێك و لە جارێ زياتر ئەم راستييەمان بيری حكومەت و دام و دەزگا بەرپرسەكان هێناوەتەوە ، بەتايبەت لەسەردەمی كابينەی وەزاری " كۆسرەت رەسوڵ علی" و دواتريش لەرێز دكتۆر "بەرهەم ئەحمد صالح " ، ئەوانەش كە خاوەنی ئەم بيرۆكەيە بوون ( سەردار عەبدوڵلا، مەجيد ساڵح ، عەدالەت عەبدوڵلا، تەها سليمان ) بوون ، بەڵام بەداخەوە نەك ئەم پێشنيارە جێبەجێ نەكرا بەڵكو وائەم شوێنە كەهێمای تياچوونی حەشاماتێك لەژن و منداڵ وپير و گەنجەكانمانە لەپەلاماری ئەنفالی بەعس بۆ سەر كورد ، خەريكە

دوور دەخرێتەوە لەوێنە راستەقینەکەی خۆی ، جارێك بۆ دەزگای ئاسایش و جارێکی تر بۆ زانکۆ دەست نیشان دەکریٚ .

ئێمە نالێین ئەم دەزگایانە پێویست نین ، بەلاّم شوێن و جێگایەکی وا کە هێمای قوربانی و بەرەنگاری گەلەکەمانەو ستراکتۆری پەلاماری ئەنفال لەناوچەکە لەرووی نەخشەی جێبەجێکردنەوە پێك دێنیٚ ، بۆ نەپارێزریٚ و نەکرێتە مۆزەخانەیەك و پێشانی نەوەکانی داهاتوو ئەو میوانانەی بدەین کە رووداوەکانە ئەم ناوچەیە . ؟

هیوادارم چاوێك بەم مەسەلەیەدا بخشێنریٚ و خەڵکیش بەدەم ئەم داوایەوە بێن غەدرێکی گەورەشە ئەگەر بێت و ئەم لیوایە نەکرێتە مۆزەخانەی تاوانەکانی بەعس لەم ناوچەیەو پەلاماری ئەنفال لەلایەن بەعسەوە بۆ سەرکورد .

## یاداشت نامەیەك : لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکانەوە .

## ئۆردوگای رزگاری

بۆ بەرێز :

- کۆفی ئەنان – سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان .
- ئەنجومەنی حوکم لە عیراق .
- وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق .
- وەزارەتەکانی داد لە کوردستان و عیراق .
- رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تایبەت بەتاوانبارانی جەنگ و جینۆساید و کۆمەڵ کوژی لەناوخۆو دەرەوە .
- تەواوی مرۆڤدوستانی دنیا .

بابەت یاداشتنامە :

ئێمە کۆمەڵی کەس وکاری پاشماوەو پەراوێزی پەلاماری ئەنفالی بەدناوین ،کە لە بەهاری 1988 لەلایەن رژێمی بەعسی دیکتاتۆرەوە ئەنجام درا بۆ سەر کورد لە کوردستانی عیراق و زیاتر لە 182هەزار ژن و منالّ و پیرو لاوی بێتاوانی تیا بیٚ سەروشوێن کراو زۆربەی هەرەزۆری کەس و کارەکانی ئێمەش لەم پەلامارە پڕ لە نامرۆییەدا ، بێسەروشوێن کران و زیاتر لە ( 15 ) ساڵە چاوەڕوانی سەختی هاتنەوەیان دەمانگوشیٚ و کەچی کەمترین سۆراخیان نازانین . بۆیە ئەمسالّ و لەبیرەوەری تالّی ئەم کارەساتە گەورەیەدا رووی دەم و نیگەرانی تەواومان دەکەینە ئێوەو بە ئاشکراو بیٚ پێچ و پەنا دەڵێین دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق و هەڵوەشانەوەی حیزبی بەعسی دەسەلاّتدار لە سالّی رابردوودا پێویستە .

یەکەم : چارەنووسی کەس و کارەکانمان کەلەلایەن رژێمی دیکتاتۆری بەعسی گۆڕکراوەوە بێ سەرو شوێن کران دیاری بکرێ وچیتر دەستی دەستیمان پێنەکرێ .

دووەم : قەرەبووی زیانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانمان بکرێتەوە لە زووترین دەرفەتدا ، چونکە ئێمە لەو خێزانانەی کە لەم پەلامارەدا گەورەترین زیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیمان بەرکەوتووەو لەماوەی پانزەساڵی رابردوودا بەخراپترین شێوەو نارەحەترین ژیان بەدەستیانەوە دەناڵێنین .

سێیەم : سەرانی رژێمی گۆڕکراو کەئێستا زۆربەیان لەزنداندان لەسەرووی هەموویانەوە گەورە دکتاتۆر ( صدام ) ، بەرپرسی پلە یەکی گوتارو نەخشەی پەلاماری ئەنفال و جێبەجێکردنین زانیاری تەواوی بێسەرو شوێنکردنی 182 هەزار کەس لەپەلامارەکەدا لای ئەوانە بدرێنە دادگاو بەئاشکرا دادگایی بکرێن و سزای یاسایی خۆیان وەك تاوانباری جەنگ و جینوساید و ... هتد وەربگرن .

بەرێزان : ئێمە رۆ سەری چەندەمین جارە کەس و کاری بێسەروشوێن کراوانی ئەنفال ، یاداشتنامەو نارەزایی بەرزدەکەینەوەو وەلاممان نادرێتەوە . هیوادارین ئەمساڵ و دوای رووخانی رژێم و هەڵوەشانەوەی حیزبی بەعسی کوکمران و گرتنی بەشێکی زۆر لە سەرکردەکانی لەناویاندا ( صدام ) گەورە دکتاتۆر ( عەلی کیمیاوی ) هاوکاری ، داواکانمان کەلەو سێ خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە ، کاریان بۆ بکرێ و وەك داواو پرۆژەیەکی رەوا جێبەجێبکرێن .

لەگەڵ رێزماندا

ئیمزا

کۆمەڵێك کەس و کاری پاشماوەی ئەنفال ئوردوگای رزگاری ــ

## لیوا رەشەکەی کەلار ، نابێ لە مێژوودا رەشبکرێتەوە

هەموو چواردەی چوارێیادی سامناکترین و درندەترین پەلامار دەکە ینەوە بۆ سەر کەینونەو شوناسی کوردبونمان لەلایەن حزبی بەعس و رژێمە گۆڕ کراوەکەییەوە . ئەو پەلامارەش پەلاماری ئەنفالی شووم و بەدناوە .. گەرمیان وەك ناوچەیەکی بەرین و فراوان ، هاوکات شوێن و جێگای بەشێکی بەرچاوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و رووبەڕوو بوونەوەی رژێم و دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی لەنەخشەی پەلاماری ئەنفالدا ، شوێن و جێگای مەبەست بوو لەنەخشەی پەلاماری ئەنفال لەلای بەعس و دەسەڵاتە ستەمکارەکەی ، کەوابوو جێی خۆیەتی بپرسین : ئەگەر گەرمیان لەنەخشەی پەلاماری ئەنفالدا گرنگی و تایبەتمەندی بۆ بەعس بووبێ ، ناوەندی جێبەجێکردنی ئەم پەلامارە لە گەرمیان کوێ بوو ؟ لەشاری کەلار لیوایەکی سەربازی لەناوەندی شاری کەلارو شەقامی گشتی نێوان کەلارو کفری سەربازگەکانی ئەم لیوایەی لەخۆ گرتبوو . واتنە ئەم لیوایە کۆی گشتی عەمەلیاتەکانی پەلاماری

ئەنفالی گەرمیانی لەخۆگرتبوو ـ لەرێگای ئەم لیوایەشەوە کۆی ئەو خەڵکەی بەری پەلاماری ئەنفال کەوتن ( تەحویلی ) قەلای بەدناوی قۆرەتوو دەکران و لەوێشەوە بەرەو شوێنی نادیار ـ یەکەم کۆمەڵە خەڵکی ئەنفال کراویش لەرەداغەوە هێنرانە ئەم لیوایەو بێ سەروشوێن کران ـ ئەمە جگەلەوەی کەسەم لیوایە وەك ناوەندێکی سەربازی درندەی رژێم بەردەوام لەکوشت و برو ئازاردانی خەڵکی و گرتن ولەناوبردنیان ، بەردەوام بووەو رۆڵی ستەمکارانەی بینیوە ـ بۆیە پێش ئێستاو چەن جارێك لەرۆژنامەو بلاوکراوەکانی کوردستاندا باسی ئەوەمان کردووە کە پێویستە ئەم ( لیوایە ) کەئێستا بەلیوا رەشەکە ناسراوە لەناو خەڵکی دا بکرێتە سەنترێك و مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال ـ بەداخەوە تائێستا نەکراوەو هەوڵی بۆ نەدراوە ، جارێکی تر لێرەدا جەخت لەسەر ئەومەسەلەیە دەکەینەوەو هەوڵمانداوە بیروبۆچونی چەند کەسێکی لەسەر وەرگرین ـ ئەمەی خوارەوەش دەقی قسەی ئەو کەسانەیە لەسەر مەسەلەی ناوبراو ـ

عەلی سەراج :

شەری جینوساید کەرژێم دژی کورد بەرپای کرد خەڵکێکی زۆر سەرگەردان و دەربەدەری وڵاتان کرد لەوانە شەری ئەنفالی 1988 کەهەموو دێهاتی وێران کردو خەڵکی کوردستانی دەربەدەری ئێران و تورکیا و سوریاو وڵاتانی تر کرد ، هەزارەهاش راپێچی گرتوخانەکان کارن و دواتریش بێ سەروشوێن کران تا ئەمرۆ کەس چارەنوسی ئاشکرا نەکردون ـ یەکێك لەو وێستگانەی کەئەو خەڵکەی لەژن و پیرو مناڵ و لاو تێ ئاخێنرا لیوا رەشەکەی کەلار بوو ـ لەوێوە گەشتیان بەرەو چارەنووسی نادیار پیچکردن ـ بۆیە لای ئێمەی کورد ئەو جێگایانە سامدارو پر شکۆن کە ئازیزانمان بۆ چەند رۆژێك لەوێ چاوەروانی ئازادبونیان کردوە نەك گواستنەوەیان بۆ مردن میلەتان شانازی بەشوێن پیرۆزو مێژویی یەکانیانەوە دەکەن و دەیپارێزن ـ ئێمەش وەکو کورد دەبێ شانازی بەمێژووی تێکۆشانماوە بکەین ـ ئەنفال و کیمیاباران ناسنامەو ناونیشانی ئێمەن ـ ئەو شوێنانەش کە ئەنفالی تێداکراوە دەبێ بیپارێزین و بیهێڵینەوە وەك هێمای قارەمانێتی و پێ داگرتن لەسەر مافی مرۆڤایەتی ـ لیوا رەشەکەش چوە مێژووی کوردستانەوە پێویستە تەعمیر بکرێ وجوان بکرێتەوە بکرێ بەمۆزەخانەیەك بۆ تەعبیرکردن لە روخساری خەبات و تێکۆشاین کەسی کوردی لەپیاو و ژن بۆ داواکردنی مافی رەوای ئنسانی خۆی لەژیانێکی ئاسایی دا ـ

پێموایە دەکرێ هەندێ کاروباری کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لەوبینایەدا بەرێوە بچێ وەك فەرمانگەیەك تەنها ، نەك بۆ مەبەستێکی تری حکومی بەکار بهێنرێ ـ

سمکۆ سابیر :

فەرامۆش کردنی سەنتەرێك ، یا مۆزەخانەیەك بۆ ناوچەیەکی فراوانی وەکو کەلار ـ کەچەقی گەرمیانە راستەوخۆ زیانێکی کوشندە بەپرسی ئەنفال دەگەیەنێت ـ هەروەك لەرووی نەتەوەیی ونیشتمانییەوە بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات ـ گەلی کورد بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی بنوسێتەوە پێویستی بەدەزگاو

سەنتەری تایبەت بەکارەساتەکان هەیە ، هەروەك چۆن لەهەڵەبجەی شەهیددا کراوە لیواکەی کەلاریش کەشانزە ساڵ لەمەوبەر بەسەدان کەسی خەڵکی ئەنفالکراوی کوردی تێدا بەندکرابوو ، پێویستە بۆ کارێکی وا پیرۆزو نەتەوەیی بەکاربهێنرێت و هەزاران بەڵگەو دیکۆمێنتی تایبەت بەئەنفال بخرێتە ئەو سەنتەرەوە .

چونکە یەکێك لەمەترسییەکان تادێت بۆنەو یادەکان لەبیری نەوەی ئەمڕۆ بەرەو کاڵ بوونەوە دەچن و ئەمەش وادەکات نەوەی داهاتوو نامۆ بێت بەرامبەر بەمێژووی کارەساتەکانی میللەتەکەی ، بۆیە ئەرکی رۆشنبیرانی ئەم شارەو کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ئەوەیە گوشار بخەنە سەر هەردوو وەزارەتی پەروەردەوە مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیەو بڕیاردان لەسەر کردنەوەی سەنتەرەکەوە بەڕەسمی کردنی وەکو دەزگایەك ، کەلەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال سەرپەرشتی بکرێت و بکرێتە تۆمارنامەیەکی تایبەت بەئەنفال و دیکۆمێنتی تێدا کۆبکرێتەوە .

ئەگەر سەیر بکەین بیناکەی لیواکەی کەلار ئێستان بۆتە شوێنێکی بازرگانی و دەیان لۆری و ئۆتۆمبیلی گەورەی تێدا کۆکراوەتەوە کەدەکرا بەدیویێکی تر سودی لێ وەربگیرێت . بۆیە باشترین خەم بۆ مەسەلی ئەنفال ، کەلەگەرمیان زۆر بەگەورەیی هەست بەو کارەساتە دەکەیت ، کردنەوەی سەنتەرێك ، یا مۆزەخانەیەکە کە دواجار بتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی ئەرشیفی بۆ ئایندەوە تالەوێوە سەرنجی دەوروبەری بەلادا رابکێشین وبیکەین بەناوەندێکی گەورەو . کارەساتەکەی پێ بناسێنین .

هەڵبەت هەزاران بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی ئەم سەنتەرە شتێکی باشی لێ بێتە بەرهەم و لەم چاوەڕوانیەش رزگارمان بێت . بۆیە پێویستمان بەقسەو کرداری جیدی هەیە ، بۆ ئەنجام دانی پرۆژەیەکی ئاوا . کەلەسەرووی هەمووشییەوە ، ئەرکی حکومەت و بەتایبەتیش وەزارەتی مافی مرۆڤ کەنەدەبوایە چەندین ساڵ ئەوو پرۆژەیە فەرامۆش بکات و زیندە بەچاڵی بکات . چونکە ئەنجامدانی گەورەتین رێزو وەفایە بۆ پاشماوەی ئەنفالکراوەکان و دروستکردنی قەناعەتێك بەوەی ئەنفال خەمی هەمووومانەو، بۆ هەمووشمان لەیادەوەریماندا ئاسەوارێکی پر لەحوزن و خەمی دروست کردووەو برینێکی لەجەستەی هەمووماندا بەجێهێشتووە .

مەلا تەحسین :

سەبارەت بەم پرسیارەتان وزەرووەرەتی جیچگایەك کەتایبەت بێ بەئاسەواری ئەنفال و زیندوو راگرتنی سیماکانی کارەساتەکە .

بەدڵنیاییەوە بینای لیوا رەشەکە کە جێگاەیکی گونجاوە بۆ ئەوەی بکرێتە جێگای ئاسەوارو کۆ کردنەوەی شێوازی جۆراوجۆری کارەساتەکە چونکە ئەو بینایە لەکەلارەو کەلاریش دەتوانم بڵێم ناوەندی گەرمیانە ئەو بینایەش زۆرترین ژمارەی ئەنفالی لێ کۆ کرایەوەو دواتر رەوانەی شوێنەکانی تر کران و لەناوبران .

دیارە سالآنەو مانگانە و رۆژانە لەجۆری نوسین و كۆڕو كۆبوونەوە و كارە هونەریەكان شێوازی تابلۆوو فۆتۆگراف و بەڵگەو دیكۆمێنتەكان و یادەوەرییەكانی ئەنفال هەمووی لێرەو لەوێ و پچڕپچڕ بوونەو سەنتەرێمان تایبەت نەبووەو لەجێگایەكی تایبەت بێت و ئەو شتە لەئەستۆ بگرێت و كۆیان بكاتەوەو لەو جێگایەو رووی راستەقینەی ئەنفال بەشێوازی لێكۆڵینەوەو ئەكادیمیانە بخرێتە روو ئەمان كۆمەڵێك ئیشی گرنگ بوون دەبوایە پێشتر بكرایە ، بەڵام جێگای خەمێكی گەورەیە كەنەكراوە دروست كردنی ( دیاری هەڵەبجە ) كە تەعبیر لە كارەساتی خوێناوی ئەو شارە كۆمەڵ كوژە دەكات و زیندووی كارەساتەكەی راگرتووە كارێكی چاك و كاریگەرەو سیمای كارەساتەكە رووی رەشی صەدام و دارودەستەكانی و فاشیەتی بەعسیە لەناەچووەكان پیشان دەدات بەڵام لەئاستی سەختترین كارەساتێكی وەكو ئەنفال لەدوای راپەڕین تا 2..4 نەتوانراوە شتێكی لەم جۆرە بكرێت و ئاسەوارەكەی پیشان بدرێت . .

بۆیە پرسیارێكی گرنگ و رەوایە كەپێویستە نەك قسە بەڵكو ئیشی لەسەر بكرێت و دیاری ( 182 ) هەزار ئەنفالیش بەردی بناغەكەی لەبینای لیوا رەشەكەی كەلاردا دابنرێت كە ئەوە خواستی هەمووانە .

## لەگەرمیانەوە :

## نامەیەكی كراوە بۆ بەڕێز ( مام جەلال )

دوای سڵاو . . .

بەرێز مام جەلال دوای بیركردنەوەو لێكدانەوەی زۆر گەشتمە ئەو بڕوایەی كە ناتوانم بگەمە خزمەتی جەنابت وئەوەی تایبەت بە ئەنفال لەگەرمیان پێویستە پێت بڵێم بۆیە دواجار بڕیارم دا بەم نامەیە بیگەینمە بەردەستی جەنابت .

بەڵێ ئێمە كۆمەڵێ رۆژنامەنووس نووسەرو رۆشنبیرو لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 گەلەكەمان بەردەوام وەك پرۆژەیەكی میلی كارمان لەهەڵسەنگاندن ودیكۆمێنتكردنی تاوانی ئەنفالدا كردوە ، كە " بەعس "ی فاشی گۆڕكراو بەسەر گەلەكەماندا هێنای ، لەو هەوڵانەش كەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن : وەك هەرسێ بەرگی شایەتحاڵەكانی ئەنفال ، تونی مەرگ ، لەپەراوێزی ئەنفالدا ، لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەر ، لە ئوم رێحانەوە بۆ ، وەرگێرانی كتێبی جینوساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ،كاریگەرییە دەرونی و كۆمەڵایەتیەكانی ئەنفال ، دیالۆگێك لەم ئەنفال ، هەروەها دەرچونی گۆڤاری ئەنفال بەهەرسێ زمانی عەرەبی و وردی و ئینگلیزی و دەیان و سەدان لێكۆڵینەوەو وتارو رێپۆرتاژ . . هتد لەرۆژنامە و گۆڤارە كوردی و عەرەبی بیانیەكاندا ، ئەگەر نەڵێن هەمووی ، ئەوا زۆربەی هەرەزۆری قەڵەم و ماندووبونی ئەو كۆمەڵە رۆژنامەنوس و نوسەرو رۆشنبیرە بوو ، كەبەرهەمی هێناون و ئەمرۆ

بۆ داهاتوو دەبنە سەرچاوەی زانیاری پێویست لەبەردەم نەوەكانی داهاتوماندا . ئەگەرچی یەقینیشم لەوەی كە ئەنفال زۆر لەوە زیاتری دەوێ و هەنووكە لەڕێژەوەی كۆكردنەوە و تەوسیق كردین بەڵگە نامەكانی تاوانی ئەنفال لەسەراتادایین .

بەڕێز مام جەلال :

دەبێ بڵێم جێی داخە ئێمەی گەرمیانی قسەكردن و نوسینمان لەسەر ئەنفال وەك پیشەی لێدێ گوێمان لێناگیرێ و نوسین و بەدواداچون و پرۆژەو پێشنیارەكانمان تەنانەت ناگاتە پرسگەی وەزارەتەكان ،ئەگەریش بگا ئەوا بەچەندین شێوە هەوڵ بۆ پوكانەوەو تابوتكردنی دەدرێ . ئەوەتانێ هەر هەمان ئەو كۆمەڵە دەنگەی گەرمیان لەدوای راپەڕینی 1991 وەچەندەمین جارە پرۆژە كردنەوەو دروستكردنی سەنتەرێك و مۆزەخانەیەك بۆ ئەنفال لەگەرمیان دەخەینەڕوو هەنگاوی بۆ دەنەین پشتگوێ دەخرێ و دەدرێتە دواوە . ئێمە قەڵاكەی ( قۆرەتوو) مان لەدەست چوو . چونكە دزو جەردەو شڕەخۆر قەڵاكەیان روخان و كەرەستەكانیان فرۆشت . . هەرچی بەڵگەنامەی پاشماوەی ئەنفالیش لەوێ هەبوو ، لەسەرەنجامی رووخانی قەڵاكە فەوتان . بۆ پرۆژەی سەنتەرو مۆزەخانەی ناوبراویش ئێمە لەگەرمیان ( لیوا)كەی كەلارمان دیاریكرد ، چونكە پێموایە ئەم لیوایە شوێنێكی گونجاوە ، بەو پێیەی ئەم " لیوا"یە ناوەندێكی گەورەی سەربازی بەعسی گۆڕكراو بوەو سەدان تاوانی تیا ئەندام دراوە ، بەتایبەت ئەو ساڵانەی كەبارق عەبدوڵای دەلادو خوێن رێژ بەرپرسی بوو . دواتریش لەساڵی 1988 و لەگەرمەی پەلاماری درشندانەی ئەنفالدا بۆ سەر كوردستان و شوناسی كوردبوونی ئەم " لیوا "یە بوە ناوەندێكی سەرەكی بۆ تەحویلكردنی ئەنفالكراوان بۆ قەڵای قۆرەتوو لەوێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار . . ئەمە جگە لەوەی ئەم ( لیوا ) یە لەسەرتاسەری گەرمیان و بەشێكی زۆری كوردستاندا بەلیوای ئەنفالكراوەكان ناسراوە . كەچی جێی داخ و غەدرێكی گەورەشە لەخۆمان و مێژومان و ئەنفالكراوەكانیشمان بڕیارە ئەم لیوایە بكرێتە " زانكۆ " بۆ گەرمیان ، دیارە من بڕوام بەوە هەیە "زانكو "بۆ گەرمیان پێویستەو ئەركێكی ئەخلاقی وزانستییە ، بەڵام دەپرسم لەشارێكی بەربلاوی وەك ( كەلار ) دا تۆ بڵێی شوێن و جێگایەك نەبێ بۆ دروستكردنی بینای زانكو؟ من گومانم لەوەیان هەیەو جەخت لەسەر ئەوە دەكەم كەتاوانێكی گەورە دەكەین ئەگەر ئەم "لیوا " یە بكەینە شوێنی زانكۆی گەرمیان ، بەڵكو پێویستە ئەم لیوایە بكرێتە مۆزەخانەیەكی گەورە بۆ تاوانی ئەنفال ، تا بۆ داهاتوو بیسەلمێنین كە هەمیشە لەخەمی پرسی ئەنفالدا بووین .

بەڕێز مام جەلال :

من دڵنیام جەنابت خەمخۆری كۆی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی ، هەربۆیەش بیرت دەخەمەوە نەحكومەت و نە وەزیرو نە بەرپرسەكانی ناوچەكە بۆ مەبەستی ناوبراو گوێ لە ئێمە ناگرن . جەنابت دەتوانی وەك هەر ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوەی پاش لێكۆڵینەوەو بەدواداچون مشوری بەربەستكردنی بەزانكۆ كردنی ( لیوا)ی ناوبراو بخۆی . دەشتوانیكەسانی پسپۆرو تایبەتمەند بۆ مەبەستی ناوهێنراو

راسپێری بۆ ئاگاداری و زانیاری زیاتر دەتوانی لەبەڕێز (کاك شێخ محمد شاکەلی ) راستی وناڕاستییەکان وەربگریت چونکە کاك (شێخ محمد شاکەلی ) ئەو دەمەی وەزیری رۆشنبیری بوو تا لای بەڕێز : کاك شۆسرەت ، سەرۆکی پێشوی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئێمە بۆ هەمان مەبەست هات .

چاوەڕوانی راسپاردەیەکی شیاوی جەنابت تایبەت بە ( لیوا )کەی کەلار . . . .

لەگەڵ رێزمدا .

نوسەرو رۆژنامەنوس / تەها سلێمان _ کەلار 4..2/5/29

## نامەیەك بۆ عەدە حەیاتم

هونەرمەند ( سەربەست ئەحمد )ی هاوڕێم

هاوڕێم بمبورە کە ئەم نامەیە بێئیزنی تۆو هاوڕێ خوێندکارەکانت ، بێئیزنی ئێسك و پروسکی ئەنفال کراوەکانمان ، بێئیزنی خواوتەختی تژی لە تاوانی ئەوێ رۆژی گرگن و قەزەمە شمشێر بەدەستەکانی ئەم مەملەکەتی سڤیلە ، بێئیزنی تەلحەو عومر و دەحام و قەحتان و سدام و عەلی ، بێئیزنی ناخی هەمیشە گریاوی زەریف و شەمسەو ئامین و حەلاو و کەسران و کەژاڵ و ئەختەر و هەنارو ئەو بوخچەیەی کە بۆ هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەین ( دیجلە ) بۆمان بنێرێتەوە ، بێئیزنی ( بەهار ) کە کەژاوەی یەکشەوەی بوکێنی نەترازان و پیاوەکانی دورگەی جەهل بردیان و تاهەنووکەش نەهاتۆتەوە ، بێئیزنی هەموو ئەوانە و زۆر زۆری تریش ، بمبورە ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم ئاخر من هیچ نیم لەئاست کۆشێك ( ئەنفال ) کە تۆو هاوڕێ خوێندکارەکانت ئەمساڵ جیاواز لە رێتم و سروتی کارکردنی ساڵانی رابوردوو شتێکتان لە خەمی کۆستی ئەنفال بۆ گێڕاینەوە و هەمووانتان بەبێ جیاوازی گران و ئێوە نیشتمانیکتان لە کۆستی ئەنفال بۆ کردین بە شانۆو لەڕێی شانۆوە شەق و زلیەکی پێویستان سرەواندە بناگوێی ( 17 ) ساڵ بێدەنگی . لەسەر تەختەی شانۆ ئێوە ( تۆو هاوڕێکانت ) حیکایەت خوانێکی رەوان بێژی تراژیدیای ئەنفال بوون ، بەو هەناسانەی کە ( 17 )ساڵە بۆنی دووکەڵ و بارووت و ئازارو ناسۆری وهەڵقرچان و سووتان وبرسێتی و مەرگی چاوەڕوانی و لم و عەزرەتی تەنیا دیدارێك هەڵدەمژن .

ببورە هاوڕێم ئێوە بوون لە 4/14/دا بوون بەدەنگی شکاندنی بێدەنگی و شەختەبەندانی رۆحی فریشتەیی کەسە دوورەو بێسەرو شوێنکراوو کوژراوەکانمان ، ئاخر ئێوە لە نێو بازنەیەکی بچوکی شانۆدا ، بەلاَم بەسەلیقەوە توانایەکی بەرزی هونەرییانە ، هەموانتان هێنایە قسەو خستە بەردەم پرسیار .

ئاخر ( سەرە)گیان تۆو هاوڕێکانت ئەوپیرەژنە باوان و کەسو کار ئەنفال کراوەی کەیەك پیتی ناناسرێتەوە هێنایە قسەو بەدیار خۆت و کارەکتەرەکانتەوە ، بە تەماشایەکی پڕ حوزن و دوو چاوی پڕ

له فرمێسك وه دنیایەك کەسەرەوە لەبەر خۆیەوە دەیوت ( رۆڵە ناوت نازانم رەبی شیری دایکت حەڵاڵت بێ وا ئێمە وەك خۆی لە بیرە ) .

عەزیزم : سەربەست

لەرێگای تۆوە بەخۆت و هاورێ خوێندکارەکانت دەڵێم جیاوازی لە نێوان ئێوەو ئەوانەی لە ئەنفال تێناگەن و منجەمنجیانە ، تەنها یەك شتە ، ئەویش ئەوەیە تۆو هاورێکانت دەتانەوێ لە کۆستی ئەنفال بگەن و بیکەنە مەسەلەیەکی میلی ، ئەوانەی دەرەوەی بازنەی کارکردن و تێگەیشتنی ئێوە دەیانەوێ ئەنفال بکەنە ئامرازی زیاتر و زۆرتر کردنی ئاپارتمان و پارە و پوولی ئێرە و ئەوێ و گەرمتر کردنی باری ماڵەکانیان . تۆ بۆیەك لەحزەش بێت ئەوانت گریان بەڵام ئەز بەگومانم ئەو گریانەی ئەوان لە ناخەوە هاتبێ بەڵکو ئەو گریانە هەنجەتی راکردنیانە لەبەرامبەر ئەو پرسیارانەی دوای ( 17) ساڵ تۆو هاورێکانت لەرێی شانۆوە ئاراستەیانتان کرد . ئاخر ئەوان خۆشیان بەچارەی ئەم جۆرە پرسیارەی ئێوەو ماناندا لە رێگای شانۆوە نایەت کە ژنێك بەلە کۆستی ئەنفال پڕ کۆڵە پشتیەکانیانی کردبێ لەنان و ئەمڕۆش دوای (17) ساڵ چاوەڕوانی دەستی خێرو سواڵیان لێ پان بکاتەوە ئاخر ئەوان تاسەر ئێسقان دژی ئەوە دەجەنگن کە هونەرمەندان ئەو پیرەمێردەیان بێنێتەوە بەرچاو کە پێش کۆستی ئەنفال دیوەخان وماڵەکەی جێگای پشوودان و درك پێ کردنی ئەوان بوو بەناویشۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە کەچی ئەمڕۆش لەپێناوی بەدەست هێنانی چەند قروشێ ، یەك ملیون جار لێیان دەپارێتەوە بۆ بۆیاخ کردنی پێڵاوە گران بەهاکانیان . ئاخر ئەوان هەناسەی هەڵقرچاوی بابایەکی لەئەنفال بەجێماو نابینن /نا/ ئەووان بەر لەهەموو شتێ بۆ دەرکەوتنیان لەشاشەی T.V.ی و چاوی کامێراکانەوە دێن . باشە هەر ئەوان نین بەسەفتە و ریز جنێو بۆ وێنەگرو مۆنتێرەکانی کەناڵەکانی T.V.ی دەنێرن تەنها لەبەرئەوەی لە ریزی پێشی پێشەوە دەریان نەخستوون؟ یاخود بەرێك و پێکی وێنەیان نەگرتوون ، ئەی باشە هەرئەوان نین بەهەزار تکاوو پاڕانەوە تەشریف دێنن بۆ بینینی دیمەنێکی راستەقینەی ئەنفال . باشە (سەرەی براوهاورێ ) ئاخر من وام دانابوو کە وەزیری مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال هەرهیچ نا دێتە حزووری ( ئەم گوزارشتە هونەریەی ئێوە دوای (17)ساڵ چاوەڕوانی ) ، نەمزانی بەرێزی زۆر لەوە سەرقاڵترو گەورەترە بگاتە شوێنێك کەبۆنی دووکەڵ و ئیغتسابکردنی کچانی کورد و سووتان و هەڵقرچانی لێبێت . . . . ئاخر پێم وابوو سەرۆکی حکومەت دێت و دوای بینینی ئەم گوزارشتەی ئێوە لەکۆستی ئەنفال ، پرچی دەیان وسەدان مناڵی بێ دایك و باوکی ئەنفال بەشانەی حوزن و لێبوردن و ماچی تەهارەت دادێنێ ؟ نەمزانی بەرێزی بە نامەیەکیش بەشداریمان ناکا . (عەدە گیان ) من و تۆ دەمانزانی حیزب گەلێك لەم شارو دەڤەری سووتان و هەڵقرچانەدا تەنانەت ئامادەبوون چەن هەنگاوێك بە پێیان ببڕن بۆ رێزلێنان لە (17) ساڵ چاوەڕوانی پرسوێی و ماندوو بوونی تۆو هاورێکانت . ئاخر بۆ نایەتەبیرت بۆ عەرزەو پارەو پاداشت وەرگرتن هێند زۆرن سامانیەهەموو وڵات بەشیان ناکات ، بەڵام بۆ گوێگرتن لە قسەکانی ( لەتیف فاتیح ) لەسەرجاش و ئەنفال نایەن وتێی دەقوچێنن ، من نەچوومبۆ کۆڕەکەی

(لەتیف ) لەبەر ئەوەی دڵنیابووم ئەو ئینسانە چەندین میل دەبڕێ و دێت ودواتر بە هەناسە ساردی دەگەڕێتەوە ـ من پێچەوانەی بۆچوونی هەمووان نەچووم بۆلای ( لەتیف ) دەلیلی گریانم بوو بۆ ( لەتیف ) و ئەنفال ـ

براو هاوڕێم سەربەست گیان ،

هێندەم خەم و قسە لەناخدایە لە نامەیەکدا جێی نابێتەوە ، بەڵام تکایە ـ ـ بە خوێندکارە روح سووکەکانت بڵێ بائەوان بەردەوام بن ـ ـ ـ دڵنیاش بن شانۆ دەتوانێ شووناسی نیشتمان و میلەتێك بەرز راگرێ ـ ـ ـ من وەك خێزانێك کە لە ناو بۆن و دووکەڵی ئەنفالا ژیاوم ، گەورەیی ئەوان ، سەلیقەی ئەوان ، خەمی ئەوان بۆ ئەنفال لەبیرناکەم ، دڵنیام کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی تریش هەمان هەستیان هەیە ـ ـ ـ ـ

بمبورە : حەیاتم

بێئیزنی ئێوەی هونەرمەند ئەم نامەیەم نووسی هەست دەکەم لەبەردەم هەوڵی ئەمساڵی تۆدا بۆ کۆستی ئەنفال بچوکم و هیچم پێ ناوترێ ، ئەم نامەیەش هیچ نییە جگە لە رێزلێنانێك بۆ تۆ ، ئەوەی لە دەستی منیش بێت تەنها نوسینە ـ ـ تەنها تکاشم ئەوەیە لە نیشتمانی بەرینی شانۆدا ئەو ئافرەتە سواڵکەرەی پاشماوەی ئەنفال و ئەو پیرەپیاوە بۆیاخ چیەی دوای ئەنفال و ئەو تراکتۆرەخنکاوەی ناو ئەنفال وئەو ، زۆر لەو ( ئەو)انەی لە ئەنفالدا بوون بە شووناسی هەموان لەبیر مەکەن ـ ـ ـ

بوارم بدە کڕنوش بۆ ماندوو بوونتان بەرم

فرمێسکی چاوی یەك بەیەکتان بۆ شکانی تینوێتی بخۆمەوە ـ

ژمارە ( 2 ) ساڵ نامەی ئەنفالستان – 2..5 ـ

## ئەنفالکراوەکانی ناحیەی نەوجول

ناحیەی "نەوجول " کەوتۆتە 35 کیلۆمەتری دووزخورماتووەوە ، نەوجوول لە ساڵی 1974 وە کرابوو بەناحیەو2.. خێزانێکی تێدا دەژیا ـ ساڵی 86 کە پەلاماری " تعریب " پەرەی سەند ، بەشێك لە خەڵکەکە نەوجوولیان جێهێشت و چوونە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە ـ

ئەمەش لیستەی ناوی ئەنفالکراوەکانی ساڵی 1988 ی نەوجوولە : -

1-داود جاسم لە گەڵ ( 8 ) کەس لە خێزانەکەی ـ

2- سابیر شوکر محمد لە گەڵ ( 9 ) کەس لە خێزانەکەی

3- رفیق عبدالله تۆفیق لە گەڵ ( 5 ) کەس لە خێزانەکەی ـ

4-احمد فاتیح رحیم لەگەڵ ( 6 ) کەس لە خێزانەکەی ـ

5- عبدالکریم محمد لە گەڵ ( 2 ) کەس لە خێزانەکەی ـ

6- شكور رفعت جوهر لە گەڵ (2 ) كەس لە خێزانەكەی .

7- عادل رحيم امين .
8- جمعه عاحل رحيم .
9- محمد عادل رحيم .
10- رێبوار عادل رحيم .
11- گلاوێژ عادل رحيم .
12- نازم عباس جوهر .
13- بەختيار نازم عباس .
14- ئازام نازم عباس .
15- چيمەن نازم عباس .
16- لاميعه نازم عباس .
17- خۆرەسان عبدالله تۆفيق .
18- محمد رفعت جوهر .
19- ليلى عباس جوهر .
20- امين حسين يونس .
21- ناصيح حسين يونس .
22- لقمان بهجت محیالدين .
23- حكيم شكور محمد .
24- رحيم شكور محمد .
25- شكور موسا عباس .
26- خالد شكور موسا .
27- وليد شكور موسا .
28- ئومێد شكور موسا .
29- پەيمان شكور موسا .
30- قدريه ابراهيم على .
31- احمد فخرالدين محمد .
32- گوليلك احمد ابراهيم .
33- خەوله احمد فخرالدين .
34- شەلال احمد فخرالدين .
35- جيهاد فاتيح رحيم .
36- جمال فاتيح رحيم .
37- سلام عادل رحيم .
38- عمر على كريم .
39- ابراهيم قادر عزيز .
40- كريم قادر عزيز .
41- عيصمت قادر عزيز .
42- عبدالله قزنفر حسين .
43- على محیالدين فقى عبدالله .
44- حسن على احمد .
45- بورهان حسن على .
46- توران حسن على .
47- نجيبه حسن على .
48- شلير حسن على .
49- نعيمه حسن على .
50- حسيبه امين همزه .
51- سفر امين همزه .
52- حسيبه هيدايەت ئيبراهيم .
53- جبار ابراهيم احمد .
54- ويس جبار ابراهيم .
55- رحمان كريم محمد .
56- رمزان مولود عباس .
57- عباس مولود عباس .
58- شكريه رۆستم .
59- كوێستان عباس مولود .
60- عبدالكريم على جبار .
61- ئازاد على جبار .
62- سەردار حاجى عمر .

# ئەنفالکراوەکاین دێی قەواڵی

دێی قەواڵی دەکەوێتە ناو جەرگەی گەرمیانەوە لەسەر ئاوەسپی لە باکوری شارەکانی کلار – کفری – دووزخورماتوو – خەڵکی ئەم دێیە ژیانیان بەکشتوکاڵ بەڕێوە دەبرد .

شۆرشی 14ی گەلاوێژ 1958 ز بەدواوە ئەم دێیە بووتە یەکێك لە بنکەکانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە گەرمیاندا کە هەر ئەمە بووتە هۆی ئەوەی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بکەونە گەڕ بۆ سڕینەوەی ناوی ئەم دێیەو بۆ چەند جارێك بۆردومان کراوەو چۆڵ کراوە لە ساڵی 1963 ز سوتێنرا دواجاریش ساڵی 1988 بەر شالآوی ئەنفال کەوت .

ناوی ئەنفال کراوەکانی دێی قەواڵی

ناوی سیانی ساڵی لەدایك بوون

1

| | | | |
|---|---|---|---|
| - غفور علی جوهر | 1941 | 17- هیبەت ابراهم حسن | 1948 |
| 2- رشید علی جوهر | 1946 | 18- ئارەزوو فتاح محمد | 1979 |
| 3- خورشید علی جوهر | 1950 | 19- بختیار فتاح محمد | 1981 |
| 4- عفان محمد جوهر | 1966 | 20- کەتان عمر | 1963 |
| 5- جوهر مجید حمید | 1963 | 21- هونەر محمد عمر | 9 مانگ |
| 6- احمد مجید حمید | 1968 | 22- قەدری عمر محمد | 1963 |
| 7- دڵشاد حمید رحیم | 1968 | 23- تەلیعە عمر محمد | 1973 |
| 8- مستەفا مجید رحیم | 1965 | 24- مەلا رحمان کمر سعید | 1954 |
| 9- وەسفی مجید رحیم | 1969 | 25- حسیبە عزیز رحیم | 1960 |
| 10- حسین عزالدین محمد | 1969 | 26- لقمان رحمان کمر | 1982 |
| 11- محمد خواکەرم حمید | 1966 | 27- بەرزان رحمان کمر | 1984 |
| 12- جیهاد احمد ادهم | 1966 | 28- رێزان رحمان کمر | 1985 |
| 13- نجات احمد ادهم | 1968 | 29- سلمان رحمان کمر | 1986 |
| 14- جاسم عبدالکریم حمبۆر | 1966 | 30- کازم کمر سعید | 1943 |
| 15- محمد عمر محمد | 1957 | 31- صبریە محمد حسین | 1952 |
| 16- کریم عمر محمد | 1966 | 32- سویلە کازم کمر | 1975 |

33- خەدیجە کازم کمر 1977

34- مەنیجە کازم کمر 1981

35- زینب کازم کمر 1984

36- کمال کازم کمر 1986

37- تقی کمر سعید 1944

38- صبیحە سمین عبدول 1952

39- رسمیە تقی کمر 1972

40- کریم تقی کمر 1979

41- ستابە تقی کمر 1981

42- نزیرە تقی کمر 1970

43- شنۆ تقی کمر 1985

44- فاتمە علی جوهر 1959

45- حسن مجید سعید 1981

46- نەرمین مجید سعید 1984

47- پەروین مجید سعید 1985

48- عینە عبدالكری رشید 1954

49- کاروان تۆفیق سعید 1986

50- شوانە تۆفیق سعید 1985

51- جوانە توفیق سعید 1985

52- بەدریە علی جوهر 1948

53- سەبیحە خورشید حمید 1964

54- امیرە خورشید حمید 1969

55- یوسف خورشید حمید 1980

56- کامیل ابراهیم عبدول 1954

57- صلاح اسماعیل صالح 1967

58- باشە ادهم سلمان 1949

59- جۆیدە عباس عبدول 1972

60- هیبت عباس عبدول 1963

61- خەدیجە نجم الدین 1950

62- کوێستان فائق ابراهیم 1974

63- جوانە فائق ابراهیم 1976

64- ئەڤین فائق ابراهیم 1986

65- صباح احمد جبار 1970

66- مینا رۆستم 1930

67- عادل رحیم رەزا 1954

68- حمە غریب رحیم رەزا 1957

69- فخرالدین محمد رشید 1954

70- خورشید محمد علی 1950

71- سملە علی فتاح 1959

72- محمد خورشيد محمد 1984
73- كريم محمد على 1966
74- فكريه ابراهيم عبدول 1956
75- فامى محمد كريم 1986
76- رحمه محمد جبار 1940
77- حمديه حسن امين 1960
78- كنعان حسن امين 1985
79- منسور رحيم جادر 1950
80- خيريه عيسى حسن 1959
81- نازم منسور رحيم 1971
82- چيمەن منسور رحيم 1974
83- شەونم منسور رحيم 1976
84- يادگار منسور رحيم 1984
85- نەمام عبدالكريم 1967

---

## شەهيد و ئەنفال كراوەكانى " گوندى سيد مراد "

گونديكه له ناوچەى زەنگاباد ( 20 ) كم خواروى رۆژهەلاتى شارى كفرى يەو ( 35 ) كم ژووروى رۆژ ئاواى جەلەولايە وەك و زۆربەى دێهاته كانى كوردستان خەڵكى خەريكى كشتوكاڵ و مەڕو ماڵات بەخێوكردن بوون ، بۆ يەكەم جار پاش دەستەڵات گرتنە دەستى بەعسيە فاشستەكان بە ( 3 ) ساڵ پێيان چۆڵ كرا ، بە بيانووى ئەوەى لايەنگرى شۆرش و رۆڵەى پێشمەرگەيان هەيە ، بەڵام خەڵكەكەى تەسليم نەبوون و جارێكى تر ئاوەدانيان كردەوە .

لەساڵى 1987 ديسانەوە هێرش كرايە سەريان بەهەمان بيانووى پێشوو لەلايەن ( ليوا ، كەلار و فەوجى فەتاح بەگ ) بەشێك لە خەڵكەكە دەستگير كران و بەشێكيان ئاوارەى دێهاتەكانى ناوچەى زەنگەنە بوون .
وەكو پيشەى هەميشەى عەفلەقيەكان داريان بەسەر بەردەوە هەهێشت تەنها چەند خانوويەك نەبێت بەچۆڵى مايەوە تاكو ئەنفاله بەدناوەكە ئەويش لەگەڵ ديچهاتەكانى ترى كوردستان روخێنران و تەنانەت بەر " حفارە " و دارستانەكەيان هەڵكەند . . .

## شەهيدەكانى گوندى سەيد مراد

---

1- ملا صالح وهاب 1963
2- محمود قادر احمد 1963
3- ابراهيم محمد امين 1963
4- محمد امين وهاب 1974
5- كريم محمد امين وهاب 1974
6- كريم حسن محمد خليل 1974
7- اكرام عبدالكريم حسن 1974
8- احمد رحيم حسن 1974
9- سەروەت احمد تاوسانە 1991
10- حسين رحيم حسن 1991
11- عبدالعزيز ملا صالح 1981
12- عبدالمجيد ملا صالح 1981
13- قادر احمد عزيز 1981
14- صالح احمد عزيز 1984
15- خليل فرج حمد 1975
16- جمال كريم محمد 1982
17- عسمان محمد امين 1983
18- تالب مجيد ححميد 1987
19- جيهان سپی سەری 1981
20- ياسين عزيز كريم خان 1983

---

**ئەنفال کراوەکانی دێی سەید مراد**

1- رحمه رشيد محمد 1955
2- رێژاو مجيد على عبدالله 1974
3- كامران عبدالغنی 1979

---

4- كاوه عبدالغنی 1980

---

**لیستی شەهیدانی دێی کانی قادر**

ناوی سیانی — ساڵی شەهید بوون

---

5- شلير عبدالغنی 1988
6- سمن وهاب احمد 1922
7- منيجه محمد خليل 1919
8- تۆفيق ناميق حميد 1950
9- رايمه كاكه عبدالله 1942
10- شريف ناميق حميد 1963
11- على ناميق حميد 1972
12- سوببه ناميق حميد 1973
13- قمريه ناميق حميد 1985
14- پرژين ناميق حميد 1975
15- حلال قادر احمد 1980
16- دڵسۆز قادر احمد 1981
17- رێژاو قادر احمد 1973
18- دانا كريم احمد 1988
19- دڵخواز كريم احمد 1987
20- حسن امين عزيز 1950
21- فلاح حسن امين 1985
22- خەندە حسن امين 1987

---

1- خالد محمد امين 1986
2- تارق محمد امين 1988

3- سلام على محمد 1981
4- خدر امين فتاح 1963
5- منسور فرج نادر 1974
6- خورشيد وهاب محمد 1974
7-جبار عبدالكريم على 1988
8- ولى محمد كريم 1987
9- حسن محمد لتيف 1987
10- لقمان امين محمد 1987
11- ئاوات سعيد 1987
12- احمد اسماعيل وسمان 1988
13- كركوك احمد اسماعيل 1987
عبدالكريم امين نادر 1974

---

### ناوی ئەنفالكراوەكانی دێی كانی قادر

| ناوی سیانی | ساڵی لەدایك بوون |
|---|---|
| 1- رشيد محمد اسماعيل | 1952 |
| 2- فواد محمد اسماعيل | 1964 |
| 3- جيهاد محمد اسماعيل | 1965 |
| 4- كامران محمد اسماعيل | 1970 |
| 5- شهاب كاكه برا على | 1964 |
| 6- حميد ولى على | 1952 |
| 7- حكيم ولى على | 1951 |
| 8- احمد ولى على | 1954 |
| 9- حسن حيدر على | 1957 |
| 10- فاتيح حيدر على | = = |
| 11- بهمن حيدر على | = = |
| 12- حسن على اسماعيل | 1957 |
| 13- حسين على اسماعيل | = = |
| 14- قادر محمد لتيف | 1952 |
| 15- سۆزا محمد على | = = |
| 16- رشيد محمد عبدالله | = = |
| 17- عاسى فايق على | = = |
| 18- حسن امين سۆفى | = = |
| 19- داخيل حسن امين | = = |
| 20- دلشاد على محمد | 1970 |
| 21- جيهاد عبدالرحيم على | = = |
| 22- سەركەوت امين لتيف | 1964 |
| 23- گوران امين لتيف | 1971 |
| 24- حمەخان رشيد امين | 1970 |
| 25- حمەجان رشيد امين | 1950 |
| 26- فاخر محمد امين | 1964 |
| 27- عاسى حسن امين | 1947 |
| 28- محمد قادر احمد | 1950 |
| 29- رشيد قادر احمد | 1959 |
| 30- حبيب محمد سعيد | 1950 |
| 31- امين خدر امين | 1952 |
| 32- لقمان رشيد كريم | = = |
| 33- رزگار مجيد محمد | 1970 |
| 34- كريم محمد غريب | 1954 |
| 35- قادر محمد غريب | 1949 |
| 36- محمد امين محمد باشه | = = |
| 37- فايق فرج نادر | = = |
| 38- عبدالله فرج نادر | = = |
| 39- عادل رشيد محمد | = = |

# ئەنفال کراوەکانی گوندی "خەپە کوێر

دێی بنەکەی " خەپە کوێر " دێیەکی " 150 " ماڵەیی بوو لە نێوان دێکانی زەنگەنەو جاف و داودەدا گەورەترین دێی ناوچەکەبوو . لە هێرشی نابەشەرییانەی رژێمی ئەفلەقی بۆ سەر کوردستان بەناوی ئەنفال ئەم دێیەش کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفال ، سەرجەم ئەنفال و شەهیدەکانیان 224 شەهید و ئەنفالن .
ئەمەش ناوەکانیانە .

| ناوی سیانی | ساڵی لەدایک بوون |
|---|---|
| ★ محمد علی امین | 1949 |
| ★ فاتمە محمد حسن | 1963 |
| ★ شەنگ محمد علی | 1981 |
| ★ ئارەزو محمد علی | 1983 |
| ★ نیاز محمد علی | 1984 |
| ★ ئاواز محمد علی | 1985 |
| ★ جوانە محمد علی | 1987 |
| ★ صالح علی امین | 1957 |
| ★ حلاو محمد عبدالقادر | 1962 |
| ★ لبدە عزالدین محمد | 1979 |
| ★ پێشرەو عزالدین محمد | 1983 |
| ★ لیلێ عزالدین محمد | 1985 |
| ★ حسین علی قادر | 1968 |
| ★ نسرین علی قادر | 1977 |
| ★ عمر خورشید محمد | 1943 |
| ★ لقمان خورشید محمد | 1966 |
| ★ مهروبە ولی احمد | 1960 |
| ★ هیوا عمر خورشید | 1978 |
| ★ هیمن عمر خورشید | 1981 |
| ★ بەناز عمر خورشید | 1987 |
| ★ هەنار علی خورشید | 1977 |
| ★ علی حسن رزا | 1953 |
| ★ شکور محمد حسن | 1967 |
| ★ بکر محمد حسن | 1970 |
| ★ محیالدین محمد صالح | 1943 |
| ★ کمال محیالدین محمد | 1969 |
| ★ عزیز سعید محمد | 1953 |
| ★ مجید حمە جان فرج | 1952 |
| ★ عبدالرحمن حمەجان فرج | 1977 |
| ★ ولی حمە جان فرج | 1970 |
| ★ کاکە خان حمەجان فرج | 1979 |
| ★سمیرە حمەجان فرج | 1982 |

★ شكريه صالح قادر 1952

★ ئاواز مجيد حمەجان 1980

★ سهيله حمەجان 1977

★ دلێر تاهير رشيد 1985

★ هەژار تاهير رشيد 1987

★ مروەت محمد صالح 1935

★ صالح على احمد 1967

★ كريم على احمد 1968

★ رشيد على احمد 1975

★ جلال على احمد 1978

★ حسن رشيد محىالدين 1943

★ صالح براهيم رحيم 1969

★ احمد جبار عبدالله 1954

★ جمال جبار عبدالله 1986

★ عمر عبدالله فتحى 1943

★ فريق حمەجان عبدالله 1968

★ فرج احمد عرف 1943

★ بسيه صالح قادر 1968

★ ئامينه صالح قادر 1970

★ ئيلهام صالح قادر 1977

★ احمد صالح قادر 1988

★ ليمو رفيق صابر 1957

★ حسن احمد صالح 1983

★ گوڵه احمد صالح 1984

★ حسين احمد صالح 1985

★ قادر احمد صالح 1987

★ احمد محمد قاچاخ 1943

★ بسيه صالح خسرەو 1952

★ كويستان احمد محمد 1975

★ ئامينه احمد محمد 1977

★ سامان احمد محمد 1983

★ سيوان احمد محمد 1985

★ سرەوەت احمد محمد 1986

★ كيوان احمد محمد 1987

★ ريزان احمد محمد 1981

★ بەيان مجيد حمه على 1970

★ خەياڵ خليفه محمد 1987

★ على مجيد ناصر 1952

★ سويله روستم حمەشريف 1956

★ حسين على مجيد 1977

★ سۆزان على مجيد 1979

★ سهام على مجيد 1981

★ گۆران على مجيد 1983

★سوراب على مجيد 1985

★ ئاكۆ على مجيد 1987

★ خاوەر صالح تۆفيق 1957

★ محمد عمر مجيد 1979

★ چنور عمر مجيد 1982

★ تاڤگه عمر مجيد 1982

★ هەڵۆ عمر مجيد 1987

★ حميد محمد امين 1953

★ احمد محمد فتاح 1941

★ امين غريب محمد 1967

★ ناصح عبدالرحيم محمد 1958

★ رشيد حمەصالح على 1942

★ جواهير احمد محمد 1955

★ شريف رشيد حمەصالح 1970

★ دلير رشيد حمەصالح 1980

★ شنۆ رشيد حمەصالح 1985

★ على حمەصالح على 1950

| | |
|---|---|
| ⋆ سلمه محمد على | 1958 |
| ⋆ بەيان على حمەصالح | 1978 |
| ⋆ شلير على حمەصالح | 1983 |
| ⋆ دڵشاد على حمەصالح | 1985 |
| ⋆ پەرژين على حمەصالح | 1987 |
| ⋆ حلاو محمد عوسمان | 1956 |
| ⋆ ئاوات غريب محمد | 1971 |
| ⋆ نوات غريب محمد | 1973 |
| ⋆ حيات غريب محمد | 1975 |
| ⋆هاجره غريب محمد | 1977 |
| ⋆حسيبه غريب محمد | 1979 |
| ⋆ ئارەزو غريب محمد | 1981 |
| ⋆ رشيد عزيز عوسمان | 1947 |
| ⋆ نعمەت حمه امين | 1962 |
| ⋆ رزگار رشيد عزيز | 1984 |
| ⋆ نيگار رشيد عزيز | 1986 |
| ⋆ خورشيد رشيد عزيز | 1954 |
| ⋆ رەوشەن عبدالكريم | 1958 |
| ⋆ گولاڵه خورشيد عزيز | 1979 |
| ⋆هەلاله خورشيد عزيز | 1981 |
| ⋆ ئاسۆ خورشيد عزيز | 1983 |
| ⋆ ئارام خورشيد عزيز | 1985 |
| ⋆ جوهر عزيز عوسمان | 1964 |
| ⋆ عيسمەت محمد عزيز | 1965 |
| ⋆ بيستون جوهر عزيز | 1982 |
| ⋆ شێخان جوهر عزيز | 1984 |
| ⋆ هيوا جوهر عزيز | 1986 |
| ⋆ ئامانج جوهر عزيز | 1987 |
| ⋆ ياسين عزيز عوسمان | 1968 |
| ⋆عارف رفيق حمەعارف | 1955 |

| | |
|---|---|
| ⋆ عتيه صالح قادر | 1963 |
| ⋆ هەنار عارف رفيق | 1981 |
| ⋆ چنار عارف رفيق | 1985 |
| ⋆ حسن رفيق محمد | 1962 |
| ⋆ ئەختەر حسن مارف | 1965 |
| ⋆ اميره حسن فارس | 1984 |
| ⋆ نسرين حسن فارس | 1987 |
| ⋆ پشتيوان حسن فريق | 1986 |
| ⋆ سامان حسن فريق | 1987 |
| ⋆ حسن فريق محمد | 1969 |
| ⋆ ئامينه فريق محمد | 1971 |
| ⋆ ئەديبه فريق محمد | 1973 |
| ⋆فايق فاتح حسن | 1960 |
| ⋆ بەهار مەجيد فەتحى | 1963 |
| ⋆مريوان فايق حاتم | 1983 |
| ⋆ كاروان فايق حاتم | 1985 |
| ⋆ ژينۆ فايق حاتم | 1986 |
| ⋆حسن فايق حاتم | 1987 |
| ⋆ حلاو صالح قادر | 1951 |
| ⋆ بدريه غريب رشيد | 1978 |
| ⋆ شێرزاد غريب رشيد | 1981 |
| ⋆ لاولاو غريب رشيد | 1983 |
| ⋆ چنار غريب رشيد | 1985 |
| ⋆ عەزيمه على حسين | 1955 |
| ⋆ صباح نورى رشيد | 1971 |
| ⋆ سهام نورى رشيد | 1979 |
| ⋆ نسرين نورى رشيد | 1981 |
| ⋆ ئارەزو نورى رشيد | 1982 |
| ⋆ ئاواز نورى رشيد | 1983 |
| ⋆ پێواز نورى رشيد | 1985 |

| | |
|---|---|
| ⋆ على عبدالقادر صالح | 1949 |
| ⋆ زكيه حميد وهاب | 1954 |
| ⋆ حسن على عبدالقادر | 1977 |
| ⋆ توبا على عبدالقادر | 1979 |
| ⋆ گوران على عبدالقادر | 1983 |
| ⋆ سێوه احمد كاكى | 1965 |
| ⋆ على محمد على | 1964 |
| ⋆ جيهان فريق محمد | 1965 |
| ⋆ پرژين على محمد | 1987 |
| ⋆ اكرم محمد رحيم | 1961 |
| ⋆ عايشه محمد على | 1965 |
| ⋆ خالد اكرم محمد | 1987 |
| ⋆ حلاو محمود رەزا | 1954 |
| ⋆ عزيمه نجم الدين محمد | 1977 |
| ⋆ الماس نجم الدين محمد | 1981 |
| ⋆ هەژار نجم الدين محمد | 1987 |
| ⋆ لميعه ولى احمد | 1970 |
| ⋆ مليحه ولى احمد | 1972 |
| ⋆ تەليعه ولى احمد | 1974 |
| ⋆ خالد ولى احمد | 1977 |
| ⋆ سيروان ولى احمد | 1979 |
| ⋆ پشتيوان ولى احمد | 1983 |
| ⋆ نەوات احمد عبدالقادر | 1971 |
| ⋆ عاليه ابراهيم شريف | 1954 |
| ⋆ پروين رشيد مجيد | 1974 |
| ⋆ نسرين رشيد مجيد | 1976 |
| ⋆ ئامينه رشيد مجيد | 1979 |
| ⋆ ئارام رشيد مجيد | 1983 |
| ⋆ كاروان رشيد مجيد | 1985 |
| ⋆ ئاراز رشيد مجيد | 1985 |
| ⋆ ئاريان رشيد مجيد | 1987 |
| ⋆ عزيز محمد محمود | 1956 |
| ⋆ على محمد محمود | 1963 |
| ⋆ حسين محمد محمود | 1964 |
| ⋆ قادر محمد محمود | 1970 |
| ⋆ فاتمه محمد محمود | 1967 |
| ⋆ كريم محمد محمود | 1972 |
| ⋆ كافيه محمد محمود | 1974 |
| ⋆ دلێر فرج سعيد | 1957 |
| ⋆ محمد عزيز محمد | 1972 |
| ⋆ خوله عزيز محمد | 1975 |
| ⋆جعفر عزيز محمد | 1977 |
| ⋆ حسن عزيز محمد | 1979 |
| ⋆ احمد محمود مستەفا | 1955 |
| ⋆ ئەختەر عبدالرحيم محمد | 1957 |
| ⋆ ايوب احمد محمود | 1972 |
| ⋆ شازه احمد محمود | 1977 |
| ⋆ شهله احمد محمود | 1985 |
| ⋆ تەها احمد محمود | = = |
| ⋆ مهاباد جبار امين | 1967 |
| ⋆ زينب مستەفا قادر | 1967 |
| ⋆ حاتم احمد محمود | 1986 |
| ⋆ لتيف عزيز محمد | 1982 |
| ⋆ اميد عزيز محمد | 1984 |
| ⋆ ايوب عزيز محمد | 1987 |
| ⋆ خديجه على محمود | 1983 |
| ⋆ يوسف على محمد | 1985 |
| ⋆ يونيس على محمد | 1987 |
| ⋆ برهان حسين محمد | 1987 |
| ⋆ عبدالله رشيد | 1951 |

| | |
|---|---|
| ⋆ پرشنگ ابراهیم | 1957 |
| ⋆ نیشتمان عبدالله رشید | 1975 |
| ⋆ نسرین عبدالله رشید | 1976 |
| ⋆ عامر عبدالله رشید | 1978 |
| ⋆ هیوا عبدالله رشید | 1979 |
| ⋆ ئاراس عبدالله رشید | 1981 |
| ⋆ صبیحه عبدالله رشید | 1983 |
| ⋆ لمیعه عبدالله رشید | 1985 |

ناوی شەهیدەکانی بنەکەی خەپە کوێر

| | |
|---|---|
| ⋆ امین جبار عبدالله | 1960 |
| ⋆ شهاب رشید عارف | 1965 |

| | |
|---|---|
| ⋆ تەیب محمد عارف | 1943 |
| ⋆ علی امین محمود | 1935 |
| ⋆ حسین علی احمد | 1970 |
| ⋆ غفور محمد حسن | 1972 |
| ⋆ نوری رشید محمد | 1950 |
| ⋆ عباس محمد رحیم | 1958 |

ناوی شەهیدەکانی نوگرەسلمان

- علی قادر کریم
- خانزاد علی مارف
- احمد کاکی صالح
- سێوە محی الدین محمد

## گوندی حەیدەرە سور

لەساڵی 1988 دا بەر شالاّوی ئەنفال کەوتوەو روخاوە.

پێش ئەنفال (25) ماڵ بوە سەرجەم خەڵکەکەی خزمی یەك بوون.

- ئێستا لەپاشماوەی ئەنفال کراوەکان (14) ماڵ گەڕاوەتەوە.

- تاوەکوو ئیستا هیچ خزمەت گوزاریەکیان بۆ نەکراوە ، جگەلە ( 3 ) بیری پەمپ + قوتابخانەیەکی ( دار )

ئەنفالکراوەکانی گوندی حەیدەرە سور . . .

| ناوی سیانی | تەمەن |
|---|---|
| 1- فهاد حمید حیدر | 1966 |
| 2- جمعە حمید حیدر | 1970 |
| 3- حسین ولی حیدر | 1943 |
| 4- صلاح حسین ولی | 1973 |

5- عزيز حسين ولى 1974

6- عباس كريم ولى 1981

7- خالد مجيد حيدر 1954

8- جمال خالد مجيد 1970

9- كمال خالد مجيد 1973

10- اسماعيل خالد مجيد 1975

11- عزيز خالد مجيد 1979

12- سلام خاد مجيد 1985

13- جمعه احمد محمد 1974

14- وهاب احمد محمد 1985

15- شهاب احمد محمد 1983

16- رمزان رشيد محمد 1971

17- عزيز رشيد محمد 1973

18- كريم على عزيز 1966

19- رحيم على عزيز 1970

20- فائق سعيد اسماعيل 1949

21- بهرام سعيد اسماعيل 1953

22- متحت مجيد عزيز 1972

23- خورشيد محمد رشيد 1957

24- محمد جوهر عزيز 1949

25- رحيم حسين عزيز 1966

26- منصور خورشيد رشيد 1970

27- اسعد رشيد محمد 1975

28- غريب رشيد محمد 1970

29- داود صالح رشيد 1986

30- رسول خورشيد رشيد 1987

31- حمەخان على عزيز 1943

32- هاشم حمەخان على 1970

33- عزيز حمەخان على 1973

34- ئومێد نورى سعيد 1985

35- عمر نورى سعيد 1987

36- سيروان خورشيد محمد 1985

37- مريوان خورشيد محمد 1987

38- ئارام كريم  حسين 1984

39- خليل احمد رشيد 1987

40- وهاب جوهر عزيز 1956

41- رێبوار وهاب جوهر 1986

42- احمد رشيد محمد 1954

43- ابراهيم احمد رشيد 1973

44- على حميد حيدر 1976

45- كوكريه رشيد محمد 1965

46- سويله على حيدر 1944

47- جيران حسين ولى 1978

48- پرشنگ حسين ولى 1982

49- احلام حسين ولى 1981

50- نازەنين محمد رشيد 1945

51- غزيمه مجيد حيدر 1967

52- سعديه مجيد حيدر 1972

53- حسيبه ولى حيدر 1950

54- شيماء خالد مجيد 1987

55- نجيبه كريم ولى 1982

56- وديعه كريم ولى 1983

57- رحمه قادر 1940

58-فكريه عزيز 1950

59- غزيمه ابراهيم حيته 1965

60- فاتمه خورشيد رشيد 1986

61- فاتمه حيدر عزيز 1920

62- ئامينه خورشيد رشيد 1974

63- شيرين مبارك حميد 1964

64- دلْشاد كريم حسين 1983

65- ئاوات كريم حسين 1986

66- نەورۆز حسين عزيز 1974

67- زبيدە حسين عزيز 1970

68- تليعە حسين عزيز 1971

69- بەيان حسين عزيز 1974

70- سنگينە خورشيد رشيد 1964

71- شكراو خورشيد رشيد 1973

72- اسمر خورشيد رشيد 1974

73- دلێر خورشيد رشيد 1976

74- گوهر خورشيد رشيد 1980

75- ئارەزو خورشيد رشيد 1981

76- صبريە رشيد محمد 1970

77- مريم حميد حيدر 1973

78- نعمت احمد محمد 1957

79- كويستان قادر رشيد 1984

80-ئامينە قادر رشيد 1987

81- مائيدە رشيد ابراهيم 1968

82- سميرە نوری سعيد 1985

83- اميرە نوری سعيد 1987

84- شيرين حمەجان حسن 1968

85- ئاوات فائق سعيد 1982

86- ئامانج فائق سعيد 1985

87- لعلی ستار جبار 1969

88- باشە خورشيد 1945

89- لاولاو حمەخان علی 1975

90- ئامينە رشيد محمد 1965

**ليستی شەهيدەكانی گوندی حەيدەرە سور**

| ناوی سيانی شەهيد | ساڵی لەدايك بوون |
|---|---|
| 1- كريم ولی حيدر | 1955 |
| 2- عبدالله ولی حيدر | 1969 |
| 3- محمد حسين ولی | 1970 |
| 4- صالح مجيد احمد | = = |
| 5- عدنان حمەخان علی | 1974 |
| 6- عبدالله سعيد اسماعيل | 1959 |
| 7- حيدر علی عزيز | 1967 |
| 8- غالب علی | = = |
| 9- عادل رشيد ابراهيم | = = |
| 10- نجم حمەخان علی | 1972 |
| 11- فيرۆز علی عزيز | 1960 |
| 12- رحمن سليمان علی | 1972 |
| 13- لميعە خالد مجيد | 1978 |
| 14- احمد محمد رشيد | 1945 |